# گزنگ

زانست
ئاشتی
ئاوەدانکردنەوە

سالی دووهەم/ژمارە ٩/ بایی: ١٠٠ تومەن



زستانی ٢٦٩٤/ی کوردی

# ناوەرۆك


| بابەت | نووسەر | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| دەسپێك | | ٥ |
| تورکیا... هەولێکی بێ دەرنجام | چارچەل | ٦ |
| ئازادی | هەژار سالح | ١١ |
| سەرنج بۆ کاربە دەستانیحزبیو.... | سەردار ئەحمەد | ١٥ |
| پیری سەوزی چەك چەکوو... | | ٢٠ |
| شەرە سەگ | سەردار ئەحمەد | ٢٦ |
| ئافرەتا پەنابەر ستوونا ژیانییە | رەفیق مستەفا | ٣١ |
| هەوال وچالاکی | | ٣٤ |
| هەلەبجە | | ٣٨ |
| بنەماڵە | سالح مەحموود | ٤٤ |
| قازانجەکانی براکوژی | | ٤٨ |
| ولامی نامەی خوینەران | | ٥٣ |
| بەرخکا کو بوویە گورگ | تاهر شورو | ٥٨ |
| دەمەتەقەی خیلو و گیلو | | ٦٢ |
| بوزاروکا | ریبوار | ٦٤ |
| کردی بنویسیم | ریبوار | ٦٨ |
| زاراوەکانی جوگرافیا... | فوئاد فەیلی | ٧٠ |

# گـزنـگ

گوڤاریکی وەرزییە، لقی ئاوارەی یـەکـیتی لاوانـی
دیموکراتی کوردستان ـ عیراق دەری دەکات

سەر نووسەر: سالح مەحموود (ڕێبوار)

زستانی ۲۶۹۴ کوردی / سالی دووهەم /ژمارە ۹

ڕووبەرگ: وینەی زەردوشت پیغەمبەر (د.خ)

پشت بەرگ: نـالین بـاکسـی: ئـافرەتی کـوردی
نوینەری پەرلەمانی سوئید

نیشانی: کرج ـ رسالت شرقی، خیابان مهرگان پلاك ۱۲۸

TEL. & FAX: 0261-20624

* گزنگ هیچ نووسراویك تەنانەت ئەگەر چـاپیش
نەکریت بو خاوەنەکەی ناگیرتەوە.

# دەسپێك

لە ژمارەی رابردووی گوڤارەکەمان هوشداری ئەوەمان دابوو کە ئەگەر بیتو لایەنیکی شەر لە کوردستان بیەوی هەولیری پیتەخت داگیر بکات ئەوە دەبیتە هوی دریژە کیشانی شەرو خەتەریکی گەورە بو سەر ئەزموونە ساوایەکەمان.

بە داخەوە ئەوەی لێی دەترساین روویداو لایەنیك هەولیری داگیر کردو کارەساتیکی تر بو ئەم گەلە هەژارە خولقاو جگە لەوەش لە پیتەختی حکوومەتی گەلیك، کە دروشمی یەکەم ئەزموونی دیموکراسی ناوچەی بەرز کرد بۆوە، روژنامە سووتینراو رادیوو تەلەڤزیون وەبەر توپو مووشەك دراو ماموستایانی زانکو رفیندران‌و بیریزییان لە گەل کراو زانکو و قوبخانەکان داخران‌و پارلەمان داگیر کراو هەزاران کردەوەی ناشرینتر کە لیرە جیگەی باسکردنیان نییە.

پرسیار لیرەیە کە ئەری دووای ئەو هەموو کردەوانە، ئەو جا چی؟ باشە دەتانەوێ چیبکەن؟

ئەگەر لە منالیکیش بپرسی کە ئاکامی شەر چییە؟ وڵامت دەداتەوە:

دووای کوشتن‌و مالویرانی ئەوجا ئاشتی.

جا کەوایە لە سەر چی ئەو خەلکە دەکوژری؟ لە سەر چی ئەو بیدادە دەکری؟!

ئەگەر کەسیك پێی کرابا پارتی‌و یەکیتی لە ناو ببات چما بەعسی لە ناوی نەدە بردن؟ جا ئەوانەی سەددام نەی توانی مەیدانیان پی چول بکات چون ئیستا کەوتوونەتە خەیالی لە ناو بردنی یەکتر؟!

ئەویش لە حالەتیك کە ئیستا لە کوردستان هەر کەس سەد چەکداری هەبی پاشا بە نوکەری خوی حیساب ناکاتو هەمووومان دەزانین هەر دوولا لە هەر حالەتیك چەند هەزار چەکداریان لە گەلە.

گرتنی هەولیر بو هەر لایەنیك تەنیا ئەوکاتە بە سوود دەبی کە بتوانی بو هەمیشە لایەنیتر لە ناو ببات، ئەوەش هەر وەکو بەر لەوە باسمان کرد مەحاڵەو بویەش دەلیین ئەم کردەوەیە هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە چونکە هەر لایەنیك داگیری بکات دووای ماوەیەك بگرو بکیش ناچار دەبی چولی بکاتەوە. جگە لەوە ریگەیەکی‌تر نییە.

ئەگەر لایەنیکیش مانەوەی ئەویتر لە هەولیر قبوول بکات گەل نای سەلمینی. چما خەلك ئەو هیندە شەهیدەیان داوە کە چارە نووسیان بکەویتە دەستی حکوومەتیکی نیزامی؟

حکوومەت تەنیا بە دوو شیوەی سەرەکی بە ریوە دەچی:

دیکتاتوری‌و دیموکراسی.

ئەگەر دیکتاتوری بێ ئەوە دیکتاتوری دیکتاتوران لە بەغدایەو کە هەلی بو برەخسی‌و پشتمان بەر بدری بو ئەو، هەولیر هەر ئەربیلی جارانە.

ئەگەر قەراریش بی حکوومەت دیموکراسی بی ئەوە ئاشکرایە کە پیویستە هەولیرو گشت شارەکان لە چەکدار چول بکرین‌و یاسا دەسەلاتدار بی‌و ریزی روانگەی گەل بگیری.

جا بەرەچاو کردنی ئەم راستییانە تەنیا دەتوانم بڵێم:

خوا برێك ئەقل بە شەرخوازان‌و بریك پارەش بە لقی ئاوارە ببەخشی، تا بەلکو گوڤاریکی ریکوپیکتر دەربکات ئیلاهی ئامین.

سەرنووسەر

# توركیا.... هەوڵێکی بێ دەرەنجام

چارچەل

ناوی تورك یەکەمجار لە کوتایی سەدەی شەشەمی زایینی کەوتە ناو زاران و زێدی ئەم نەتەوەیە ئەوها کە لە پەرتووکە میژووییەکان هاتووە ئاسیای ناوەندی بووە. لە ناوەراستی سەدەی حەفتەمی زایینی، تورکەکان بە رووهینان بە ئایینی محەممەد (د.خ) توانییان رولیکی گرنگ لە جیهانی ئیسلام بگیرن و هەر ئەوەش بووە هو کە دەسەلات بگرنە دەست و حوکمداری بنەمالەکانی غەزنەوی و سەلجووقی و خارەزم شاهی لە ئیران بەلگەی ئەم راستییەن.

فەرمانرەوایی سەلجووقییەکان بووە سونگەی ئەوە کە تورکەکان خویان بکیشنە ناوچەی ئەنەدۆڵ و میژوو بە دریژی باسی سەلاجەقەکانی ئەنەدول دەکات.

قەراڵستانی ئوسمانی (١٢٩٨-١٩٢٣) کە نزیکەی ٦٢٥ سال دەسەلاتداری بەشیکی زوری ئەم جیهانەی بە دەستەوە بوو لە لایەن ئوسمان کوری ئەرتوغرۆل لە تیرەی (قایی) سەر بە تورکەکانی سەلجووقی لە سالی ١٢٩٩ی زایینی وەکو ئیمارەتیکی بچووك دامەزراو پاشان بە هوی هەولەکانی غازی ئوورخان کوری ئوسمان پەرەی سەندو ئەم کابرایە تاکوتایی فەرمانرەوایی خوی لە سالی ١٣٦٠ی زایینی توانیی حکوومەتیکی بە هیز لە هەموو بواریکەوە بو کورەکەی مراد بەگ بە جی بیلی.

قەرالستانی ئوسمانی سەرەرای بگرو بکیش و شەر لە گەل ئەورووپی و رووس و ئیرانییەکان توانی زور زوو پەرە بە دەسەلاتی خۆی بدات و لە بەر ئەوەی بە ناوی ئایینی ئیسلام فەرمانرەوایان دە کرد، گەلانی تری موسولمانیش روویان تیکردو دەستی هاوکارییان بو دریژ کرد.

پەرە سەندنی لە رادەبەدەری ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی ئوسمانی لە لایەك و خو نە گونجاندنی حکوومەت لە گەل دوخی تازەو پاشکەوتن لە بواری زانستە جور بە جورەکانی پەیوەندیدار بە کارو باری بەریوە بردنی کومەل لە لایەکیتر بووە هو تائەم قەرالستانە گەورەیە لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەهەمی زایینی تووشی گیرو گرفتی جوراو جور ببی و هەستی ناسیونالیستی، هەندی لە ولاتانی ئەورووپیهان بدات داوای سەر بە خویی بکەن. یوونانییەکان بە سەرهەلدانی (١٨٢١-١٨٣٠) یەکەم گەلی ئەورووپی بوون کە خویان لە دەسەلاتی ئوسمانی رزگار کردو دووای ئەوە گەلانیتر ریگەی یوونانییەکانیان دریژە پیداو میسریش سەر بە خویی خوی راگەیاند.

شکستە یەك لە دوویەکەکانی سپای ئوسمانی لە

ئەورووپاو بەرەکانی تری شەر بووە هۆی ئەوە لە لایەك هەستی ناسیونالیستی لە ناو تورکەکان پەرە بگری‌و لە لایەکی‌تر گوشاری زیاتر بیتە سەر ئەو گەلانەی هیشتا هەر لە ژیر رکیفی دەسەلاتدارانی خەلیفە دا بوون کە یەکیك لەو گەلانەش گەلی کورد بوو.

سولتانی ئوسمانی بو قەرە بوو کردنەوەی شکستەکانی، داوای هاوکاری لە ئەمیرو بەگو پاشایەکانی کورد دەکردو ئەوانیش یا دەبا سەرپیچی‌یان کردبا کە ئەوە بەمانای راگەیاندنی سەر بە خویی بوو یا دەبا بە مال‌و گیان هاوکارییان کردباو تەنووری شەر بەو چەشنە سەرمایەیەکی زوری گیانی‌و مالی کوردی سووتاندو پاداشەکەش جگە لە کوژران‌و مالویرانی هیچیتر نە بوو.

ئەو کاتەی زورداری لە رادە بەدەرکەوت گەلی کورد ئیتر بیدەنگی شکاندو زنجیرە راپەرینەك لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئوسمانی بو وە دەست هینانی سەر بە خویی روویدا کە گرنگترینیان بریتین‌لە: شورشی بابان لە سالی ۱۸۰۶، شورشی میری کورە (۱۸۳۰-۱۸۳۷)، شورشی بەدرخان بەگ (۱۸۳۹-۱۸۴۸)، شورشی یەزدانشیر لە سالی ۱۸۵۵، شورشی شیخ عوبەیدوللا لە سالی ۱۸۸۰، شورشی دیرسیم، شورشی شیخ مەحموود لە مووسل‌و شورشی شیخ عەبدوسسەلام بارزانی کە بە داخەوە هەموویان سەرکوت کران‌و نەیانتوانی گەلی کورد لە ژیر چەپوکی ئوسمانی‌یەکان رزگار بکەن.

ئەو تورکانەی بە هوی شکستەکانی ئیمپراتورییەکەیان تووشی گریی دەروون هاتبوون بە دامەزراندنی هەندی بنکەو دارودەستەی تازە خەریك بوون تا کاریك بو زیندوو کردنەوەی شانازییەکانی پیشووی قەرالستانەکەیان ئەنجام بدەن، بەلام بەر لە وەی ئەم ئاواتەیان بیتە دی شەری جیهانی یەکەم دنیای گرتەوەو



ئاتاتورك

لە سالی ۱۸۸۰ لە دایك بووەو فەرماندەی هیزەکانی ئوسمانی لە شەر دژی ئیتالیاو ئنگلیزو رووسی کردووە، لە سالی ۱۹۲۳ بە رووخاندنی قەرالستانی ئوسمانی، بووە سەروك کوماری تورکیاو تا ۱۹۳۵ هەر ئەو ئەرکەی لە ئەستو بوو. لە سالی ۱۹۳۸ کوچی دوایی کرد.

ئوسمانییەکانیش پشتی ئالمانیان گرت‌و تیکەل بەشەرەکە بوون‌و کوتایی شەری جیهانی، کوتایی قەرالستانی ئوسمانیش، بە دووا دا هات‌و لە ئەنجامی دابەشکردنی ئەم ئیمپراتورییەتە چەند ولاتیکی‌تر سەریان هەلداکە یەکیك لەوانە حکوومەتی ئیستای تورکیا بوو.

تورکیا بە رووبەریکی ۷۸۰۵۸۲ کیلومەتری چوار گوشەو حەشامەتیکی شەست ملیون کەسی یەکیك لەو ولاتانەی روژ هەلاتی ناوە راستە کە هەرئیستا لە چەندین گرفتاری ئەنالینی. گیروگرفتی ئابووری وەکو لەنگی دراقنامە، بیکاری،دەینی دەولەت بە ریکخراوو حکوومەتەکانی بیگانەو بگرو بکیش لە گەل سووریاو عیراق لە سەر ئاوی رووباری فورات‌و گرفتی سیاسی لە وانەش مەسەلەی قبرس‌و لە

هەمووی گرنگتر کیشەی گەلی کورد کە بە ١٥ ملیون حەشامەت، ٢٣٠٠٠٠ کیلومەتری چوار گوشەی رووبەری ئەم ولاتەی بەخو وە گرتووە لە گرفتەکانی ئیستای حکوومەتی تورکیان کە ئیمە لیرە تەنیا باسی کیشەی کورد دەکەین.

کوردەکانی ژیر دەسەلاتی ئوسمانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هیواو ئومیدیکی زوریان بە بزاڤی نویخوازی لە تورکیا بە ریبەرایەتی مستەفاکەمال پاشا هەبوو، بەلام بە داخەوە ئاتاتورك بە لینەکانی لە مەر دامەزراندنی حکوومەتیکی دیموکراتی کە گشت نەتەوەو چینو تویژەکانی ناو پارچە پاشماوەکەی قەرالستانی ئوسمانی واتە تورکیای ئیستا بەجی نەگەیاندو ئەم مەبەستەش لە پەیمانی لوزان هاتە دیو بەم چەشنە ئاگری فیتنەیەکی هەلگیرساند کە تا ئیستاش هەر دوو گەلی کوردو تورکی تیا دە سووتینو لە ناو دەچن.

پیاو ماقوولانو سیاسەتوانانی کورد پاش ئەوەی پیحەسان زورشتیان لە کیس چووە کەوتنە خوسازدانو یەکەم راپەرین لە دژی زورداریو کەلەگایی ئاتاتورك بە ریبەرایەتی شیخ سەعیدی پیران لە سالی (١٩٢٥) روویداو بەدووای ئەویش شورشی ئارارات (١٩٢٨-١٩٣٢)و شورشی دیرسم (١٩٣٦-١٩٣٩)و چەندین بزاڤیتر سەریان هەلدا، بەلام هەموویان زور بیرەحمانە لە لایەن سپای تورکیا سەرکوتکرانو زەبرو زەنگ روژ لە دووای روژ پەرەی سەند.

پاش کوتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانی کە تورکیا بەشداری نەبوو بە هوی قوناغی شەری سارد لە نیوان هەردوو بلوك، لە لایەن ولاتانی دژی سوڤیەت گرنگی یەکی تایبەتی بە تورکیا دراو ئەم ولاتە بووە پیگەیەکی زور بە نرخی ولاتانی پەیمانی ناتو بە تایبەت ئامریکاو چەندین ناوەندی جاسووسیو پیگەی مووشەك هاویژی لی دامەزرا. سپای تورکیا بو ولام دانەوەی هەرچەشنە جموو جولی کومونیستەکانی دراوسیو کونترول کردنی بازگە ئاوی یەکانی داردانیلو بوسفور کە لەمپەری ریگە ئاوی یەکانی سوڤیەت بو دەریاکانی ئازاد بوون روژ لە دووای روژ بە هیزتر کرا. دیارە ئەم دیار دەیەش زیانیکی زوری بە بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد لە تورکیا گەیاند. سپای تورکیا سەرەرای ئەوە کە هەرچەشنە سەر هەلدانیکی بەلایەنگری بو سوڤیەت لە قەلەم دە داو خوی پیٚ شیرین دە کرد هیزو شیانی خوی لە بەریوە بردنی کوودەتای سەربازیو هیرشی درندانە لە دژی کورد پیشان دەداو تاقی دە کردەوە. لە لایەکیتریش بەرژەوەندییەکانی حکوومەتە روژ ئاوایی یەکان نەی دەهیشت ئەوان گویٚ لە داواکانی کورد بگرنو بویەش گشت ریکخراوە مروڤدوستو خیر خوازەکان چاویان لە ئاست کردەوە دژی ئینسانییەکانی سپای تورك دە قووچاند.

ناسیونال سووسیالیسمەکانی تورك لە میژە بوو دروشمی (پان توورانیسم)یان بەرز کرد بوّوەو لە بەر ئەوە کە هەر دوو نەتەوەی کوردو ئەرمەنی لەمپەری بەدیهاتنی ئەم ئاواتەیان بوون بریاریاندا هەردووکیان لە ناوبەرن. بەپیی گەلالەی ئەوان ئەرمەنییەکان بە هوی جیاوازی ئایین دەبا لە ناوچە راونرابانو گەلی کوردی هاوئایینیش دەبا بە هەر شیوەیەك با لە ناو نەتەوەی تورك تواباوە تا بەم چەشنە توورانی گەورە لە یەکگرتنەوەی تورکیاو ئازەربایجانو ئوزبەکستانو تورکەمەنستانو قرقیزستان تا سنووری چین پیك بهاتباو بە داخەوە ئاتاتوركو جیگرەکانی هەموو هەولو کوششی خویان بو بەئامانج گەیاندنی ئەم خەونە خستە گەر. هەر لە سالی ١٩٢٤ واتە دووای رووخانی قەرالستانی ئوسمانیو راگەیاندنی کوماریتی قسە کردن بە زمانی کوردی یاساغ کراو گەلی کورد کەوتە بەر شالاوی

کــوشتنو بــرینو دوور خســتنەوەو بــە زور کــوچ پیکردنومستەفا کەمال نکولی لە بوونی نـەتەوەی کورد لە تورکیا کردو ناوی تورکی کیوی لە سەر دانان.

دووا بە دووای رووخانی سوفیەتی پـیشوو تـەواو بوونی شەری سارد ژمارەیەکـی زور لە حکـوومەتە دیکتاتورەکانی جیهان هەرەسیان هیناو ناچار بوون سەر بو داخوازەکانی گەلەکانیان دانەوینن بـویەش چاوە روان دەکرا کە مالیستەکانی تورکیاش پەند لەم رووداوانە وەرگرنو سەر بو داوایە رەواکانی گەلی کورد لە ولاتــەکــەیان دانــەوینن. کـەچی بـە داخـەوە دەسەلاتدارانی ئانکارا هـەروا خـەریکن مـەشکەی رزیوو لە کار کەوتەی پیشوویان دە هەژینو دیـارە نایانەوی سەر بو راستیی گورانکارییەکـانی جـیهان دانەوینن. هەر بـویەشە هـەروەکـو چـون لە سـالی ١٩٧٤ هیرشی سێ هەزار کـەسییان بـردە قـبرس، وائیستاش پـەلاماری کـوردستانی عـیراق دەدەنو دەیانەوی گیرو گرفتی ناوخویی لە دەرەوە چارە سەر بکەن.!

هیرشی حکوومەتی تورکیا بو کوردستانی عیراق بە هەربیانوویەك ئەنجام درابی دیسان هەر بەلگەی ئەوراستییە لە میژینەیە کە گـەل بـە زەبـرو زەنگـو زورداری لە ناو ناچیو چاوەروان دەکرا حکـوومەتی تورکیا کە لە ١٩٢٤ تا ئیستا کە ١٩٩٥/ە خـەریکی قەلاچو کـردنی کـوردە لە خـەلکانیتر چـاکـتر لەم قسەیە حـالی بـاو قـبوولی بکـردبا. بـەلام وادیـارە هەستی ناسیونال سووسیالیستی سـیاسەتوانـان لە لایەكو پیداگـری فـەرماندەرانـی سـپا بـوئیسباتی پیویستیو گرنگی خویان لە لایەکیتر بووەتە هوی ئەنجامدانـی ئـەم کـردەوە سـەر تـا پـا هـەلەو بـی دەرەنجامە. ئەگەر خومان لە شوینی فەرماندەرانـی سپای تورکیا دابنیین کـە تـا دویـنی چـەند لە لای ولاتانی روژ ئاوایی ئازیز بوونو لە سـایەی سـەری مۆتەکەی کۆمۆنیزم چون دەری کـیسەیان بـو شـل



تانسو چیلیر

لە سالی ١٩٤٦ لە ئەستەنبول هاتووەتە دنیا. رادەی خویندەواری پروفیسوری ئابووریەو لە سالی ١٩٩٠ خوی تیکەلی سیاسەت کردو لە ماوەی کمتر لە سی سال گەیشتە پلەی سەروك وەزیری. چیلیر شووی کردووەو خاوەنی دوومندالەو جگە لە تورکی شارەزای زمانەکانی ئنگلیزیو ئالمانییە.

دەکراو هەرچی بیان خواستبا دەیان کرد، ئەوجا بومان روون دە بیتەوە کە بو ئەم جەنابانە هەرگاو خەریکن موتەکەیەکی تر لە کورد بسازینن تا بەلایەنی کم خەلکانی خویان پی بترسینن و گرنگی بوون و مانەوەی خویانی پی بچەسپینن.! دەنا ئەگەر سوڤیەت نەبی و کورد نەبی مانەوەی پلەو پایەی ئەوانیش دەکەویتە بەر پرسیارو مەترسی زورەوە.!

هەروەها بە رەچاو کردنی ئەم سیاسەتە کونە کە بو شاردنەوەی گیرو گرفتی بنچینەیی و رووخینەر باشترە هزری خەلك بو لای کیشەیەکی دەستە دووهەم رابکیشری، بومان دەردەکەوی کە بو سیاسەتوانانی تورکیا هەول دەدەن هزری خەلك لە ناو خوی ولات بو ئەولای سنوور رابکیشن.؟!

راستی ئەوەیە کە ریکخستنی نویی جیهانی و رەوتی سیاسەتی ئیستا لە هەموو بواریکەوە بە زیانی تورکیایەو ئەو هەموو پەلەقاژەیەش تەنیا بو ئەوەیە تا بەلکو قوتابیانی ئاتاتورك بتوانن ئەمجارەش لەم دوخە خویان قوتار بکەن. بەلام بروا ناکەم ئەوان بە خوشیان زور دلیان بەم پەلەقاژەیە خوشبی.!

گەلی کورد لە تورکیا تا ئیستا سەرەرای هەموو سەرهەلدان و راپەرینەکانی نەی توانیوە حکوومەت بە چوکدابینی، بەلام ئەوەیان پی کراوە کە بە هەرشیوەیەك بووبی خویان لە توانەوە بپاریزن و ئیستاش پیشکەوتنی هەمەلایەنەی دامودەزگای راگەیاندن و رەوتی نویی سیاسەتی جیهانی بووەتە چەکیکی کارتیکەرو بەکەلك کە دەتوانی تورکەکان بخاتە گوشاریکی یەکجار زورەوە. بویەش کیشەی کورد وا خەریکە سنووری ناوچەیی دەبری و دەبیتە کیشەیەکی جیهانی و گەلانی سەربەستی خوازو لایەنگری ئازادی پشتیوانیی لی دەکەن. هەموو شاهدین چون ولاتانی تر ئیخەی تورکەکان دەگرن و گوشاریان بو دینن کە سەر بو داوایە بە جی یەکانی گەلی کورد دانەوینن. تا ئەو رادەیەی کە بەرژەوەندیە بنچینەیی یەکانی ئانکارا وەکو قبوول کردنی ئەندامەتی تورکیا لە بازاری هاوبەشی ئەورووپی و هاوکارییەکانی تری مالی دەولەتان وا دەکەویتە گرەوی سەلماندنی مافە رەوایەکانی کورد.!

جیهان چاك دەزانی کە سەرهەلدانی کوردەکانی تورکیا بزاڤیکی ساکارو حیساب نەکراو یا لە دەرەوە دنەدراو نییە بەلکو دەنگی زور لیکراوی گەلیکی ژیر دەستە کە سالهای سالە مافی پیشیل کراوە، سەرکوت کراوەو بە هەزاران رولەی قارەمانی لی رفیندراوەو شەهیدو بی سەرو شوین کراوە. وا هەموو خەلك دەزانن کە سەرچاوەی سەر هەلدانی کوردستانی تورکیا کووچەو کولانی شارە پاشکەوتوو راگیراوەکانی کوردنشینەو ئەوانەی ئیستا چەك لە شان بەدژ حکوومەتی ناوەندی راوەستاون هەر ئەو کورو کچە کوردانەن کە بە دەیان سال بە کوردی قسە کردنیان لی یاساغ کراوەو وانەی (من تورکم)یان بو وتراوە.

راستە دەسەلاتدارانی پایەبەرزی سپای تورکیا قەت نایانەوی روژە خوشەکانی پیشوویان لە کیس بچی و بویەش هەرکاتەو لە شوینیك فسفس پالەوانییەك دەنوینن تا بەلکو کیسەی خەزینەیان هەروەکو جاران بوشل بکری و بویەش لە خوایان دەوی شالاوی سەربازی ببەنە شوینیکی وەکو کوردستانی عیراق و دەهول و زورنای سەرکەوتنیان بکوتن و بە خویان ببرن و بە خویان بی دروونەوە، بەلام ئایا دیمیرێلی نوهەم سەروك کومارو تانسوچیلێری بیستو یەکەمین سەروك وەزیریش هەر هیندە لە جیهان تیدەگەن؟!

زور سەیرە کە لەوکاتەی ژمارەیەکی زور لە خەلکانی ناوداری تورك و کورد پشتیوانی داوایەکانی گەلی کورد لە تورکیا دەکەن و هەرئیستا چەندین کەسایەتی تەنانەت تورکیش بە هوی ئەم داوایە تووشی کوت و بەند هاتوون و هەر بەو حالەش

رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنیەکانی جیهانی هەموو رۆژێك لە سەر زۆرداری رژێمی تورکیا دەرهەق بە کورد دەنووسن، لە حالێك کە ئیستا بە هوی دامو دەزگای راگەیاندن باسی کیشەی کورد لە هەر مالیکی کوردو تورك باسی رۆژە، تانسوچیلیر دەیەوی بە هیرشیکی بەر فراوان بو ناو خاکی ولاتیکیتر کیشەی کوردی تورکیا چارە سەر بکات! من قەت بروا ناکەم سەروك وەزیری تورك هیندە ساویلکە بی کە خوی ئەم قسەیە باوەر بکات. چونکە ئەو چاك دەزانی کە گرفتی کوردی تورکیا نەك لە زاخو بەلکو لە ئانکاراوە سەرچاوە دەگری‌و ئەم چەشنە کردەوە بی دەرەنجامانە تەنیا بە زیانی خۆی تەواو دەبیت.

ئایا چیلیر نازانی ئیتر دەورانی پالەوانبازی‌و داگیرکاری بە سەر چووەو کات کاتی دەسەلاتداری گەلانە؟ ئەی بو خۆی لیٚ گێل دەکات؟

تەنیا ولام بو ئەم پرسیارە ئەوەیە کە تورکیا تووشی گرفتی زور گەورەتر لە وەی دیتە بەرچاو هاتووەو چیلیر ئیستا خەریکە بیری خەلك بە هوی ئەم پەلامارە بی ئاکامە لەو گرفتانە دوور دەکاتەوە، بەلام دەترسیم ئەو خاتوونە شوخو شەنگە دڵرەقە، رۆژێك لە جیاتی چاك کردنی برۆیەکانی چاوە جوانەکانیشی لە سەر دابنیت‌و ئا ئەو کاتەیە کە پەشیمانی‌و بە چوکدادان هیچ سوودیکی نابیٚ □

# ئـــازادی

هەژار سالح

ساکارو ریك‌وپیك‌و خنجیلانە، هەست بزوێن‌و پیروز، وشەیەکی کورت کەتەنیا لە شەش پیت پیٚکهاتووە. هەر ئەو پیتانەی زمانی خەلکی رەش‌وروتی لی سازراوەو ئیمەش بەلیکدانەوەی جوراوجور دەستە واژەی جوراوجوری پی ئەنووسین. کورت‌و کرمانجی ئـــازادی!!

بەلی ئازادی! کە بە زوبان هینانی ئازاد، بەلام داوا کردنی دژوارو پر لە مەترسی‌و کارپیکردنی سەدقات دژوارترە.

ئاواتیکی لە میژینەی مروڤ کە کمتر کەسیك تا ئیستا دانی بە لە باوەش گرتنی هیناوە!

بە هوی پیروزی‌و سەروەری ئەم وشە شەش پیتە، زانایان‌و ناودارانی کومەلگای مروڤایەتی لیی دوواون‌و یەکیك لە وانە ژان ژاك رۆسۆی نووسەری (پەیماننامەی کومەلایەتی)یە کە دەلی:

(ئەی ئازادیی لە خوبایی‌و ساخ، ئەگەر ئەم خەلکە بیچارەیە دەیان توانی بتناسن، ئەگەر دەیان زانی بە چ نرخیك دەبی وەدەستت بینن‌و رات بگرن، ئەگەر هەستیان دەکرد کە یا سایەکانی تو چەند دژوارو توندتر لە کوت‌وزنجیری زوردارانە، روحی لاوازیان کە کوێلەی هەستی پەست‌و ناشرینە، سەدجار زیاتر لە تو دە ترسا تا لە کویلەیی. ئەوان تویان وە کو قورساییەکی گران کە ئامادەی وردو

هەراش کردنیانە دەزانـیو بـە تـۆقیانەوە لە بـەرت هەلدەهاتن).

پیویست بە باسکردن نییە کە جیهان تا ئـیستا چـەند شـەرو بگـروبکیشو کـوشتو کـوشتارو دەربەدەریو مالویرانی لە سەر ئەم وشەیە، لە سەر ئەم (ئازادی)یە بە خـو وە دیـوە. بـاشە هـەق نـییە بپرسین بو؟ چما ئەم وشە جـادووییە چـییە کـە داوا کردنی هیندە پر لە دەردەسەرییە؟ با پرسیاریکیتر لە خومان بکەین، ئەری (ئـازادی) یـانـی چـی؟!

پرسیاریکی سەیرە، وەنییە؟

ئیمە روژانە بە مەبەستی جوراوجور ئەم وشـەیە بە کاردینین. بەلام ئەگەر بیتو لە کەسیك پرسیاری مانای (ئازادی) بکەین رەنگە هەر بە چاویکی

سووك سەیرمان بکات یا بـە گـالتە پـیکردنی تـی بگات.

سەرەرای ئەوە من بەر لە نووسینی ئـەم وتـارە بـریارم دا خـوم لە نـاو هـەڤالانی دەوروبـەر تـاقی بکـەمەوە. بـو یـەش روژیك داوام لیکـردن مـانای (ئازادی)م بو بلین.

هەندیك سەرەتا بە گالتە پرسیارەکەی مـنیان وەرگـرت، هـەندیکیتریش بـە شـیوەی خـوارەوە ولامـیان دامـەوە. جگـە لە چـەندیکیش کـە هـیچ ولامیکیان نە بوو.

ئەری هەڤال ئـازادی یـانی چـی؟

ــ ئازادی یانی حوکمەکی عادل.

ــ ژیان یانی ئازادیو هیچیتر.

ــ ئـازادی: سـەر بـەستیو رزگـاری لە بـەندەییو دیکتاتورییەت لە هەموو بوارەکانیدا.

ــ ئازادی ئەڤە کو مروڤ د وەلاتـی خـودا سـەربلند بژیت.

مەبەستمان لە پرسیارەکە زانینی مانای ئازادی بوو. بەلام هەر واکە دەبینن ولامەکانی سەرەوە نەك مانای ئازادی ناگەیینن بەلکو بە خویان پیویستیان بە مانا کردن هەیە. لە ولامەکانی سەرەوە وشەگەلی (حـوکمی عـادل، سـەربەستی، رزگـاری، بـەندەیی، دیکتاتورییەت، سـەربلندی) هـەموویان پـیشەکـی دەبی مانا بکرین تا بتوانن مەبەستی بیژەر لە مانای ئازادی بگەیینن.



ــ ئازادی لدەف من ئەوە کو وەختی تو بیژیە مـن دیرەکی لسەر ئازادیی بنفیسە ئەز نەنفیسم.

ــ ئازادی ئەوەیە کە، کەس حوکم لە من نەکات.

ــ ئازادی یانی هەرکەس بکەیفا خو بیت.

مەبەستی ولامەکانی سەرەوە ئەوەیە کە ئازادی یانی مروڤ بە بی بکەونەکەی کەسیکی‌تر ژیـانی خوی بباتە سەر یا هەرواکە یەکیکیان دەلی: ئازادی یانی هەر کەس بکەیفا خو بیت.

ئەم پیناسەیە شـتیکی تـازە نـییەو هـەندی لە فیلسووفو ناودارانی جیهانیش مانایەکی ئـەوتویان لە ئازادی کردووە.

جان لاك دەلی: (ئازادی ئەو هیزەیە کە مروڤ بو ئەنجامدان یـا خـو دوور کـردنەوە لە کـردەوەیەکـی تایبەتی هەیەتی.)

رەخنەی سەرەکی کە لەم پـیناسەیە دەگـیری ئەوەیە کە ئەگەر مانای ئازادی ئەوە بی هەر کەس بەدلی خوی بی ئەوجا مروڤی ئەم سەردەمە چون دە توانی بە ئازادی بژی.

من گەلیك یـاساوریسای ئـەمروی کـومەلگای مروڤایەتیم بە دل نییە، نامەوی لە ناوەندی شەقامی شار بە فەرمانی چرای سوور ماشینەکەم راگرم، پیم خوشە بە نیوەی شەو بیمە ناو کولانو قـیر بکـەمە گورانیو هەلپەرمو بـەیانیش نـەچمە سـەر ئـیشو زوریشم پـیخوشە هـەموو سـەرە مـانگ لە جـیاتی ئەوەی نە چوومەتە سەر کارم دوو مـووچە وەرگـرم. بـەلام ئـایا کـومەلگای مـروڤایەتی ئـەوها بـەریوە دەچی؟

ولام روونو ئاشکرایـە. کـە وایـە ئـەی بـو ئـەو (ئـازادی)یـە، کـە دەبـیتە هـوی شـلەژانـی ژیـانو کـومەلگای مـروڤایەتی دەبـی هـیندەلایەنگری هەبی؟! بو دەبی هیندە خوشو بەتام بی کە خەلك گـــیانی خـــویان بـــو وەدەست هـــینانی بـــخەنە مەترسییەوە؟! ئـەری بـو، مـروڤ لە لایـەك داوای ئـــازادی دەکـات، لە لایـەکـی‌تریشەوە بـە دانـانی یاساوریسای جوراوجور بەر لە ئازادی خوی دەگری؟ ئەگەر ژیانی ئیستای مروڤ لە گەل ئـەم ئـازادیـیە ناگونجی ئەی بو داوای دەکات؟!

من لیرە ناچارم ئەم مـانایە بـخەمە لایـیکەوە. چونکە دیـارە ولام راستو دروست نـییە. کـە وایـە بادریژە بە پرسینەکەمان بدەین:

ــ ئازادی یانی بیترس رادەربرین.

ــ ئازادی واتـە دەربـرینی بـیترسی راو کـردەوە بـە مەرجی زیان بەهیچ کەس نەگەیینی.

ــ ئازادی یانی مـروڤ لە هـەموو بـواریکـی ژیـان تووشی هیچ لەمپەریك نەبی بەو مەرجەی کردەوەکە دژی نەریتی شوینەکە نەبی.

ئـەم مـانایەش لە لایـەن هـەندی لەزانـایانی ناوداری جیهانی لە وشەی ئازادی کراوە.

کانت دەلی: (ئازادی بریتییە لە سەربەخویی لە هەر شتیك جگە لە تەنیا یاسای ئەخلاقی.)

دیارە لەم مانایە رەچاوی گیروگرفتی سەرەوەی کە لە هەلسەنگاندنی ولامی پیشوو تووشی هـاتین کراوە بویە سنووریکی بو ئازادی تاك داناوە. ئەویش ئەم مەرجەیە کە (زیان بە کەسیکی‌تر نەگەیینی) یا (دژی نەریتی شوینەکە نەبی).

دیـــارە ئـــەم ولامـــەش نـاتوانـــی مـانای راستودروستی ئـازادی دەربـبری. ئـەویش لە بـەر ئەوەی کە سنوورەکە شتیکی دیارکراو نییە. مـروڤ هەرچی پیش دەکەوی ئیشو کارو مـالو سـامانی زیاتر دەبی. گورە پانیکی فـراوانـتری بـو خـولانەوە پیویستەو گشت ئەم گورە پـانەش هـیمای ئـازادی ئەوە. واتە ئەگەر کەسیك گوشەیەکی ئەم گورە پانە (هەرچەند پانو بەرین بی) داگیر بکات ئەوە زیانی پی گەیاندووە. بەوتەیەکی‌تر بـازنەی بـەرژەوەندی تاکی لە ژیانی پیشکەوتووی ئیستا هیندە بەرفراوانە کە ناکری سنووری بو دابندری.

من ئـازادم کـە لە گـوندەکـەی خـوم دوکـانیك بکەمەوە بەلام ئەم کارەم زیان بە دوکانداری پیشوو دەگەیینی. رەنگە بوتری دوکان دامەنی تا دوکانداری پیشوو تووشی زیان نەبی. بەلام لیرە چارەی خەلکی

گوندەکە چییە کە بەم چەشنە ناچار دەبن بیانەوی‌و نەیانەوی هەر لە دوکانداریك شت بکرن؟ خو لەئازادی نابی ناچاری هەبی. بی‌مانایە بەکەسیك بلیی تو ئازادی کە بتەوی‌ونەتەوی فلانە کارە بکەی.!

لە لایەکی‌ترەوە ئازادی بەو مەرجەی سنووری ئاکاری‌و نەریتی نەشکیندری ناتوانی مانای ئازادی بداتەوە. چونکە لە زوربەی شوینا، خەلك رزگار بوون لە بەندی نەریت‌و ئاکار بە ئازادی دەزانن‌و داوای دەکەن.

بو وینە ئیمە زور داب‌ونەریتی پاشکەوتوومان لە ناو کومەلی کوردەواری وەبەر چاو دەکەوی کە هەول دە دەین خومانی لی ئازاد کەین. جا ئەگەر شوورەی داب‌ونەریت‌و ئاکار بەروکمان لی بگری‌و نەییلی‌و تەنانەت خومان لە پیناسە کردنی ئازادی، ئەم پەرژینە پتەوتر کەین چون دە توانین بلیین کە ئازادین؟ جا کەوایە ئەی ئازادی یانی چی؟

(مووریس کرەنستون) یەکی لە زانایانی ناوداری ئنگلیزی لەو بروایە دایە کە وشەی ئازادی بە بی دیارکردنی کوت‌وبەند وشەیەکی بی مانایەو دەلی:

(کوت‌وبەند دژی داخوازەکانی ئیمەن، ئازادی، دژی کوت‌وبەندە. یەکیك لە هویەکانی خوشەویستی ئازادی ئەوەیەکە کوت‌وبەندمان خوش ناوی) هەروەها دەلی:

(لەوە بی ماناتر نییە کە کەسیك بلی ئازادەو نەزانی لە چی).

ئەگەر لە روانگەی (مووریس کرەنستون) سەیری ئازادی بکەین ئەو جا دەبی بلیین کە هەر کەس داوای ئازادی بکات دەبی ئەوەش دیار بکات کە ئازادی لە چی؟

لە گورەپانی رامیاری لە بەر ئەوەی ئەگەروهوی لە ناوبەری ئازادی دیارە، مانای ئەم وشەیەش تارادەیەك روونترە.

کاتیك کورد باسی ئازادی دەکات. ئاشکرایە کە مەبەستی رزگاری نیشتمانەکەیەتی. ئازادی لە روانگەی کورد بەر لە هەمووشتیك سەربەستی نەتەوەیی دەگەیینی. ئەگەر حزبیکی کوردستانی بلی من داوای ئازادی کورد دەکەم ئیتر مەبەستەکەی دیارەو پیویست بەوە ناکات وشەی ئازادی شی بکاتەوە. چونکە لیرە بەندوکوت کە دژی ئازادییە واتە ئەگەری لە ناوبەری ئازادی داگیرکەری نیشتمانی کوردەو ناسراوە.

هەر ئەم وشەیە ئەگەر لە لایەن کەسیکی کوویتی بوتری ئەوە مانایەکی‌تر دە داتەوە چونکە کوویت ولاتیکە، سەربەخویە، داگیر نەکراوە. بویەش لیرە دەسەلاتی ولات بە (بەند) دیار دەکری‌و بیسەر راستەوخو پیدەحەسی کە ئەو کەسە داوای هەندی مافی باژیروانی لە حکوومەتەکەی دەکات.

کە وایە دەتوانین بلیین مانای وشەی ئازادی پەیوەندی بە شوینکات‌و قوناغی جوراوجوری ژیانەوە هەیە. ئەو (ئازادی)یەی بەر لە راپەرین لە کوردستانی عیراق باسی لی دەکرا لە گەل ئەو (ئازادی)یەی ئیستا لە کوردستان باسی لی دەکری جیاوازە. چونکە ئەگەرەکان جیاوازن. بەر لە راپەرین ئازادی بە مانای رزگاری لە دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی بوو، رزگاری لە ژیر دەسەلاتی داگیرکەر بوو، ئیستا ئازادی بە مانای رەچاوکردنی مافی باژیروانی لە دەسەلاتیکی خویی‌یە بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە: کوت‌وبەند هوی نە بوونی ئازادین جا ئەم (بەندە) حکوومەتی بەغدابی یا حکوومەتی هەریم یا حزبەکان. (بەند) هەر (بەند)ە با رەنگیشی گورا بی.

لە کوتایی ئەم وتە بە نرخەی (مێهاتما گاندی)ش دەگیرمەوە کە دەلی:

(من بە تەواوی لەم بروایەدام کە ئەو ئازادییەی لە ریگەی خوین‌رشتن‌و فریودان بیتە دەست ئازادی نییە) □

# سەرنج بو کاربەدەستانی حزبی و حکوومەتی

سەردار ئەحمەد

هەر نەتەوەیەك بو پیشكەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی پیویستی بە هاوبیری بەر فراوان و هەمە لایەنە هەیە، هاوبیری یەکەمین بەردی بناغە بو سەرکەوتن لە هەموو کاریك بە تایبەت کاروباری کومەلایەتییە، میژوو پیشانی داوە هەر کاتی ئەم هاوبیرییە لە لای کەسانیك بو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تایبەتی تیرو توانجی تی گیرا بی هەرەشە لە داهاتووی ئەو گەل و نیشتمانە کراوە. ئەگەر شیواندنی لە یەك گەیشتنی گشتی بە هوی مشەویستی و خوپەرستی دەستەو تاقمەکان دریژە بکیشی ئەوە نەك تەنیا هیوای پیشكەوتن نامینی بەلکو بگرە ئەوگەلە بو قوناغیکی پاشکەوتووتر پاشە کشە دەکات.

ئەگەر بیتهوڤن ناوی ناپلئون بناپارتی لە سەر سەمفونیای ژمارە پینجی خوی لابرد، لە بەر ئەوە بوو کە ناپلئون دەستی بە سەر هەموو دەستکەوتەکانی شورشی فەرانسە داگرت و جل و بەرگی دیکتاتوریەتی دە بەر کوماریتی کرد، بە خوینی گەرمی شورشگیران کە لە پیناو ئازادی گەل و بو ئامانجە پیروزەکانی نەتەوی بەخت کرا بوو پەیکەرەی مەبەستەکانی تایبەتی خوی دارشت و هەم دیسان گەرایەوە قوناغی جاران و بە تاج لە سەر دانانەکەی هەموو دەستکەوتەکانی شورشی پیشیل کردو سالها خەباتی مروڤە دلسوزەکانی بو رووخاندنی رژیمی پاشایەتی بە فیرو دا. بە واتاییکی تر، کەر هەر کەری جاران بوو تەنیا پالانەکەی گورا بوو.

بی شکوگومان هەر شورشیك کە بەرهەمی بە تیکرایی بو گەل نەگەریتەوە تووشی گیرو گرفت و بگرە شکستیش دیت، چونکە پالپشتی هەموو سەر هەلدان و بزووتنەوەیەك گەلەو ئەگەر گەلیش لە بەرهەمی شورش بیبەهرە بیت ئەوە دیارە شورش لە ریگای راستەقینەی خوی لای داوە.

لە هەر گوشەی ئەم جیهانە جەورو ستەم خەلکانی هانداوە بو ئەوەی راپەرن و پاریزگاری لە مافەکانیان بکەن و دژی ئەو دیاردەیانە راوەستن کە هەرەشە لە داهاتوویان دەکات و دەبنە لەمپەری نیوان ئەوان و داخوازەکانیان. بویە هەر گەلیك هەول دەدا بە هەزاران رولەی ئازاو روشنبیرو لیهاتوو لە هەموو بواریکەوە پی بگەیینی بو ئەوەی لە روژی تەنگانە دا بە گژ ناکوکیەکاندا بچن. بەلام ئایا رەوایە بە هەزاران رولەی فیداکار لە پیناوی پاراستنی مافی گەل تووشی هەموو نەخوشی و ئیش و ئازار بین و لە دووای سەرکەوتنی شورش تەنیا کەسانیك کە بە

● ئایا رەوایە بە هەزاران رولەی فیداکار لە پیناوی پاراستنی مافی گەل تووشی هەموو نەخوشی و ئیش و ئازار بین و لە دووای سەرکەوتنی شورش تەنیا کەسانیك کە بە نرخی روژ نان دەخون لە بەرهەمو دەستکەوتەکانی بەهرەمەند بن؟

نرخی روژ نان دەخون لە بەرهەمو دەستکەوتەکانی بەهرەمەند بن؟

ئەو نەبەزانەی کە رووباری گیرو گرفتەکانیان لە ناسکترین دوخ سەراو ژور بریوە تا لە ریزی خزمەتگوزارانی گەل راوەستنو هەر دەم هەولو کوششیان بو ئەم مەبەستە بووە کە لە ئاستی بەرپرسیاری باری گرانی شورشگیرانەیان بن کە دژوارییەکەی لە هیچ کەس شاراوە نییەو هەر سات مروڤی خەباتگیر تووشی هەموو جورە نەخوشیو سووکایەتیو تەنانەت کوشتن دەبیت، ئایا ئینسافو دادگەرییە لە کوتایی شورشیکی خوینین کەسانیك هەستنو چاو لەو هەموو گیانبازیو خوماندووکەرییە بقووچینو بەرهەمەکانی سالهای سال خەباتو تیکوشانی بیوچان تەنیا بو خویانو تاقمەکەیان داگیر بکەن؟

لە راستیدا هیچ بزووتنەوەیەك بە ئەندازەی ئەو بزووتنەوەیە مایەی نائومیدیو بیبروایی نییەو مروڤ لە هەستو نەستی مروڤایەتی رووت ناکاتەوە کە دەستکەوتەکانی تەنیا ببنە گوپالی دەستی کەسانیکی قامك هەژمیر. ئەگەر بیتو هەندی کەس دەسترەنجی گەل بە مەبەستی نەوازشت کردنی «گریّ دەروونەکانیان» پاوان کەن، هەستیکی وا مروڤ دادەگری کە هەموو ئەو شتانەی لە لای پیروز بوونەو روژیك بە بروا و ئیمانەوە خەباتی لە پیناو دەکردن بە خەونیکی پووچەل نە هیچیتر دادەنیو مروڤ ئەو بیرە ناخوشەی بە میشك دا دیت کە وەك ئەو کابرایەی کە دووای هەفت سال روژوو گرتن ئاخیر روژووەکەی بە پیسایەتی کردەوە بە سەری هاتووەو تووشی سەرسامو واق ورمانی دەکات. مروڤ کە لە خویو رابردووی ورد دەبیتەوە بیهیزیو بیریزیەکی بیسنوور لە دەروونی پەنگ دەخوات، ئەو شکوگومانەی لی دەبیتە باوەرو سوورسوور وەرەی دەروخینی کە بە روژی رووناك سەرەرای هەموو پاکیو ڕووراستی فریو دراوە، هەر بویەش دوور نییە بگەریتەوەو نفرین لەو ریگایە بکات کە تا دوینی بیئەندازە لە لای پیروز بووەو تا ئیستاش بونی خوینی لی هەلدەستی.

بەر لە شورشی ١٧٧٦ی بریتانیا میژوو نووسیك وا دەلیت: کە لە هەر گوشەی ئەم ولاتە قەسری دەرەبەگیك سەری هەلداوە، هەموو کەلوپەلو پیویستیەکانی خوشگوزەرانی فراوانن تەنیا بو یەك میوانی ئەوەندە پارە سەرف دەکری کە بەو پارەیە ئەشی ولامی نیازەکانی خەلکی چەندگوند بدریتەوە. هەر دەرەبەگیك بە هەشتیکی بچووکی تایبەت بە خوی هەیە، لە حالیکدا کە زوربەی خەلك ئاتاجی نانی شەون ئەوان سەری پر فیزیان لە ناو نازو نەعمەتیکی لە رادە بە دەر سور ماوە.

لە لاییك کەسانیکی زور بوون کە بو پاراستنو سەربەرزی نیشتمان لە هیچ فیداکارییك دریخیان نە دەکرد، لە کاتی پیویستیش ئامادە بوون گیان لە سەر لەپی دەست بەرهەنگاری هەموو دوژمنیك بینەوە، لە لای تر دەستەییکی کەم بوون کە تەنیا هونەرو زانستیان هەرزەکاریو یاری کردن بە کەسایەتی نەتەوایەتی بوو. سەرئەنجام ئەو کەسە زورو بی قیمەتانە بە دروستی لییان روون بوّوە کە دوژمنی هەرە گرنگیان فەرەنسەو ئالمانو ئیتالیا نییە بەلکو دوژمن لە ناو دلی خویان دەژیو وەکو زاروو دەمیان لە

دەمارەکانی نیشتمان روو کردووەو بی بەزەیانە خونیان دەمژی. بویە شورشی ١٧٧٦و سەرهلدانی کومەلانی خەلك و تەخت کردنی تاجو تەختی رژیمی دەرەبەگایەتی رووداویکی چاوەروان نەکراو نەبوو...

لاپەرەکانی میژوو پرە لەم بە خو هاتنانەی گەلان دژی ئەو تاقمە کەسانەی کە تەنیا هونەرو زانینیان داسەپاندنی خو پەرستییە بە سەر ژیر دەستانیان، بیگومان چارە نووسی کەسانیکی وا هەرزەکارو خوپەرست لە هەر کات و لە هەر شوین لە چارە نووسی کەسانی وەکو ناپلئون و هیتلەرو رەزاشاو موسولینیو نیکولای تزار.... هتد باشتر نابی کە دووای سالهای سال چەوساندنەوەی گەلان لە کون و قوژبنیکی دوورکەوتە بیهیزو بیریز کوتایی بە ژیانی پر لە نیگبەتیان هات.

هەر گەلیك زوربەی هەول و کوششی بو ئەم مەبەستەیە کە رولەی قارەمان پەروەردە بکات تا لە دووا روژ ببنە هەتوان و برینەکانیان پی ساریژ بکەن کوتایی بە دەست بە سەری و پاش کەوتنیان لە بوارەکانی زانستی و فەرهەنگی و ئابووری بینن و هەموو دیاردەکانی بیهیزی لە داوینیان بشورنەوە، ئینجا ئەگەر ئەو کەسانە خویان ببنە ئوبالی گەردنی گەل، لە جیاتی بوون بە دەرمان ببنە ژەهرو برژینە ناو برینە ناسورەکانیان، ئەوە روون و ئاشکرایە نەبوونیان لە هەبوونیان زور چاکترو بە خیرترە.

بی دوو سێ، گەورە پیاوانی هەر ولاتیك بە گشتی و حزبی و حکوومەتی بە تایبەتی چارە نووسی ئەو ولات و گەلەیان لە دەستە، کە گەل بروای پی هینا بن ئەوان ئاوینەی داهاتوویان، گەل بە ئەمانەتەوە تینووسی سپیی دا هاتوویان وی داون. ئیتر ئەوە دەمینیتەوە سەر ویژدان و تیگەیشتن و کەسایەتی خویان کە لەم تینووسە سەرفرازی خەلك تومار بکەن یا بە خو پەرستی و مشە خوازی خویان چارە نووسی خەلك بخەنە مەترسییەوە. ئەوە لە سەر پیاوانی حزبی و حکوومەتی هەر ولاتیکە، کە بو سەرو سامان بەخشین بە کارو باری کومەلایەتی و پاراستنی بارو دوخ لە هەر چەشنە ئالوزییەك خوبپاریزن و سات بە سات بە کردەوەی ریك و کوك بو ئەم مەبەستە خەبات بکەن و خزمەتگوزاریی خویان بو خەلك بسەلمینن، ئەوەش شایانی باسە کە قسەی بە تەنیا تا ئیستا هیچ دەردیکی دەرمان نەکردووە کە

**● هەروەها کە گەورە پیاوانی حزبی و حکوومەتی زور ئەرکی گرنگیان لە ئەستویە بە هەمان ئەندازەو بگرە پتریش بە هەلەدا چوونی رەوشتی و ئاکارییان گرنگەو رەنگدانەوەییکی زور خراپی لە سەر بیرو بروای خەلك هەیەو دەبیتە مایەی نائومیدی**

لە مەو دووا بیکات. ئیتر ئەم راستییە لە هەموو کەس دیارە کە بە هەزاران قسەی جوان بایەخی کردەوەیەکی جوانی نییە، مەگەر ئەوەی کەسانیك لەم قەناعەتە بن کە گەل گیلەو ئاوەزی بە هیچ دا ناشکیت هەرچەند پیویست نییە بگوتری کە ئەم چەشنە بو چوونە تاچ رادەییك منالانەو دوور لە هزرو هوشە، چونکە هەموو گەلان بە چاکی دەزانن کە سوودیان لە چی دایەو چ شتیك هەرەشە لە چارە نووسیان دەکات.

هەمیشە بە هەڵە دا چوون و تووشی خوتەوەرە هاتنی پیاوانی کار بە دەست بووەتە هوی دابەزینی ورەی شورشگیرانەی خەڵك، زیدەویستی تاقمەو دەستەکان گومانی خستووەتە سەر پیروزترین بیرو باوەری گەلان و هاندانی خەلکانیکی سوود پەرست بو قوزینەوەی بارو دوخی ئالوزو شلەژاندنی یاسا بە کەلکی خویان. کەسانی وا کەم نین کە هەر کاتی لییان بپرسی کاکە بو ریز لە یاسا ناگری و کەسایەتی خوت و نەتەوەت ئەخەیتە بەر تیرو توانج؟ لە ولام دا بلیت من نەزان بووم و بە هەڵە دا چووم بەلام فلان و فیسارە کەسی کار بە دەست خو وەکو من تی نەگەیشتوو نییە.! بە رای منیش ئەگەر کەسی بە فانوسەوە بکەویتە ناو چال بە هیچ جوریك رەخنە لە مروڤی کورە ناگیری ئەگەر هەمان کارەساتی بە سەر بیت.

گەلی رووسیا بە دەیان سال خەباتی بی پشوودانی لە ژیر هەنگل بوو تا توانی شورشی ئوکتوبری مەزن پی بگەیینی، بەلام ئەم سەرکەوتنە نەتەوەیی و ئیدئولوژییە کە سالانی دوورو دریژ هاندەرو ری پیشاندەری چەندین شورشی گەورە لە سەرانسەری جیهان بوو تەنیا بە هوی هەرزەکاری و خراپ لیکدانەوەی راستییەکان و لە بیر بردنەوەی ئامانجە راستەقینەکانی هەرەسی هیناو ئەو هەموو گیرو گرفتەی ئیستا داوینگیری گشت گەلی رووسیا بووە بەرهەمی لە خوبایی بوون و خو جیا کردنەوەی سەرکردەکان لە ئیش و ئازاری کومەلانی خەلکە. غەدرو خیانەتی سالانی پیشووی گەورە پیاوانی رووسیا تەنیا بەرهەمیکی کە بو ئەمروی گەل هیناوەتە کایەوە سەر لیشیوان و بی باوەری بە داهاتوو گیرو گرفتی لە رادە بە دەری ئابووری و بارو دوخی شلەژاوی رامیاری لە هەموو بواریکدایەو ئیتر هیچ.

هەروەها کە گەورە پیاوانی حزبی و حکوومەتی زور ئەرکی گرنگیان لە ئەستویە بە هەمان ئەندازەو بگرە پتریش بە هەڵەدا چوونی رەوشتی و ئاکارییان گرنگەو رەنگدانەوەییکی زور خراپی لە سەر بیرو بروای خەلك هەیەو دەبیتە مایەی نائومیدی، نائومیدیش ئەگەر دریژ خایەن بیت تا ئاخرین دلوپی هیزی مروڤ فر دەکات. ئەو کاتەیە کە مروڤ دەکەویتە ناو دەریاییکی هەست بە چەشنی سووکایەتی کردن کە تا پلەقاژەی زیاتر بکات پتر تییدا نقوم دەبیت.

لە هەر حال بو پیکهینانی کومەلگاییکی پیشکەوتوو، یەکەمین مەرج پاریزراو بوونی مافەکانی گشتی و دامەزراندنی دەزگاییکی حکوومەتی ئەو تویە کە سیبەری هەموو مەترسییەك لە سەر کومەلانی خەلك لابەری و ئەوە لە سەر پیاوانی حزبی و حکوومەتییە کە بو مەبەستیکی وا گرنگ هەموو توانایان بخەنە گەرو بەر لە هەموو شتیك پیویستە کە خویان دان بەم راستییەدا بنین کە خاوەنی نیشتمان گەلە، گەلیش لە یەك یەکی ئەو خەلکە پیك دیت و ئەگەر مافی تەنیا هاوولاتییەك پیشیل بکریت ئەوە پیشاندەری ئەم راستییەیە کە گەورە پیاوانی حزبی و حکوومەتی لە پیکهینان و بەریوە بردنی حوکمیکی دادگەرانە دوور کەوتونەتەوە.

ئەگەر کاربەدەستانی هەر ولاتیك تووشی فەساد بن جا لە هەر بواریکدا، ئەوە بە راستی دەردیکی گەورە تووشی هەموو ئەندامانی ئەو گەلە دیت. بە واتاییکیتر نەخوشی گەورە پیاوان، ژیانی کومەل دەکاتە سووتەمەنی خوی. ئەوەش بە هیچ جوریك دادگەری و ئینساف نییە کە ژیانی گەل بە هوی لە خوبایی بوون و خوپەرستی چەند کەس بشیویندری.

ئەمە یاسایە کە گەلان هەمیشە هیزو توانای خویان دەخەنە بەر دەستی پوختە پیاوان و زانایانی خویان، بو ئەوەی ئەو دەسەلاتە لە ریگای چارەسەر کردنی تەنگ و چەلەمەکان بە کار بینن، هیزی سەربازی، ئابووری و فەرهەنگی و.... یان بو دابین

دەکەن‌و لە هەموو بواریکەوە هەول‌و تەقەلایان بـو ئەم مەبەستەیە کـە هـیچ گـیرو گـرفتیك نـە هـیتە ریگایان‌و لە مەیدانی خەباتدا دەستیکی ئاوالەیـان هەبی. لە بەرامبەر، داواشیان ئەوەیە کە ئەم هیزانە ببنە ری خوشکەری کومەلانی خەلك‌و بو بەهرەمەند بوون لە ژیانیکی سەربەستانەو دەسـنیشان کـردنی داهـاتوویکی روونـاك‌و بـایەخدان بـە ئـامانجە نـەتەوەییەکـان‌و پـەرەدان بـە پـیشکەوتنیکی هەمەلایەنە سوودی لی وەر بگیری، ئینجا ئـەگـەر بیتو ئەوان بە مەشخەلی ئازادی گەل، ئاگر لە ئازادی گەل بەردەن‌و لە پیناو سەربەست بوونی تاکە کەسی خویان پی لە سەربەستی کومەل بخشینن، ئەگـەر بیتو دیواریك بو پاراستنی گەورەیی لە نیوان خویان‌و گەل دروست بکـەن بـیگومان روژیك ئـەم دیـوارە دەروخی‌و بە سەری خویاندا خراپ دەبیت. مسوگەرە ئەو مەزنایەتییەی بو ریگای چاکە بـە کـار نـەییت بەرهەمیکی جگە لە غەدرو خیانەت نابی، بی ئەولاو ئـیملاش غـەدرو خـیانەت لە هــەر جـلوبەرگ‌و بیچمیکدا بی لە چاوی رەخنەگیرانەو وردبینی گەل ناشاردریتەوە.

هەر قەسریك کە لە سەر بـناغەی دروو فـریوو ماف پیشیلکەری دروست کرا بی، لە ئاکام بە سـەر دروسـتکەرانـی رووخـاوەو ئـەم ریسـایەش هـەموو شـوینیك دەگـریتەوە. ئـینجا گـەورەپیاوان بـو بـە سـەربەرزی مـانەوە هـیچ ریگـەیەکـیان جگـە لە خزمەت بە گەل نییە، من ریگاییکی‌تر شك نـابەم. جا ئیوەش بە کەیفی خوتانە.

□ □ □

# پیری سەوزی چەك چەكوو

کاتژمیر پینجی ئیوارەی روژی پینجشەممە ١٩٩٤/٨/١١، کاك سەلیم پیکابەکەی لە بەر دەرگا راگرت. منو هەڤال زەعیم کە شەست کیلومەتر لەولاتر واتە شاری یەزد هاتبوو بە پەلە لە مال وە دەرکەوتین، نەعمانی برام شتومەکە پیویستەکانی خستە ناو ماشینو سوار بووین.

دووای ئەوەی هەڤال محەممەدمان لە سەر جادە سوار کرد کەوتینە ری. محەممەد خەلکی مووسل بوو لە کاتی شەری ئیران ـ عیراق لە سەربازی لە بەرەکانی شەر هەلاتبوو هاتبوو ئیران، کوردی زور کم دەزانی بەلام لە بەر ئەوەی ژنیکی فارسی هەبوو تا رادەیەك زمانەکەی فیر ببوو. زاراوەی لە کاتی دووان بە فارسی بو ئیمە کەچاك زمانەکەمان دەزانی زور خوشو بەتام بوو. کە قسەی دەکرد ناچار پیی پیدە کەنین...

هەرچەند بەرەبەرەی ئیوارە بوو بەلام هەوا یەکجار زور گەرم بوو. پاش ماوەیەك لە شار چووینە دەرو لە ناو دەشتیکی وشکی بیابانی روومان کردە پیری سەوزی چەك چەکوو کە شوینیکی ئایینی زور پیروزی زەردوشتیانی جیهانە.

من بەر لەوەش چەند شوینیکی تایبەت بە زەردوشتیانم بە سەر کرد بو وە لە وانەش ئاگرگەی بەناو بانگیان لە شاری یەزدو هەروەها مردووخانەکانیان لە شاری ئەردەکانو یەزد.

زەردوشتییەکان تا چەند سال پیش، قەبرستانیان نەبوو بەلکو لە جیاتی ناشتنی مردوو تەرمەکەیان لە شوینیکی تایبەتی بە ناوی (دەخمە) دادەنا تا تەیرو تەوال لە گوشتەکەیان بخونو بو ئەم



کارەشیان بەلگە دینن کە نابی هیچ شتیکی مروڤ بیسوود لە ناو بچی.

لە یەکەم چاوپیکەوتنا، مردووخانەکان بو من زور سەیر بوون. بازنەیەك بە کوپەرەی بیست مەتر کە دیواریك بە بەرزایی نزیکەی دوومەترو نیو لە دەورادەوری دروست کراوەو تەنیا دەریکی هەیە. لە ناوە راستی ئەم بازنەیە چالیك هەیە کە ئەوەی من چاوم پیکەوت مەترونیویك قوول بوو. گوایە زەردوشتییەکان تەرمی مردووەکانیان دەهینایە ناو ئەم قەلایەو لە هەنداو چالەکە بە چەند داریك کە لەبن هەنگلیان دادەنا دەیان وەستاند کە دووای چەند روژیك هەلدەوەراو دەکەوتە ناو چالەکەو ری‌و رەسمی تایبەتی‌یان لە روژانی یەکەمی مردن‌و سییەم‌و چوارەم‌و دەیەم‌و سییەم‌و هەروەها سالیك دووای مردن بو دەگیرا. ری‌و رەسمی سال تا سی سال دووای مردن هەر بە ریوە دەچی بەلام دووای (۳۰) سال ئیتر بە پیوستی نازانن.

من بە چاوی خوم لە ناو یەکیك لەو (دەخمە)یانە چەندین کاسە سەرو دەست‌و پی‌و ئەندامەکانی تری لەشیم دیت کە دیار بوو هی گەورەو بچووك تیکەل بوون. هەندی دەست‌وپیم دی کە بیخەش ما بوون‌و گوشت وپیستیان پیوە چرمسی بوو و زەرد هەلگەرابوون .شایانی باسە ئیستاش دووای سی ـ چل سال هیشتا هاوینان بونیکی ناخوش لەو شوینە بلاو دەبیتەوە دیارە هەر ئەم دیاردەیەش بووەتە هوی ئەوە کە ریکخراوی تەندوروستی ئیرانی بردنی تەرم بو (دەخمە) یاساغ بکاو ناچاریان بکا مردووەکانیان لە گورستانی تایبەتی بنیژن.

کاك سەلیم هەم ماشینی داژوت‌و هەم لورکێ لورکێی لە گەل حەسەن زیرەك دەگوت...

ریگا تا ئەو شوینەی دەگاتە کانەکانی (مەعدەن) بەردو خیز قیرەتاوەو بە چاوی خوم دەم دی کە قیری جادە بەهوی گەرمی هەوا تاوابوو‌ەوە. سەیریکی پلەژمیری گەرمام کرد. ۴۵ پلەی سەرسفری پیشان دەدا. هەستمان بە گەرمای لە رادە بە دەر دەکرد.

نیوەی ریگامان بریبوو کە جادەی قیرەتاو تەواو بوو گەییشتینە خیزوئاخ کە ئەو جارە گرفتی توزیش هاتە سەر گەرمایەکە...

کە تەماشای ئەو دەشتە وشك‌و گەرمەم کرد ئەو شتانەم هاتەوە یاد کە پیشتر لە پەرتووکیك سەبارەت بە چەك چەك خویندبومەوە.

بەپی باوەری زەردوشتیان دووای ئەوەی سپای عەرەبەکان لە سەر دەمی خەلیفەکانی راشدین سپای یەزدگردی سێهەمیان تیکشکاند قەرالی ئیران پیش هەرەس هینانی یەکجارەکی حوکوومەتەکەی بو پاراستنی بنەمالەی لە دەستی دوژمن ،هەموویانی رەوانەی شوینیکی نەبەرشك‌و دوور کە ئەورو (یەزد)ی پیدەلین کرد. بنەمالەی قەرالی ئیران بریتی بوون لە دو کور بەناوانی هورمزو ئەردەشیرو پینج کچ کە ناوەکانیان شەهربانوو، پارس بانوو، نیك بانوو، نازبانوو، مێهربانوو، ژنەکەی بە ناوی کەتایوون‌و خودامەکەی بە ناوی مرواری.

دووای رووخانی حوکوومەتی ساسانی بنەمالەی شا لە ترسا هەلاتن‌و هەولی خوشاردنەوەیان داو ئەو جا کەوتنە پارانەوە لە (ئەهوورامەزدا)و داوای لیبوردنیان لیکردو کرگاری مەزن رەحمی پیکردن‌و دەرگای رەحمەتیان لە سەر کرایەوەو بوونە خوشەویستی.

سەرەتا هورمزان‌و شەهربانوو بە دیل گیران‌و رەوانەی عەرەبستان کران. ئەوانی‌تریش هەریەك بو شوینیك هەلاتن.

کەتایوونی ژنی شا لە گەل کورە بچووکەکەی بە ناوی ئەردەشیر بولای خورهەلاتی یەزد هەلاتن‌و ژنی شا چووە کاولیك‌و لە وی بزر (غەیب) بوو ئیستا ئەو شوینە بە (ستی پیر) بە ناوبانگە.

ده پـاریتەوە رزگـاری بکاو ئەویش بە ئەمری (ئەهوورا مەزدا) لە نـاو کـیو بـزردەبی. ئـەو شـوینەی نـیك‌بانوو کـەوتوتە پـارانـەوە لە یەزدان‌و بزر بووە ئیستا زیارەتگایەکی گرنگی زەردوشـتیانەو ئـەوان (پـیر سـەبز چـەك چـەکو)ی پیدەلین. پیروزترین شوینیشیان ئەوها کە مـن زانـیومە (ئوودوارە) ئاگری زەردوشت لە بەمبەئی هندووستانە.



ئەردەشیر لە دایکی جیا بووەو پـاش مـاوەیەك هەلاتن، لە چیاییك بزر بوو کە ئـیستا زیـارەتگەی (نارستانە)ی پیدەلین.

نازبانوو ریگەی باشووری یەزدی گرتە پیش‌و لە کیوی (تیجنگ) بزربوو کە زیارەتگەی (نارەکی) لی بە جی ماوە.

مـهربانوو ١٠٠ کـیلومەتر دوورتـر لە یـەزد لە (عەقدا) لە تینوویەتی مردو لە باغیك نیژرا کە ئیستا باغی میّهری پیدەلین.

پارس‌بانوو لە عەقدا بەرەو چیا هـەلات کـە لە کیویك بزر بوو زیارەتگای هەر بە نـاوی خـوی بـە ناوبانگە.

مرواری بەوەفاو نیك‌نوو لە گەل یەك بوون. بەلام پاش ئەوەی (٦٠) کیلومەتریك لە یەزد دوور کەوتن ئـەم دووەش لیك تـرازان‌و مـرواری لە کـیویك بـزر دەبی‌و زیارەتگایەکەی ئیستا بە ناوی (هریش) بـە ناوبانگە. شایانی باسە (هریش) بە زمانی زەردوشتی واتای خودام دەداتەوە.

نیك‌بانوو کە سـپای عـەرەب بـە دووای خـویدا دەبینی ئەوجا لە ترسان روودەکاتە کیویك‌و لە بەر خوا

کـــاتژمیر شـــەشی ئـــیوارە زیـــارەتگای چەك چەکوومان لی وەدەر کەوت، لە دوورەوە بە خانوو بـەرەیەکی چـەند نـهومی دەچـوو کـە لە داویـنی چیاییکی وشك‌و دوور هەلکەوتوو دروست کرابی. لە سەرەوەی خانوو بەرەکەش شینایەتی چەند داریك خوی دەنـوانـد. دارە بـەژن بـلندەکـانی سـەرویش لیرەولەوی وەکو پاسەوان راوەستا بوون‌و جار جار بە هاتنی با، خویان دە هەژاند.

ماشینمان لە شوینیکی روخـی جـادە راگـرت‌و شتومەکمان لە پشتە خوداو بەرەو ئاوایـی کـەوتینە ری. بەهوی سەر ئەورازی توند ماشین نەی دەتوانی تا نـاو خـانووەکـان بـروا. چـەند سـەد مـەتریك لە هەورازەکە بە ریگایەکی خوارو خیچی پر لە لوفە، کە بـە بـەرد قـادرمەی بـو دروست کـرا بـوو کـوتایی پیدەهات.

من هەرچەند بە نزیك بوونەوە لە چیاو هـاتنی سیبەر، هەستم بە فینکاییەکـی کـم دەکـرد بـەلام هیشتا هەر لە یادی نـیك‌بانوو بـووم کـە دەبـی لەو

هەلاتنە تووشی چ رەنجیکی گران هاتبی، وشکـی لیوەکانمو ئارەقی بن هـەنگلو نـیو چـاوانـی مـنو هەڤالەکانم رادەی گرانی رەنجەکەی باشتر بو روون دەکردمەوە.

یەکەم خـانووی سـەر ریگـامان بـو دانـیشتنو حەسانەوە هەلبژارد، خانووەکە زور خوشو پاك بوو. دیوارەکانی کەرپیچو میچەکەی لە ئاسنو کـەرپیچ دروست کرابوو.

دووای پشوودانیکی کورت بەرەو زیارەتگایەکـە هەلکشام.

شیوەی ئاوا کردنی خانووبەرەکان لە گوندەکانی کوردستان دەچوو. بانی خانووی خـوارەوە حـەوشی خانووی سەرووتر بوو. کولانی تەنگو خواروخـیچی بە ناودا تیدەپەری.

هەروا کە لە سەرەخو لە قادرمەکـانی بـەردیو چیمەنتویی بەسەر دەکەوتم، سەیری دیـوارەکـانم دەکرد. هەمووی بە کەرپیچ دروست کرا بوو، لە سەر دیوارەکان جگە لە ناوی ئەوکەسەی بە خیری خوی خانووەکەی ئاوا کردووە، هەندی دروشمی ئـایینیو کومەلایەتی بە زمانی ئەویستاییو فارسی نـووسرا بوو، هەروا کە دەروییشتم دەم خویندەوە:

ــ زەردوشتی گەورە دەفەرموی: یەك ریگە لە جیهان هەیە ئەویش ریگەی راستییە.
ــ داوا لە ژنانو کچانی زەردوشتی دەکەین کـە بـە شیوەی دابونەریت خویان بە تەواوی داپوشن.

لە ناوەندی ریگا چاوم بە پـیرەمیردیکی ردیـن سپی کەوت. خەریکی شوردنی قاپوقاچاخی خوی بوو. بەر لەوە هەڤال سەلیم باسی روسـتەم نـاویکی کردبوو کە گوایە مـجیوری زیـارەتگایەکـەیە، بـویە منیش هەر ئەوگومانەم لی هەبوو.

چـوومە لایو سـلاوم لیکـرد. ولامـی دامـەوەو پرسیاری شوینی هاتنمی کرد منیش بوم گیرایەوە کە لە (ئەردەکان) هاتووم بەلام کوردمو داوام لیکـرد لە مەر شوینەکە ولامی پرسیارەکانم بداتەوە.

روستەم کە پیحەسا من کوردم، زور کەیفی هاتو باسی ئەوکەسانەی کرد کە هەموو روژی لیرەولەوی دینو ئازاری دەدەنو کوتی: ئیستا کە ئـیوە کـوردن ئـامادەم هــەموو هـاوکاریەکـتان بکـەم چـونکە کوردەکانیش لە پیشان هەر زەدوشتی بوون.

پاش ئەوەی کاتیکمان بو قسەکردن دیـارکرد، روستەمم بە جی هیشتو بەرەو زیارەتگا هەلکشام.

لە سەرووی گشت ئاواییەکان لە تیلەگـی چـیا ژووریکی گەورە دروست کـراوە کـە بـە لكوپـەلکی داری جـوراوجـور وەکـو چـنار، شـەنگەبی، هـەنار، داپوشراوە.

دوو دیواری هەر لە چیایەکەیەو بـەردەکـە زور جوان تاشراوەو هەر دوو دیوارەکـەیتر بـە بـەردی جـوانو چـیمەنتو دروست کـراوە. دەرگـایەکـەی گەورەیەو لە سەر هەرلایە دەرکەیەك وینەی پیاویك کـە رمـیکی لە دەسـتەو راوەسـتاوە هـەلکەنراوە. وینەکان لە وینەکانی سپای هەخامەنشی دەچن. لە سەر دەرگایەکە ئەم چەند رستەیە نووسرابوو.

سەرنج
لە گشت خوشكو برایانی هیژا تکا دەکەین بـە لەشی پیس نەچنە نـاو زیـارەتگاو لە کـاتی چـوونە ژوورەوە پـیلاوەکـانیان دەر بـینو سـەری خـویان داپوشن، بە پیچەوانە قەرزدار (مەدیوون)ی هـەموو زەردوشتییەکان دەبن.
سپاسی هاوکاریتان دەکەم

زەمـینی ژوورەکــە بــە بــەردی مــەرمەری رەنگاورەنگ داپوشراوەو رەفەیەکی پر لە پەرتووکی جوراوجوری ئایینی لایەکی ژوورەکەی گـرتووەو لە

لایەکی تر لەو شوینەی دەلین نیکبانووی تیا بزر بووە سی چرا دانراوە کە لە جیاتی نەوت، چەشنە روونیکی تیدەکەن و لە کاتی هەلایسان بونیکی خوشی لی بلاو دەبیتەوە. هەر لە لای چەپی ئەم شوینە لە بەرزایی دوو مەتری کانیاویك هەیە کە زور ریکوپیك بو کوبوونەوەی ئاو ریکخراوە.

ئاوەکە لە دەرزیکی چیا (چك.چك)و دلوپ دلوپ دیتە دەر هەر بەو هویەشە کە ناوی (چەك چەکوو) یا (چەك چەك)ی لە سەر دانراوە.

سەیر ئەوەیە کە ئاوی گشت ئەم ئاواییە بەم کانیاوە دابین دەکریو بە بۆری بو شوینەکانی تر دە گویزریتەوە.

لە ناوەراستی زیارەتگا داریکی ئەستووری چنار شین بووە کە دەوری بە دیواریکی بەردی مەرمەر پەرژین کراوە. لکەکانی چنار لە بانی ژوورەکە چوونەتە دەرەوەو سیبەریکی خوشیان لە سەر زیارەتگا پیکهیناوە.

لە ولامی پرسیارم سەبارەت بە چنارەکە روستەم بە چاوی پر لە فرمیسك وتی: ئەم دارە چنارە زیاتر لە هەزارو چوار سەد سال بەر لە ئیستا گوپالی دەستی نیکبانوو بووەو لە کاتی گەیشتنی بو ئەم شوینە گوپالەکەی لیرە چەقاندووەو کەو تووەتە گریانو پارانەوە لە دەرگای یەزدانو هەر لەم شوینە لە بەر چاوی عەرەبەکان بزر بووە. دووای ئەوە ئەم ئاوە لە چیاو هەر لە شوینی بزر بوونەکە دەرهاتووەو گوپالەکەی پی شین بووە.

من هەر چی بیرم لیکردەوە هیچ ئەگەریکی وام نەدی کە ببیتە هوی دلوپە کردنی ئەم ئاوە زولالە، نە شوینیکی وایە کە بارانی زوری لی بباری، نە بەفری لی هەیەو ئەم ئاوە لەم شوینە وشكو بیابانییە بو من گەلەك سەیر بوو....

خەریك بوو تاریکایی ئاوایی دادەگرت. روستەم فانوسیکی هیناو داوای کرد هەر شتیکمان پیوست بی لیی بخوازین. ئیمەش بە سپاسەوە پیمان وت دوو چرای لوکسمان لە گەلەو داوامان لیکرد بو شیو خواردن بیتە لامان. بە داخەوە قبوولی نەکردو چوو بو ژوورەکەی خوی.

لە ئاوایی چەك چەك بەو هەموو ژوورو خانووبەرەی تەنیا مروڤیك دەژیا ئەویش روستەم بوو. جارجاریش میوانانی وەکو ئیمە شەویك ژووریکیان رووناك دەکردەوە. سەرەرای ئەوەی تیلی کارەبا بو گشت خانووەکان کیشرا بوو بەلام بەوتەی روستەم تەنیا چەند روژ لە سال ماتوری کارەبا دەکەویتەکار. گوایە کلیلی ماتورەکەش لە دەستی کابرایەکی زەردوشتییە کە دانیشتووی تارانە.

هەڤال سەلیم دەستی خوشبی، شیویکی خوشی بو ئامادە کردین. پاش نانو چا خواردن کەوتینە قسە کردنو هەڤال محەممەد بە زاراوە سەیرەکەی قسەی زور خوشی دەکردو ئیمەش تیروپر پیکەنین...

بەیانی زوو لە خەو هەستامو بە پیی قراری روژی پیشتر چوومە لای روستەم. ژووریکی چەندمەتری کە بە بەرە راخرابوو، تەختیك بو نووستن، سوبەیەكو چەند قاپو قاچاخیك، هەموو دارایی روستەم هەر هیندە بوو.

چایەکی لە پیش دانامو کەوتە قسە کردن.

لیم پرسی لیرە تەنیا نا ترسی؟

● بو بترسم، من کارم بە کەس نییەو کەسیش کاری بە من نییە. سبەینی تا ئیوارە ئیشم پاكو خاوین راگرتنی ئیرەو دوعا کردنە، تەنیا هەندیك لەو موسولانە (بە موسولمان دەلین موسول) دینە ئیرەو ژوورەکان پیس دەکەن منیش ناچارم بیان مالمو خاوینیان بکەمەوە.

O چەند پارەت دەدەنی وکی دەتداتی؟

● مەبەستم لە خزمەت کردن پارە نییە، بەلام مووچەیەکم دەدەنی کە لەلایەن ئەنجومەنی زەردوشتیان بوم سەرف دەکەن هەروەها گشت

مــەسرووفاتی ئــیرە لە لایـەن ئـەنجومەن دابـین دەکریت. ئەوانـەی دیـنە زیـارەتیش خـوا خـیریان بنووسی بە پیی توانا هاوکاریم دەکەن.

○ ئایا تەنیا خەلکی ئیران بو زیارەت دینە ئیرە؟

● نەخیر، لە هەموو شوینی جیهان زەردوشتییەکان دین. بەلام لە ژاپون زیاتر دین.

○ باشە بە بروای تو ئیمەی کورد لە ئیوەین یا ئیوە لە ئیمەن؟

● نازانم، تەنیا ئەوە دەزانم کـە ئـیوە دیـنی خـوتان گوریوە. دەنا ئیوەش دەبا ئیستا زەردوشتی بان.

○ ئەو هیندە ئاسنو بەردو کەرپیچەتان چون بو ئیرە هیناوە؟

● هەمووی بە دەست هاتووە.

○ ئایا خانووبەرەی تر دروست دەکەن؟

● نەخیر، ئیستا ئیتر دروست کردنی خانووبەرە لیرە لە لایەن حوکوومەت قەدەغە کراوە.

چەند چایەکم لە لای روستەم خواردەوە کـە لە نکاو بە دەنگی سەلەوات لە جی راپەریم. روسـتەم وتی: هاتن، موسولەکان هاتن، نازانـم ئـەوانـە کـە هـیندە مـوسولمانو بـەدینن بـو دیـنە زیـارەتگای زەردوشتییەکان...

لە ژوورەکە وەدەر کەوتم تـەماشام کـرد چـەند کوستەریکی پر لە نـەفەر لە نـزیك مـاشینی ئـیمە راوەستاون. کومەلیك قوتابی روو لە ئیمە دەهاتنو لە دوویەك سەلەواتیان لی دەدا. (بەر موهەممەدو ئالیٚ موهەممەد سەلەوات).

(ئەللا، هوممە، سەللیٚ ئەلا، موهەممەد، وە ئالیٚ، موهەممەد). دەنگی سەلەوات هەموو چەك چەکی پر کرد بووە.

تازە پیچەسام کە ئەورو هەینییەو ئەنجومەنی ئیسلامی قوتابیان هاتوونەتە سەیران. ماوەیەکی تر چەند بـنەمالەیەك بـە ژنومـنال لە چـەند ژووریك دامەزرابوون...

سەر لە ئیوارە گەرمای هەوا لە ناو ماشین بووە هو کە پرسیاریك ئاراستەی هەڤال سەلیم بکەم:

ئـەری سـپای عـەرەب پـاش ئـەو کـاتەی نیکبانوویان لە دەست دەرچووە لە گـەرانـەوە بـەو گەرمایە دەبی چ حالیکیان هەبووبی؟

سەلیم بە پیکەنینەوە سەریکی بو هەژاندمو پیی بەنزینی ماشینی زیاتر گوشی....

قەت لە حەسەن زیرەکم باور نەدەکرد کە بـەو گەرمایە قاسپەقاسپی کەو بیت.

□ □ □

# شەرەسەگ

سەردار ئەحمەد

ژیانی ئیمە بە چەشنیکی زور سەیر بـە ژیـانی سەگ گریدراوە.! رووداو بەم جورەیە کە:

ئاغای گوندی خوارەوە واتە ئاغای ئیمە لە گەل ئاغای گوندی سەرەوە، سەری سالان سەگەکانیان ئەخەنە گیانی یـەکـتر. هـەلبەت رووداوەکـە هـەر بەوەندە کوتایی پی نایێت، چونکە بـاسی گـرەو لە گـورییە. گـرەویك کـە لە مـیژە بـەستراوەو هـەموو سـالیکیش دووپـات دەبـیتەوەو تـا ئـیستاش هـەر بەردەوامە.

ئەو شتەی گرەوی لە سەر دەکری ئاوی کانیاوە، کـانیاویك کـە بـە نـیوان زەویـەکـانی کشتوکـالی جوتیارەکـانی هـەر دوو گـوند تـیدەپەری‌و بـەر لەم بەزمورەزمە وەکو یەك بە سەریان دابەش دەکرا.

خەلکی هەر دوو گوند هیچ دلیکی خوشیان لەم گرەو بەستنە نییە چونکە ئەگەر سەگەکانی گوندی سەرەوە لە شەر سەر کەون زەویەکانی جوتیارەکانی ئیمە لە بی ئاوی وشك دەبن‌و ئەبی وەکـو مـار بـە خوزوی خومان بژین.

لە لاییکی‌تر ئەگەر سەگەکانی ئاغای ئیمە لە شەر سەرکەون دیسان شتیکمان پی نابرێ چونکە ئـاغا لە هــەمان کـاتیشدا زوربـەی بـرە ئـاوەکـە بوزەویەکانی خوی گل دەداتەوە، ئەم بارە ئازارمان دە دات‌و زور جار بیزاری دامان دەگریت بەلام ناتوانین جووکە بکەین.

پیرار ئـاغای گـوندی سـەرەوە گـرەوی بـردەوە، مەحمووەکویر لە خەفەتان بە رق‌وکینەوە گوتبووی: فەرموون ئیستا دەبـی سـالیکی رەبـەق لە بـیئاوی بسووتێین، بوچی؟! تەنیا بو مەیلیکی شیتانە، ئاغاش ئەمەی بیستبوو و ئەمری کردبوو لە مەیدانی گوند لە بەر چاوی خـەلك لە فـەلاقەی بـدەن هـەتا بـبیتە ئاویزەی گـویچکان‌و کـەس قسـە لە سـەر قسـەی نەکات.

ئاغاکـان سـەگـەکـانی ئـازاو درنـدە لە خـەلك دەسـتینن، سـەگـانیك کـە پـاسەوانـی مـالەکـان‌و مەرومالاتی خەلکن. کاتی باسی ئازایەتی سەگیك بو ئاغای ئیمە دەکری، پیاوەکانی دەنیری تا ئەو سەگە لە بەندو زنجیر کەن‌و بیهیننە شوینی تایبەت. بو ئەوەش کە زاری خاوەنی ببەستی تەنیا کاریك کە دەکات ئەوەیە کە بلی:ئەم سەگە ئەبی بو ئاورووی خەلکی گوندی ئیمە شەر بکات.

ئـەم سـال یـەکـیك لەو بـەدبەختانەی کـە سەگەکانی خویان لە دەست داوە پیرەژنیکە بە ناوی پـلکە هـەمین. سـەگـی زل‌و بـەقەلافەتی کـە لە تـوولەییەوە گـەورەی کـردووەو تـەنیا هـاودەمی بێکەسی‌و تەنیایی ئەوە لە لایەن ئاغا داوا کراوە.

کاتی پیاوانی ئاغا هاتن‌و پێیان گوت پـیویستە سەگی بو سەرکەوتنی گوند بچیتە مەیدان بە هـیچ جوریك دلی خوش نەبوو. فـرمێسك لە چـاوەکـانی قەتیس مـابوو، بـە پـەروشەوە دەی‌روانـیە سـەگـە بەستەزمانەکەی. سەگ لە ژیر بەند گلۆلە ببوو بـە تورەیی دەیلووراند....

ئاغا هەفتەی یەکجار قاسمی دەنگ ئەدا، هەموو دەیانزانـی کـە بـو چـی بـە شـوینی قـاسم کـە بـە

قاسم‌کەرکوژ دەناسرا دەنیری. هەر جار ئەویش بە شلە شلی‌یەوە بەری دەکەوت تا ئەو کەرەی ئاغا بە نرخیکی هەرزان لە گوندییەکانی کری بوو بە ساتورە گەورەکەی بکوژیت‌و بو سەگان پارچە پارچەو ئامادەی بکات.

لە سەرەتاکاندا کەرەکانی دەژماردن، بەلام دووایی ئەژمارەکەی لە دەست دەرچوو، جارجار گوشاری بو میشکی دەهینا کە ئەمە چەندەمینە بەلام پاش ماوەییك کە دەیزانی ئەم بیرکردنەوەیە بیهوودەیە وازی لی دەهینا، جارجاریش ئەم پرسیارەبە خەیالی دا دەهات ئایا سەگەکان حەزیان لە گوشتی کەرە یاننە؟ ئەگەر بیزار بوایە لە ژیر لیو لە گەل خوی دەکەوتە بۆڵەبۆڵ: (بەمن چی حەزیان لییە یاننە خو من نایخوم) بەلام کاتیك کە دەی‌دیت سەگەکان چون بە تاموچیژ لە سەر پارچە گوشتیك بەشەر دین‌و لە سەرو گویلاکی یەکتر سەر ئەکەون گومانی دەبرد ئەبی زور خوش بیت ئەگینا لە سەری بەشەر نە دەهاتن. جاریش هەبوو ئارەزووی دەکرد بریا لە جیاتی کەرەکان ناچاریان دەکردم سەگەکان بکوژم ئەوکاتە ئەوەندە سەگەم دەکوشت تا ئیتر سەگێ پەیدا نەبی کە ئاغاکان بە هوی ئەوا لە سەر سامانی خەلکی ئیمە گرەو بەبەستن، بەلام داخو مخابن سەگەکان زورن‌و کەرەکانی بەستە زمان‌و بی‌ئازار ئەبی ببنە پێخۆری ئەوان.

پەروەردە کردنی سەگ بو شەر خوی باسیکی جیایە، سەرەتا دەیانخەنە گیانی پشیلەکانی چالاك.

لە ناو گورەپانیکی پەرژین کراودا پشیلەییك بەرەلا دەکەن. سەگەکان ئەوەندە راوی دەنین تا سەرئەنجام لە گوشەییك دەیخەنە داوو ئەوسا پشیلە لە ژیر کیلبە سپییەکانی سەگ ئاخرین میەومیەوەکانی سەر ئەدا، هەر ئەم کارەش لە گەل کەرویشکەکانی کیوی دەکەن.

پاشان نورە دەگاتە شەری سەگان، ئاغا چەند سەگی ترکودەکاتەوەوسەگەکانی تی بەردەدا، سەگ بە رامبەری سەگ، شەریکی تاك بە تاك. سەگانی گوشتی‌کەرخواردوو کە بو ماوەییکی زور کاریکیان جگە لە خواردن‌و شەرکردن نە بووە بی بەزەیانە پەلاماری ئەویتر دەدەن‌و کیلبەکانیان لە پیست‌و گوشتیان رەودەکەن، ئەوسا بە گەروویەوە دەنووسین تا بە تەواوی گیان دەدا. جاری وا هەیە ـ هەلبەت بە دەگمەن ـ کە سەگیك لە بەرامبەر سەگی ئاغا سەر دەکەوی‌و لە خاك‌و خوینی دەگەوزینی، ئەو کاتە وادیتە بەرچاو ئەو کەسانەی کە بینەری ئەم رووداوەن لە دلیانەوە هەست بە شادییەکی زور دەکەن‌و سەر شوری ئاغا جەژن دەگرن. بەلام ئاغا بە رووقایمی‌یەوە دەستەکانی ئەخاتە بەر پشتینی‌و بزەیەك ددانەکانی زەردی دەخاتە بەر چاوو دەلیت (ئەم سەگە شەرکەریکی زور چاکە) ئینجا بە ئیشارەتی قامکی نیشانەی، فەرمان دەدات سەگی سەرکەوتوو لە جیاتی سەگی توپیوی لە بەندو زنجیر کەن، ئەوەی راستی بیت ئەو بە هیچ حالەتیك شتیکی لە کیس ناچی.

سەرئەنجام ئەم سالیش روژی چارەنووس داهاتووە، خەلکی هەر دوو گوندو خەلکانیکی تریش هی چەند ئاوایی دوورونزیك لە دەرەوەی گوند بە چوار دەوری گورەپانیك کە بە داروبەرد پەرژین کراوە کو بوونەتەوە. ئەم پەرژینە ئەوەندە چاك‌و قاییم دروست کراوە تا هیچ سەگێ نەتوانی لە مەیدانی شەر رابکات. سەگەکان ئەبی تا سەرە مەرگ لە گەل یەك بجەنگن، ئەگەر وانە بوایە هەرگیز شەریان بو چەندکات ژمیر بەردەوام نەدەما.

ئاغای ئیمەو ئاغای گوندی سەرەوە لە بەرزاییك جیگیر بوون، ئاغاکانی چەند گوندی‌تریش وەك هەموو سالی هاتوون بو دادوەری کردنی ئەم گرەوە تا هەر کام دوراندی پەشیمان نەبیتەوە. ئەوان، جارلە دەوری ئەم‌و جار لەدەوری ئەو کو دەبنەوەو لە بن

گوییان دەچرپینن.

لە نیو خەلکی هەر دوو گوند نیگەرانیەکی شاراوە وەك شەپولێ بەرز دەبیتەوە، دلە راوکییەکی زور لە ناخی خەلك هەلدەقوولی‌و رووباریکی ترس‌و گومان ئەرژینیتە ناو چاوەکان.

نیگاکان ئەم ترسە هاوار دەکەن بی ئەوەی لیوەکانی داخراو لە یەکتر بترازین. نیگاکانی خەلکی گوندی‌ئیمە لە بی باوەرییکی کوشندە ئاخنراوە بەلام خەلکی گوندی سەرەوە کە پار ئاغاکەیان گرەوی دوراند بوو ئەسیری رق‌و کینەییکی بی سنوورن.

خەلکی گوندی ئیمە بو بەهرەمەند بوون لە مافی خویان نە زورو نە کەم ئەترسین، خەلکی گوندی سەرەوەش بو ئەو مافەی لییان وەرگیراوە رق‌و کینە خوینیانی پیس کردووە.

ئەوها کە بابەگەورەکانمان باس دەکەن سالها پیشتر پەیوەندییکی گەرم‌و برایانە لە نیوان خەلکی هەر دوو گوند هەبووە تا ئەوەی کە لە سیبەری ئەم گرەوە شوومە کینەو دوژمنی روژ بە روژ پەرەی سەندو پاکیی دلەکانی لە سکە خست‌و خزمایەتی‌و دوستایەتی لە ژیر ئەم بارە نیژراو بو هەمیشە لە یاد کرا.

لەم بەینە خەمو ترس زورتر لە هەمووان سیبەری خوی خستوتە سەر دەمو چاوی بیرەنگ‌وروی تیکشکاوی پلکە هەمین، ئەو لە گوشەییك کزو بیدەنگ خوی لە چاروکە رەشەکەی وەرپیچاوە، چاوە کزەکانی هاج‌و واج بریوەتە مەیدانی شەر.

مەحموودە کویر لە سنووری کینەو نەفرەت پەریوەتەوەو بیزارییەکی قول وەك کونە برینیکی ساریژنەکراو لە چاوەکانی دەباری‌و ئەم زریانە ژەهراوییە هەمو کەس دەگریتەوە. قاسم‌کەرکوژ دەستەکانی لە سەر پەرژین چەپ‌وراست خستبوو ژیر چەناگەی پان‌و ئیسقان دەرپەریوی، بونی

خوینی کەری کە ئەمرو بەیانی کوشتبووی لە دەستەکانی هەلدەستاو لە میشکی دە خولایەوە.

سەرەنجام گرەو بە شاهیدی هەمو ئاغاکان بەسترا، ئاغای ئیمە سمیلەکانی بە ددان رادەچنی، هەر سات وینەی ئاوی کانیاو لە بەر چاوی تیدەپەری کە پیاوەکانی بو لای زەویەکانی دەبەن هەروەها وینەی خەلکی گوند کە بە شانازییەوە باسی ئەوو سەگەکانی دەکەن.

لە خوبایی بوون لە لاییك، مشەویستیش لە لاییکی‌تر وەك خوریکە کەوتبونە گیانی.

خور لە ناوە راستی ئاسمان تیپەریوە کە سەگەکان دینن، جموجولیك ئەکەویتە ناو خەلکی چاوەری. هەندیك بە بیزاری سەیری سەگەکان دەکەن هەندیکی‌تریش نیگاکانیان پراوپر لە داماوی‌و پارانەوەیە. هیچکەس بە حالی خوی نازانی تەنیا دەردیکی ناگوتەنی کە دلەکان لە ناو پەنجەکانی دەگوشی پیکەوە گرییان دەدات.

پیشاوپیشی سەگەکانی ئاغای ئیمە سەگە زلەکەی پلکە هەمین دەبینری. یەك نەفەر پەتی ملی بە هەمو هیزوتوانا گرتووەو بە سەختی رای دەگری، سەگ بیتاوەو بەردەوام کیلبەکانی سپی خوی بە رەوینەکانی یەك لە دووای یەکی ئەخاتە بەر

چاو، سەگەکانی تریش بێ‌تاون بەڵام هیچ کام ئەوەندە زل نین.

بەدیتنی سەگی، تیشکی شادی ئەخریتە ناو چاوەکانی پیرەژن، بەلام کاتێ گوێی لە رەوینی سەگەکانی ئاغای گوندی سەرەوە دەبیت دووبارە نیگەرانی، ئاسمانی چاوەکانی لێل دەکات.

ئاغاکان هەلدەستنە سەر پی تا بە هەژاندنی دەست دەستپیکی شەر رابگەیێنن. ئیستا سەگەکان روو لە یەکتر وەستاون‌و بە پەروشەوە ئامادەن بەند لە ملیان هەلبگیری تا یەکتر لە خاك‌و خوین بگەوزینن جگە لە هات‌و هەڵای سەگەکان دەنگێ ناهیتە بەرگوی، سەگی پلکە هەمین ئەوندە خو تاو دەدا بو رزگار بوون لە زەختێ پەتی ملی کە پاسەوانی خوی خستوتە ئازارەوە، دڵە کوتەی خەلك‌و سەگەکان تیکەلاو بووە، خەلکی چاوەکانیان بریوەتە دەستی هەر دوو ئاغا، وەك بلیی ژیان لە رەوتی خوی دەر چووەو تەنیا ئەم دەستە سحراویانەن کە دەتوانن ژیان بوریگەی هەمیشەیی بگەرینەوە.

لە گەل هەژانی دەستەکان هەرایەك هەلدەستی‌و، هیمنی‌و ئارامی لە پریکەوە دلەکان بەجی دیلی، لە هەر لاییك پینج سەگ بە پەلە قاژەیەکی لە رادە بەدەر مەودای نیوانیان دەبرن‌و لە یەکتر گلولە دەبن.

چەند پەلە هەور ماوەیەکی کورت رووی خور دادەپوشن، کوتریك بەرەو کیوەکان دەفری، لە سەرەوە گورەپانەکە ئەوەندە بچووك دیارە کە مروڤەکان وەکو خالەکانی رەنگاورەنگ جموجولیکی لە سەر خو، وینەی میروولەکانیان هەیە.

سەگی پیرەژن لە یەکەمین پەلاماردا بە شان لیدانیکی گران سەگێ ئەخاتە ئەرز، سەگیك خوی دەهاویژیتە سەر پشتی، بە خو سووراندنیك گوێی‌یەکیتر کە سەری هیناوە تە پیش بە کیلبە دەگری‌و لە جیدا هەلدەکەنی. لە تیکخستنی کیلبەکان‌و قەپات کردنی لغاجەکان لە کاتی لەقەلیکدان دەنگیکی ناخوش بەرز دەبیتەوە، توزوخولی شەر دیسان وەکو باران بە سەر سەری شەرکەران دیتەوە خوار.

پلکە هەمین کاتێ دیمەنی تی چەقینی کیلبی سەگێ لە پەیکەری سەگی خوی‌دا دەبینی تەزویك بە لەشی دادیت، رووی وەردەگیری بەلام ئوقرە ناگری‌و دووبارە چاوەکزەکانی دەبریتەوە سەگەکەی کە بە هوی زلی وەکو دەقیکی سپی لە نیو چاوانی گاییکی رەش لە سەگەکانی‌تر زەقتر دیتە بەر چاوو وەکو پشیلەییکی چالاك خول دەخواتەوەو هەموو لاییك دەکەویتە بەر ئارمانجی کیلبە خوینریژەکانی.

خور بەردەوام لە ئاسمان ریگەی دەبری، خەلك ئاغاکانیان لە بیر کردووە، هەموو هزرو هوشیان لە مەیدان کو بوتەوە، بە هات‌و هەلا سەگەکان کشی یەکتر دەدەن. کاتیك کە سەگی پلکە هەمین کیلبەکانی لە ملی سەگێ رووەدەکات‌و وەکو کیسە پەموویيك بە دووای خوێدا رایدەکیشی هەلای خەلکی گوندی ئیمە زورتر دەبی چونکە ئەوە بە مانای مەرگی سەگی بەرامبەرە، کینە لە چاوەکانی سەگی داماو بیرەنگ دەبیت....

.... پەلە هەور لە سەر خور لاچووەو سەگی گرفتار بە تاسەوە سەیری دوایین داهاتنی خور دەکات. ئاغای ئیمە لە خوشیان هیچ نەماوە بکەویتە سەما. سەگی زل بە پەلە بە هانای یەکی لە لایەنگرانی

دەروات. یەك سەگ بەرامبەری دوو سەگ، هیچ شانسیکی نیە، لە شەریکی نابەرابەر بە لوورینەکانی پر لە سوزی وەك ئەوەیە شیوەن بو مەرگی بگێڕێ. ئاغای گوندی سەرەوە وا دەستەکانی بە یەکتردا دەگوشی کە نووکی قامکەکانی سپی هەلدەگەرین. خەلکی گوندیش وا هەست بە نائومیدیو سەر شوری دەکەن کە بە زەحمەت ئەتوانن ئەو حەزەیان کە بە داروبەرد بە هاواری سەگەکانیان بروَن بشارنەوە، وەك بەرد لە جیگەیان چەقیون و ئەگەر بیان دەیە بەر خەنجەر دلوپێ خوینیان لی ناچوری.

خەلکی گوندی ئیمە بە کورتی شادن بەلام نەك بو ئەوەی مافی خەلکیتریان لی سەندووەو بوونەتە خاوەنی، بەلکو تەنیا بو مافی خویان چونکە ئەوەی لەم گرەوەدا دەبردریتەوە بەشی ئاغایەو ئەوەی دەدوڕیو لە ناو دەچی بەشی خەلکە.

پەلە هەور لە گوشەییکی ئاسمان ون بووە، خور بەرەو روژئاوا شوڕ بوتەوە، ئیستا پینج سەگی درندە بەرامبەری سی سەگی ماندوو زامار راوەستاون سەگی پلکە هەمین دووای لەتو پەت کردنی سەگی دووهەم بەرەو سەگیکیتر کە یەکی لە لایەنگرانی شر کردووە هیرش دەبات. لە یەکتر گلولە دەبن دەکەونە سەر ئەرزو دووبارە روو بەرووی یەکتر هەلدەستنەوە، لە زاریان خوین دەچکی، بونی خوین ئەوانی سەرشیتو هار کردووە. سەگی دژ، دەرفەتیك دەقوزیتەوەو دەرواتە ژیر زگیو لەق لە جیگەی هەستەوەری دەگری، لغاجە بە هیزەکانی قەپات دەکات.

پیرەژن هەست دەکا شتیك لە دەروونی خراپ دەبیو هیز بە یەکجاری پیّیە لە وازەکانی بەجی دیلیت، لە پریکدا ماندوویەتی دای دەگری.

لە ژێر زگی خرپە خرپی شەری گوشتو کیلبە، دوو سی جار دەلوورینیو خوی رادەژەنی، لەگەل هەر خو راچلاندن هەست بە ژانیکی لە رادەبەدەر دەکات. چاوەکانی لە سەر یەك دادەنی هەمووشوینیك پرە لە تاریکی، تەنیا کاتی رووی دەکەویتە لای خور لە پشت پیلوی چاوەکانی هەست بە دەریاییکی خوینین دەکا.

سەگ لە لوورین دەدات وەك دەنگی شوومی کوندە بوییك دیتە بەر گوی، مووچرکەیەك هەموو لەشی بی هیزی دەگریتە خوی، بونی ساردی مەرگ هەموو میشکی داگرتووە.

سەگیك فریای دەکەوی بەلام ئەویتر بە هیچ نرخیك لغاجەکانی لە یەك ناکاتەوە، پییەکانی دەلەرزن، ناتوانن جەستەی راگرن، بە سەر زەویدا خراپ دەبی، بەلام هیشتا کوتایی بە ژیانی نەهاتووە، سەری لە زگی دژەکەی نزیک دەکاتەوەو لە یەك چاو تروکاندن هەموو ئاگری رقو کینە دەرژینیتە سەریو هەر ئەو بەلایەی بە سەر دینی کە بە سەری هاتووە.دەمی سەگ لە بەر، حەز بە لوورینیکی پر لە ئیشو ژان سست دەبی. سەگی پیرەژن خوی قوتار دەکا بەلام سیبەری مەرگ هەرسات خوی لە سەر گرانتر دەنوینی.

شەر تەواو بووە، ئاغای ئیمە بە پانایەتی دەمو چاوی پیدەکەنیٚو لە ژیر سمیلی ددانە زەردەکانی زەوقی مروف تیك دەدەن، خەلکی گوندی سەرەوە کینەییتر لە پیش بو گوندیان دەگەرینەوە تا سالیکیتر رەنجو ئازاری برسیەتی بکیشن. شادی خەلکی ئیمەش زور زوو رەنگ ئەدورینیو جیگەی بە نیگەرانیەکی فراوان لە داهاتوو ئەدات.

خور بە سەر چیاکان شور بووتەوەو سەری زیرینی خستوتە سەر شانی کیوەکان، لە حەوشیکی خاموشو بەتالی خانوویەکی نیوە ویرانە، پیرەژنیٚ سەری لە ناو چاروکە رەشەکەی شاردوتەوەو هوڕ هوڕ بو سەگە توپیوەکەی دەگرییٚ□

# ئافرەتا پەنابەر ستوونا ژیانێ یە

نڤیسینا: رەفیق مستەفا

ژمیژەیە دبیژن (نیڤا هەر جڤاتەکی ژ ئافرەتی یا پیکهاتی) بەلی ئەوید لدویف مافی وێ نیڤا کومەلی دگەریین زور دکیمن، ئەو ژی دیار نینەو هەر د وندانە. یا ژهەژی گوتنی‌یە، دایکا هەر مروڤەکی‌یەو هەگە ئەو نەبیت ئەڤە ژیانا مروڤایەتی نابیت. ژبەر ڤێ ئیکی کو بناغی خیزانی ژ ئافرەتی‌و زەلامی پیك دهیت دڤیت بهەڤرە دناف تەرازوویا راستییدا بهینە پیڤان چیدی بهایی وی نەهیتە ڤەشارتن‌وکەدا دەستی وێ نەهیتە بەرزە کرن. پیتڤییە لمابەینا هەر دو رەگەزادا ئیکسانی، تەبایی، هەڤکاری، ئیکەتی‌و دلسوزی بهیتە پاراستن، لی وەکی دبینین زەلام هەر بریارەکی یی د دەت‌و ئافرەت ژی یا ئیخستییە ریزا پشتی. «ئەفلاتوون» کو یی هاتیە ناسین بیابی فەلسەفی دبیژیت:

(چونکی ئافرەت‌و زەلام ژ ئیك شیان د بەهرەمەندن، دڤیت ئەرکی سەر ملی وان‌و مافی وان هەمبەری ئیك بیت).

ئەڤ سالە (١٩٩٥) دەستەکا ریڤەبەریا چارەمین کونفرانسا جیهانی یا ئافرەتی بو پیشڤەبرن‌و ئاشتی‌و ئیکسانییی، رادگەهینیت کو دڤی دەمیدا ٢٣ میلیون پەنابەر لجیهانی دا یی هەی ژ ئەڤان هندا ٧٠-٨٠٪ ئافرەت‌و زاروکن.

د بیت ئافرەتا پەنابەر جهی خویی تایبەت دناف دلی هەر مروڤدوستەکی دا هەبیت‌و تەڤ شانازیی پیڤە بکەن چونکی ژیاناوی یا تەژی سەرهاتی‌و ئەڤرازو نشیڤییە، دکارین بیژین مشەختبوونا وێ خاندنگەهەکا تەژی پەندەو ئەوژی زاناو فیروانەکا دەرچویا وێ فیرگەهییە. هەژی زانینی‌یە ئافرەتا کوردا پەنابەر بەربهەر وەلاتەکی بیانی کە فتبیتە ری، داب‌و نەریتی کوردە واری دگەل خویی بری‌و یی پاراستی هەتا بساخی بمینیت، قیزو ئافرەتیت کورد لوەلاتیت بیانیدا ژ بوبیرەوەری، جەژنیت گرنگ خو ب جلو بەرگی کوردی درازینن‌و دچنە دەرڤەو هندەك بەرنامید گرنگ یید هەبووی ژ بو نیشا دانا کەلەپووری کوردی یی رەسەن نەخاسمە لئەوروپا بریکا روژنامە، گوڤار، رادیو، تەلەڤزیون، یا پیشانگاو بریڤە برنا ئاهەنگ‌و.... هتد. دکارین بیژین چاڤیت



جیهانی ییت ڤەکری کو تیشکا پیخنە سەر دوزا کوردی بتە ڤایی، نەمازە کیشا ئافرەتی یا ئیخستیە بەر لیکولینەڤی دناڤ هەلسەنگاندنید ناڤدەولەتی،بەلی هیشتا وەك پیتڤی بهایی رەنجا ئافرەتی‌بدروستی نەهاتیە زانین وە پیتە پی نەهاتیە دان‌هەلبەت یا خویایە دراست ئافرەتا پەنابەر دا هندەك لایەنا ئەرکی سەر ملی خو بجی نەئینایە. وەك پارت‌وگرووپیت رامیاری زور پی دبەر پرسیارن.

ئافرەتا پەنابەر رولەکی زوری پر بها د ژیانا چڤاکی‌و رامیاری دا یی هەی کو ژیانا خو دگەل هەمی قوناغیت مشەختیبی د بورینیت دابخەبتیت ژبو دەستڤە ئینانا ئارمانجیت پیروزیت نەتەوی‌و بەرامبەر هیرشیت فەرهەنگی‌و کولەداری بەر خوەدانی دکەت. دیسا پارزینکی خەمو تالیا یی دایە پشتا خوو ژیانا خو دریکا هندەك مافا دا یا گوری کری. نوکە ژی یا بهیڤیا بارینا بارانا شادی‌و سەرفەرازیی... بەلی کی هەیە بیژیتی دەستخوش؟ یان ئەڤە پاداشەك بو تە؟...

دڤی چاخی بیستیدا پشتی شەری جیهانیی دوویی سالا ١٩٤٨ مافی ئافرەتی بەرامبەر مافی زەلامی هاتە دیار کرن ئو ژ ئالی ریکخراوا ناف دەولەتیڤە هاتە بەیان کرن. ژهنگیڤە گرنگی دهندەك وەلاتا پی هاتە دان نەخاسمە لئەورووپاو چەند وەلاتیت روژ ئاڤا بەلی لئاسیا هەر هیچ. نەخاسمە ئافرەتا کورد دچار وەلاتا دا بچەند ئالیاڤە هەر یا تەیە سەر بوویە هەلبەت دەستەکیت رەوشەنبیرو نڤیسەر زور جارا ئەڤ هەستە یا دمیژیی خودا لڤلڤاندی‌و بیروباوەرید خوبید داریژتیە سەر کاغەزی. هەر ئیکی برەنگەکی ئافرەت یا هەلسەنگاندی‌و یا سەلماندی کو یا مافبەرزەیە.

ئیك ژ وان مروڤدوستا (هەنرین ئیبسن ١٨٢٨-١٩٠٦)ی نورویژی ژ شانو نامە نڤیسا، دزوربەی بەرهەمید خودا پشتا ئافرەتی دگریت‌و پیکولی دکەت بینیتە ریزا زەلامی. بو میناك دشانویا (مالی بووکەشووشە)دا دەر دکەڤیت، کو ئەو شانویابوویە بەلگە نامەیەکا ویژەیی ژ بو خاستنا سەرفەرازییا ئافرەتی دکومەلگەها جیهانیدا.

هەروەتوف (شیکسپیری مەزن ١٥٦٤-١٦١٦ ز) ڤیان‌و وەفادارییا ئافرەتی د زور بەرهەمید خوەدا دیار دکەت.

دیسا خانمەکا دەروونزان بناڤی (کلبیود ئالسون) دەمی بوگوڤارەکی دپەیڤیت. دبیژیت (ژ لایی هەستید دەروونیڤە ئافرەت ژ زەلامی بهیز ترە) ڤیجا دەنگ‌و پیشنیاریت چینەکا تیگەهشتی بوو ئەگەرا گورینکارییەکا جڤاکی، نەمازە ژ بو پەلخاندن‌و پەڤاندنا دیواری بی دەنگیی لپیش سینگی ئافرەتی، هەتا ئافرەتی مافی هەلبژارتن‌و دەنگدانی بدەستڤە ئینا.

ب دویڤ لیکولینەڤیت ریکخراوین کار بدەست ئافرەتید جیهانی هەتا نوکە ١١٪ی کورسیید پارلەمانا یید بدەستڤە ئینای هەلبەت ئەڤ لیکولینەڤە دیار دکەت لوەلاتید کو رەگید دیموکراتیك هەی وەك پیتڤی ریکا ئافرەتی بەرفرە نەکریە نسبەت ب ئوسترالیا کو پشتی ٤٢ سالا ئافرەتی خو کیشایە دناڤ کابینەو پارلمانا لوەلاتید بولیڤی ١٤ کەس، ل سەنگال ١٨ کەس، ل سەنگاپور ٣٦ کەس ئافرەتا خو یا کیشایە دناڤ پارلەمانی دا.

ئو لڤان پارلەمانید جیهانی دا ئافرەتی پتر ژ ٣٠٪ کورسیید پارلەمانی‌ییت بخوڤە گرتی ئەو ژی کووبا ٢٣/٩٪، فەنلاند ٣٨/٥٪، نورویژ ٣٥/٨٪، سوئیس ٣٨/٥٪و گوایانا ٣٦/٩٪.

هەلبەت دەولەتا کوویت‌و بەحرین مافی ڤیتو لدەنگدانا ئافرەتی یی هەی بەلی مەراکش‌و لوبنان هیچ مافەك نە دایە ئافرەتی.

یا ژ هەژی گوتنی‌یە د ناڤ سەرکردایەتییا پارلەمانیت ئالمان، ئوتریش، ئیسلەند، گرانادا،

لوگزامبورگ، ئیتالیا، نورویژ، سوئیس و سوئید ئافرەتی دەستهەلاتەکا باش یا بدەستڤە ئینای.

## ئافرەتا کورد دفەرهەنگی شورەشگەریدا

ئافرەتا کورد دل و جانی سەرهەلدانی یەو فیروانە دخـاندنگەها شـورەشی دا، شـورەشگیرا د ئـینیتە بەرهەم. ئو دگەل قوتابین خو دچیتە ناڤ چەپەرین بەرخوەدانی ل دویڤ هندی دا کو وەك پیتڤی یا ئازاد نە بوویە، بەلی لتەڤ کاو دانیت هەمە جوردا بهەمی رەنگ و ریکا یـا خـو وەشـاندیە دنـاڤ گـورەپانیت بەرەڤانی و بەرخوەدانی دا ژ بو گـەهشتن ب مـافیت رەوایی گەلی خوە هندەکا بدەنگی زەلالی خو، بریکا ئسترانی یی ڤیای شیرەت و داخازی و دەردین جڤاتی بەر گوهین گەلی خو خویا کەن و بـیرو بـاوەرین خـو ئاشکرا کەن ژبو خزمەت بگەل و وەلاتی. ژوان شیرە ئـــافرەتا ژی وەکـــی مـــریەم خـــان، گـــولستان، شەهریڤان و... کو نە تنی سترانا کوردی یا فولکلوری پیش ئیخست، بەلکو دەنگی وان یی بوویە دەنگی شورەش و راپەرینی، یی بوویە دەنگـی جـەماوەری دژی فاشیستاو هندەك دارو دەستا. ئو زەکیا ئالکان و رەوشەن قوربانییت بهیز ئیخستنا مەشخەلا ئاگری نەوروزی و برەوش ئیخستنا جەژنا نەتەڤی یا کوردی. ئو لەیلا قـاسم و هـەزاران قـیزید وەك وی بـهندەك ریکیت دی بەر پەریت دیروکی ییت نەخشاندی بو هەتا هەتا.

دەمی کـەلە کـەلا شـورشا ئـەیلوولا مـەزن کـو پیشمەرگەی پشتا خو لمال و خیزانی خو دکرو دکەڤتە ری بو ناڤ سەنگەرا شەرەف و میرانیی پتر ژ سالەکی ئەڤ پـیشمەرگەیە نـە دزڤـریڤە، هـنگی ژی هـەر ئافرەتا مالی بوو کو هەمی کارو کاسبیا مـالی بـریڤە دبـــر، دیســا دەمـــی پـــیشمەرگەی لسـەری چـیا بەرسینگی دوژمنی دگرت ئو چەند روژو شەڤا لوولیا تفەنگا وان سار ڤەنەدبوو، هـەر ئـافرەت بـوون کـو پارزینك و دیمك تەژی نان و ئاڤ دکرن و بو دبرنە گـورەپانیت نـاڤ شـەری و خـو بـپیشمەرگەی را دگەهاندن.

یا خویایە ئافرەتا کـورد چـجارا دەسـتی خـو ژ داڤـەرستا خـەباتی بـەر نـەدایـە و نـابەردەت ژ بـو گەهشتن بئارمانجیت کو هزاران قیزو لاوا خوینا خو ژ بو ریتی. نە مازە ژ بو گـەهشتن بـڤی چـارەیی خـو نوسین لسەر شەنگەستەکی دیموکراسی و باژیرڤانی. دیسا ئافرەتی هەمی دەزگاییت ئازاردانی یـیت پـی هـــاتیە جـەرباندن یـیت هـاتیە شـەهید کـرن د زیندانیت فاشیستا دا بیی هندی کو پەیڤەکا وەتوف ژ دەڤی وان دەرکەڤیت کو رژیم مفایی ژی وەرگـریت لەو ئەگەر ئافرەت هەر کورتیەکی لژیانا خو ڤەگیریت پەیڤیت ویٚ دی جهی هوزانی، پەخشانی، چیروکی و رومـــانیت پـــر ســەرهاتی پـــرکەتەڤە. پـەیڤ و سەرهاتییت ئافرەتا کـوردن کـو هـەست و ویـژدانـا مروڤایەتی د هژینن نە مازە ئافرەتا پەنابەر...

لدووماهیکی دی بیژین گەر هەڤکاریەکا تەڤایی هەبا کاروانی خەباتی دا زیدەتر بەرەو پـیژڤە چـونی چیت.

ئیدی بهیڤیا وی روژی.

● هەڤالانی لاوو قوتابیمان بەردەوامن لە نواندنی چالاکی جوراوجور کە لە خوارەوە هەوالی هەندیك لەم چالاکییانە بو خوینەرانی هیژای گوڤارەکەمان بلاو دەکەینەوە. هیواداریـن لە مـە بەدوواش قوتابیان و لاوانی ئاوارە رولی چالاکانەی خویان بگیرین و هەوالنیرانی گوڤارەکەشمان هەوالی جموجولەکان بە تیرو تەسەلی بومان رەوانە بکەن:

## هەوال و چالاکی

□ مەشهەد

* ریکخراوی یەکیتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە مەشهەد تیپیکی توپی‌پیی لە لاوان و قوتابیانی سنووری چالاکی خوی پیکهینا.
هەوالنیرمان لە مەشهەد رایگەیاند ئەم تیپە کە ناوی (سەفین)ی لە سەردانراوە لە ٢٣ کەس پیکهاتووەو هەڤال ئەیووب‌هاشم سەرپەرشتی دەکات.
ناوی ئەندامانی تیپی سەفین بە شیوەی خوارەوەیە:
ئەیووب هاشم (سەرپەرشت)، حەکیم سالح (راهینەر)، بەهزاد نەعمەت (گولیر)، کوڤان ئەمین، ناسری غولامی، شوان ئەمین، مەحموود محەممەد، بەختیار سوبحی، فەرهاد نەجم، لوقمان سالح (کاپیتان)، هیوا عەبدولقادر، مەهدی شەلال، ئازاد سالح، بشار محەممەد، هاشم ئەیووب، ماجد نەجم، رزا نەعمان، نیهاد ئەیووب، هوشیار سوبحی، فەرهاد ئەیووب، فەرزندە نەعمان، عیماد نەجم خالد، دلوڤان ئەمین.

* کاك حوسین عومەر لە شاری نیّشابوور توانی لە وەرزشی کاراتە پشتینی قاوەیی (کیو ٢) وەربگری. بە گویرەی هەوال تەمەنی کاك حوسین ١٢ سالەو بە دلگەرمی دریژە بە وەرزشەکەی دە دات. ئیمەش داوای سەرکەوتنی بو دەکەین.

* روژنامەی (قودس)ی پاریزگای خوراسان چاوپیکەوتنیك لە گەل ماموستا (تەوەحودی) ساز دەکات.
هەوالنیرمان لە مەشهەد رایگەیاند روژنامەی ناوبراو لە ژمارە (٢٠٥٠) ریکەوتی ٢٨ی بەفرانباری ٢٦٩٤ ئەم چاوپیکەوتنەی لە ژیر سەردیری (کورد، چیا،


هەڤال حوسین عومەر لە نیّشابوور

سنوور) چاپ و بلاو کردووە.
ماموستا تەوەحودی لەم دیمانەیەدا ولامی زنجیرەپرسیاریکی روژنامەی (قدس) سەبارەت بە ژیانی خوی و تایبەتمەندییەکانی کومەلگای کوردەواری و کەلتوورو فلکلوری کوردی دە داتەوەو لە ولامی پرسیاریکی روژنامە سەبارەت بە چونیەتی

کارتیکردنی ژینگەی کورد لە پەروەردەکردنی ئـەم گەلە دەلی:

(... سـەیرکەن، کـوردەکـان هـەر لە نـاخەوە سەربازن، میژوو ئەو شتە پیشان دەدات. کوردەکان یەکەم گەل بوون کە بە ناوی ماد قەرالستانی ئیرانیان دامەزراند. (کـوروش)یش دیسـان هـەر زاوای ئـەم کوردانەیە. ئەوە کوردەکان بوون کە ئەویان بانگیشە کردو دەسەلاتیان پیدا. هەر ئەو کوردانـە بـوون کـە رومـیان گـرت. ئـەم هـەستە دلیـرو جـەنگاوەرییە هەمیشە لە دەروونی گەلی کورد دا هەبووەو شـتیك نییە کە ئیستا فیری بوو بن).

هـەروەها لە ولامـی پـرسیاریکی‌تر هـەر لەم بارەیەوە دەلی:

(پیم وایە کوردو کیو پـیویستی یـەکـترن. کـورد ناتوانی لە دەشت بژیێ، ئەگەر کورد برواتـە دەشت دەمری! ئەوە کە، سەددام کوردەکـان بـو بـاشووری عیراق دەگوازیتەوە لە بەر ئەوەیە کە لە کیو دووریان بکاتەوە. سەددام دەزانی ئەگەر ئەوانـە لە کـیو دوور بکـــاتەوە دەمـــرن. کـورد کـــاتیك بــیتە دەشت تایبەتمەندییەکانی خوی لە دەست دەدات. دەشت خوشکینیو سەردانواندن دینی بەلام کـیو دلیـریو جەنگاوەری).

□ سمنان

* هەوالنـیرمان لە سـمنان رایگـەیاند ریکـخراوی یەکیتی لاوان لەم باژیرە پیشبرکی یەکی شەترەنجی بە ریوە برد کە لە کـوتایی خوشکە غـەریبا سـەید عەبدوللا پلەی یەکەمی ودەست هیناو کاك ئەدیب مستەفاو کاك ئەنوەر شورو بە دووهەمو سیهەم دیار کران.

پر بە دل پیروز بایی خوشکە غەریبا دەکـەینو هیوادارین سەرکەوتووبیت.

* هەروەها بە گـویرەی هـەوال لە ئـاکـامی یـاری توپی‌پیی گول بچووك کە لە نیوان شەش تیپی، پینج کەسی لە سنووری ریکخراوی سمنان بە ریوە چوو تـــیپی رزگـــاری پـلەی یـەکـەمی وەدەست هـینا. یاریزانانی تیپی رزگاری بریتین لە هەڤالان:

ئەمیر محەممەد، ئـیبراهـیم جـهانگیر، عـزەت شوکری، سەردار ئەحمەد، سەمیر محەممەد کـە لە لایەن لیـژنەی ریـکخراو خـەلات کـرانو ئـیمەش پیروزبایی ئەم سەرکەوتنەیان لی دەکەین.

* هـــەوالنـــیری تـــیکوشەرمان لە ســـمنان چاوپیکەوتنیکی لە گەل هەڤال سەید مووسا سـەید عەبدوللا ساز کردووەو دەقەکەی بو گـوڤارەکـەمان رەوانـە کـردووە. هـەڤال مـووسا لە دووهـەم مـانگی هاوینی ١٩٦٨ لە شاری رەوانـدز لە دایك بـووەو لە سـالی ١٩٧٥ ژیـانی ئـاوارەیـی لە ئـیران دەست پیکردووە. پلەی خویندنی دیپلومەو شارە زاییەکـی چاکی لە کاروباری کارەبا هەیەو ئیستاش هەر ئەم کارە دەکات، هەروەها ناوبراو وەرزشکـارەو تـائیستا توانیویەتی لە وەرزشی کیشهەلینان (رفع الاثقال) لە (٦٠) کیلو پلەی یەکەم وە دەست بینی.
ئـیمەش ویـرای سـوپاس لە هـەوالنـیرمان داوای سەرکەوتن بو هەڤال مووسا دەکەین.

□ ئەلوەند

* پیشبرکیی روشنبیری لە نیوان هەڤالانی قـوتابی ولاوی ئـەلوەند کـوتایی پـیهاتو هـەڤالان سـالح ئیسماعیلو سالح قاسمو ئـەحمەد یـووسف پـلەی یەکەم تا سیهەمیان وەدەست هینا.

* هـــەروەها هـــەوالنـــیری گـــزنگ لە دریـــژەی راپورتەکەی رایگەیاند کە تـیپی تـوپی‌پیی لاوانـی

ئەلوەند بە ناوی (کوردستان) توانی لە خولی تۆپی پێ لە پارێزگای قەزوین کە چواردە تیپ بەشداری بوون پلەی چوارەم وەدەست بێنی و ناوی کوردستان لە گۆرەپانی وەرزشگا بەرزکاتەوە. ئەمەش ناوی ئەندامانی ئەم تیپە تێکۆشەرەیە:

ساڵح قادر (سەرپەرشت)، حاجی نووری (ڕاهێنەر)، دەلیل خەلیل (کاپیتان)، قانع حەسەن، حەیدەر مەلا، عەبداڵ نووری، غیاس یەحیا، محەممەد ئەحمەد، بەختیار مستەفا، ئەمین نووری، قەهرەمان ئەبووبەکر، سلێمان کەنعان، حوسێن مستەفا، یاسین محەممەد، عشقی خەلیل، موحەممەد عەبدولمەناف، نیهاد محەممەد، حوسێن خەلیل، فەرهاد ئیسلام، فەرمان فارس.

ئێمەش سپاسی ئەم هەوڵە شۆڕشگێرانەیان دەکەین و پیرۆزباییان پێدەڵێین.

* بە بۆنەی بیرەوەری ١٨ی شوبات ڕێکخراوی لاوان لە ئەلوەند هەستا بۆ بەڕێوە بردنی پێشبرکێیەکی تۆپی پێی گوڵ کچکەو تێنیس کە جەماوەری ئەم سنوورەو قوتابیان و لاوانی خوێنگەرمی کورد لە ئەلوەند بە باشی پێشوازییان لێ کردووە.

لە پێشبرکێی تێنیس هەڤالان محەممەد سەلیم بەکر بە یەکەم و سابر مەلا ئەیووب دووهەم و قەهرەمان ئەبووبەکر بە سێیەم دیار کران و هەڤال جیهاد زەنگەنە خەلاتی ئاکارباشی وەرگرت.

ئاکامی پێشبرکێی تۆپی پێی گوڵ کچکەش بە شێوەی خوارەوە بوو:

تیپی کوردستانی (ئا) یەکەم، کوردستانی (بێ) دووهەم و تیپی سەفین بە سێیەم دیارکران و تیپی ئومێدی کوردستان خەلاتی ئاکارباشی وەرگرت و خەلاتی تیپەکانی تریش لە لایەن ڕێکخراو لە ڕێورەسمێکی تایبەتی پێشکەشیان کرا.

دەستخۆش بۆ هەڤالانمان لە ئەلوەندو داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.

□ یەزد

بە پێی ڕاپۆرتی هەڤالانمان لە یەزد لاوانی ئاوارە ئەم چالاکی یانەی خوارەوەیان ئەنجام داوە.

* پێشبرکێی تێنیس کە هەڤالان نزار ئیسماعیل و ئەهواز فارس و دلدار حەسەن بە یەکەم تا سێیەم دیارکران.

* پێشبرکێی گوڵ کچکە بە پشکداری حەفت تیپ کە ئاکامەکەی بە شێوەی خوارەوە بوو:

تیپی یەکەم: نزار ئیسماعیل، ئەبووبەکر قادر، جەواد محەممەد تەمەر. تیپی دووهەم: لوقمان خەلیل، ئەهواز فارس، نەجات عەزیز. تیپی سێیەم: سابر ئیسماعیل، هوشیار حەسەن، دلشاد سەجرەددین.

* پێشبرکێی تواناو زیرەکی لە سی قوناغی منداڵان، مێرمنداڵان و لاوان کە ئەم هەڤالانە بە یەکەم دیارکران.

سەردار حەسەن (منداڵان)، مەهدی مرادخان (مێرمنداڵان)، عەقید ئەحمەد (لاوان).

* پێشبرکێی ڕاکردن بە ئامادە بوونی ٢٥ کەس کە هەڤال لوقمان خەلیل بە یەکەم دیارکرا.

شایانی باسە خەلاتی سەرکەوتووەکان کە ڕێکخراو دابینی کرد بوو بریتی بوون لە پەرتووک، پوشاکی وەرزشی و تابلو، بە دەستی چەند پێشمەرگەیەکی دلسۆزو لە مێژینەی شۆڕشەکەمان پێشکەشیان کرا.

* ریکخستنی کاروباری سەفەرو سەیرانیك بو ناوچەکانی دەوروبەری یەزد کە لاوان بە چاکی پیشوازییان لی کردووە.

* دامەزراندنی سندووقیکی یارمەتی کە لە کاتی پیویست دەستی هەڤالان بگری‌و هاوکارییان بکات‌و مەسرووفاتی چالاکی ریکخراوی پی دابین بکریت.

* لینانی جەمیك شیو بە بونەی جەژنی رەمەزان‌و دابەش کردنی بە سەر مالە کوردەکان لە گەل نووسراویکی پیروزبایی جەژن لە لایەن ریکخراوی یەکیتی لاوان.

* دامەزراندنی تیپیکی وەرزشی تیکڤاندو کە هەڤال ئەبووبەکر قادر سەرپەرشتی دەکات.

* چەندین جار سەرەدانی نەخوش‌و بەناوی ریکخراو پشکداری لە ریورەسمی تازیەو... هتد.

ئافەرین بو هەڤالانی لاو لە یەزد. دەستتان خوش‌و هەر سەرکەوتوون. هیواداریـن ئەم چالاکییانە ببنە سەر مەشقی هەڤالانی‌تری ئاوارەمان‌و ئەمەیە خزمەت و ئەمەیە ئاکارو کردەوەی لاوانی شورشگیرو کولنەدەر. دیسان دەستتان خوش‌و لەشتان هەر سەلامەت بی □

## مەتەل.

جەمیل ئەحمەد

١ـ کیشکا بەقی چوناڤ خەتی خودی نەبیت کەس ناگەتی؟

٢ـ ئەلفی گوتە جیمی قافی ببە بو میمی؟

٣ـ کاغزەك من دیت بنی دنی هەمی مەلاو عالم هاتنی نەهاتە ڤەخاندنی؟

٤ـ نەل عەردی نەل عەسمانی خارنا وی گوشتی ئینسانی؟

٥ـ سەرژیهەل کە دی خالی بیت سەرژوردا کە دی پربیت؟

٦ـ تشتەك هەیە هەمی تشت دچیتی بەلی مستەکا ئاخی ناچیتی؟

٧ـ دچیتە سەری پر د بیت تیتە خاری خالی دبیت؟

٨ـ تەنوورا زمزم تەژی نانی گەنم؟

٩ـ دەشتی شینە بازیری رەشە مالدا سورە؟

□ □ □

بو دیتنا بەرسڤا سەح کەنە قودیکی

بەرسڤێن مەتەلا

[illegible]

# هەڵەبجە

● لە ریکەوتی ٢٦٩٤/١٢/١٨ی کوردی بەرامبەر بە ١٩٩٥/٣/٩ قوتابیانی کوردی عیراقی لە زانکوکانی تاران بە هاوکاری ئەنجومەنی ئیسلامی خویندکارانی کوردی ئەم زانکویانە ریو رەسمیکی ریکوپیکیان لە هولی (شەهید چەمران) بەریوە برد.

هاوری لەگەل ژمارەیەکی زوری کە سایەتیو ناودارانی کورد، هەڤالی بەر پرسی لقەکەشمان بو بەشداری لەو ریو رەسمە بانگیشە کرا بووکە وتاریکی پیشکەشی بەشدار بووان کرد. فەرموون لە گەل دەقی وتاری هەڤال ریبوار:

### بە ناوی یەزدانی گەورە

ئامادەبووانی هیژا:

بەرلە هەموو شتیك، پیم خوشە، دان بەوراستییە دابینم کە، ئەگەر ئەم کورە فراوانە بوریزگرتن لە شەهیدانی هەلەبجە نەبا، قەت ئەو جورئەتەم بە خونەدەدا، کە لە دیوانی بەریزانی وەکو ئیوە، وتار بخوینمەوە. چونکە بە راستی کاریکی دژوارو گرانەو لە کەسیکی وەکو من ناوەشیتەوە.

بەلام دلنیام کەرای ئیوەی بەریزیش ئەوەیە، کە تاوانی هەلەبجە ئەرکیکی قورس‌و گرانی خستووەتە ئەستوی هەر کوردیكو بەلکو هەر مروڤیکی خاوەن شەرەفو ویژدانو بویە لەسەر ئیمەش پیویستە، بەهەر شیوەیەك کە بومان بلوی دەنگی زور لیکراوی ئەو شەهیدە سەر بەرزانە بەجیهان بگەیینین.

هیژایان:

کارەساتی هەلەبجە یەکەم تاوانی بەعسییە کانی دەسەلاتدار لە بەغدا نییەو میژووی گەلی عیراق بە تایبەت گەلی ژیرچە پوکی کورد لەو ولاتە بەزور تیکخراوە پرە لە کردەوەی درندانەو دوور لە مروڤایەتی بەعسییە خوینمژەکان.

وشەی ئەنفال کە بەداخەوە تا ئیستا وەکو پیویست بە جیهان نەناسیندراوە هیمای قەلاچو کردنو بەکوم کوشتنی ١٨٠ هەزار مروڤی کورد بە ئافرەتو پیاوو کورو کچو گەورەو بچووکە، کەلە لایەن چەکدارانی دەسەلاتی فاشی عیراق بی بەزەیانە شەهیدکرانو تەنانەت تائەم کاتەش گلکوی پیروزیان نە دوزراوەتەوە.

هەشت هەزار بارزانی کە بە فەرمانی



مروڤکوژانی بەعسی گیرانو تا ئیستاش چارەنووسیان نە دیارەو کەس نازانی چییان بە سەر

هاتووە.

ئەوە جگە لەو هەموو خەلکەی بەبی تاوان کوم کوم وەبەر گوللەدراون و زندووبەچال کراون و گوندو دیهاتیان بەچەکی شیمیایی و کومەلکوژی تر ویران کراون و هەزاران کردەوەی درندانەی تر کە لیرە مەجالی باسکردنیان نییە.

ئەوەی شایانی سەرنجیشە ئەوەیە کە، دەسەلاتدارانی بەغدا گشت ئەوتاوانە درندانانەیان لە ژیر دروشمی پیشکەوتن و مافی مروف و پاراستنی نەتەوەی عەرەب و دەیان دروشمی بریقەداری تری بەروالەت ناسیونالیستی گەلی عەرەب بەریوە بردو بەداخەوە، زوریش بەداخەوە، قەت حکوومەتیکی عەرەبی تەنانەت بە قسەش نارەزایی خوی لە ئەنجامدانی ئەم کردەوە دژی مروڤایەتیانە دەرنەبری.!

سەددامی لەخوبایی تەنیا ئەوکاتە بە پیشیلکەری مافی مروف وداگیرکەرو مروڤکوژو چی و چی تر ناسرا کە ئاگری دەجوخینەکەی براعەرەبەکانیشی بەرداو تەنیا یەك لە سەدی ئەوتاوانانەی کەلە دژ کوردی ئەنجام دابوو دەرهەق بە ئەوانیشی بەریوە برد. ئەوانەی هاوکاری ئەوکابرایەیان دەکرد، چەکیان پیدەداو چاوی خویان لە ئاست پانوبەرین بوونی کومگە شیمیاییەکانی دەسەلاتدارانی بەغدا بە ئانقەست دەقووچاند تەنیا کاتیك بەخو هاتنەوە کە بەرژەوەندییەکانی خوشیان کەوتە مەترسی و نزیك بوو دولارەکانی ئەوانیش وەکو دینارەکانی کوویتی لە گەل پینج فلسە ژەنگاوییەکەی کوردی هەژار بسووتی و ببیتە خولەمیش. بەلی ئا ئەوکاتە بوو کە تارادەیەك بیچمی راستەقینەی سەددام بەگەلانی جیهان ناسیندرا بەلام مخابن.

بەلی مخابن و سەد مخابن کە ئەوکاتە ئیتر زور درەنگ ببوو.

● **ولاتانی عەرەب حکوومەتەکانی عەرەب گەلی عەرەب لە عیراق و رووناکبیرانی عەرەب بەتایبەت، ئەگەر خویان بەهاوکاری سەددام نازانن دەبی بە رەسمی داوای لیبووردن لە گەلی کورد بکەن.**

هەلبەت نالیم بو خاوەن دولارەکان درەنگ ببوو، بەلکو بو هەزاران قوربانی ئەنفال و شەهیدانی هەلەبجەو بارزانییەکان و لەیەك دەستەواژەدا بو گەلی کورد بوو کە ئیتر درەنگ بوو. چونکە تانەوت هەبی دولاریش هەیە، تا دولاریش هەبی دەسەلات هەر دەستەبەرە. بەلام ئایا ئیستا بەهیچ شیوەیەك دەبی قەرەبوی ئەو هیندەتاوانە کە سەددام دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی داوە بکریتەوە؟ ولام روون و ئاشکرایە، گیان کە لەشی بەجی هیشت ئیتر ناگەریتەوە، بەلی مروف کە مرد ئیتر قەت لە جیهانی (ماددی) زیندوو نابیتەوە، جاکەوایە ئەی چارە چییە؟ بەداخەوە میژوو بەر لە ئیستاش تاوانی درندانەی لە چەشنی بەعسیەکانی بەغدای لە لاپەرەکانی تومار کردووە. جیهان و دیروك چەنگیزو هیتلەرو موسولینی و دەیان سەددامی تری دیوەوکارەساتی هیروشیماو بەکوم کوشتن و قەلاچو کردنی نەتەوەی جوولەکەی بەدەستی نازییەکانی ئەلمانی لە بیر نە چوتەوە بەلام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ئەلمانی دووای هیتلەر ئەگەر پیی نەکرا گیانی جوولەکە کانی سووتینراو بگەرینیتەوە ناو سابوونەکانی چاکراوی کوورە مروف سوژەکانی نازی، خو دلداری ئەو خەلکە زورلیکراوەی داوە. خو گەلی ئەلمانیا ئیستاش لە ئاست مروڤایەتی و خەلکی جیهان خوی بە شەرمەزار دەزانی و داوای لیبووردن

دەکـات. خـو گـەلی ئـەمریکا لە کـردەوەکـانی لە هیروشیماو ناکازاکیو ڤییەتنام هـەست بـە گـوناهو شـەرمەزاری دەکـات. خـو ژاپـون لەو گـەلانەی لە شەری جیهانی بە هوی حکوومەتەکەیان تـووشی کولەواریو نەهامەتی ببوون داوای لیبووردن دەکات.

بەلام بو گەلی چەوساوەی کورد چی؟!

بە بروای من کمترین کار کەدەبی بو گەلی کورد لە بەرامبەر ئەوهەموو زوردارییەی لیی کراوە بکری ئەوەیە کە دەبی داوای لیبووردنی لی بکەن، ولاتانی عەرەب حکوومەتەکانی عەرەب گـەلی عـەرەب لە عیراقو رووناکبیرانـی عـەرەب بـەتایبەت، ئـەگـەر خویان بەهاوکاری سەددام نازانن دەبی بە رەسمی داوای لیـبووردن لە گـەلی کـورد بکـەن. دەبـی بـە کوردبلین، کە بـەهوی ئـەو هـەموو درنـدایـەتیەی سەددام بەناوی عەرەب دەرهەق بەو گەلەی ئەنجام داوە شەرمەزارن.

هەروەها ئەو ولاتانەی هاوکاری هەمەلایەنەی رژیمی عیراقیان کـردو ئـەو هـەموو هـیزو تـوانـای سپاییيان بو پیکهیناو بەریاندایە گیانی گەلی کوردی بی دەرەتان، ئیستا دەبی داوای لیبووردن لەو نەتەوە قەلاچوکراوە بکەن، دەبی دان بە هەلەو شەرمەزاری خویان دابینن. کە ئەوە کمترین هەولە بو پاکانەیان لە هاوپشکی لەگەل تاوانباریکی وەکو سەددام.

ئەگەر جیهانی پیشکەوتووی سەدەی بـیستەم دروشمی دادگەری کومەلایەتیو پـاراسـتنی مـافی گەلانو دیموکراسی هەلگری، دەبی زورساویلکەبی کە گەلانی ژیر چەپوکی وەکو گەلی کورد سەددامیکی هەلاتوو لە دەستی عەدالەت ببینو ئەوجا ئیمان بە دروشمەکەی ئەوان بینن.

ئەگەر دادگەری هەبی ئەگەر مافی مروڤ هەبی، ئەگەر توزقالیك هەستی مروڤایەتی هەبی، پیویستە تاوانبارەکانی بەغدا دادبکرینو سزای کردەوەکانیان ببینن. وەگەرنە تایاری سیاسی بە خوینی مـنالانی شەهیدی هەلەبجە بکری، تا کوشتاری درندانـەی ئەنفالەکانو بی سەروشوین کردنی هەشت هەزار لە خەلکی سیڤیلو بیتاوان لە بەر خاتری چەند بەرمیلە نەوتو بەرژەوەندی ئەمو ئەو ولاتو ئایینو حزب لە بیر ببردری، کوردیکی وەکـو مـن زورلیکـراو چـون دەتوانی پشت بەو عەدالەتو دادگـەرییە بـبەستیو ئیمانی پی بینی؟ جا بە رەچاوکردنی ئەو راستییە، کە تا منی کوردی سەرکوتکراو بە مافی خوم نـەگـەم، مەحالە مافخورانو داگیرکەران توزقالیك ئاسوودەیی بچیژن، باشتر نییە بیریکی قوولتر لە کـیشەی ئـەو گەلە بکریتەوە؟

ئامادە بووانی هیژا: سـەرەرای ئـەو شـتانەی لە سـەرەوە بـاسکرا پـیویستە لیـرە چـەندیکیش لە مەرخومان بدویم.

لە کورد بدویم، لە گەلیکی هەژاری کەو ئاسا کە تەنیا بـە خـوی دەویـریو بـەداخـەوە ئـیمانی بـەو قەفەسە هیناوە کە بویان داتاشیوەو تەنیا چـاوی لە وەیە کە هەندیکیتر کارەکـانی ئـەنجام بـدەن، لە کاروانی پیشکەوتنی گەلان دووا کەوتووینو ئەگـەر جار جار لیرەو لەوی خوا نەکردە زاناو ئیستا گوتەنی رووناکبیریکمان لی هـەلکەوتبی ئـەوجەنابەش یـا لەجیاتی خزمەت بە گەلەکەی بووەتە خزمەتکاری بە ئەمەگی خەلکانیتر، یا هەر هینانی ناوی کوردی لەلا شوورەیی بووەو خوی لە گەلەکەی جیا



کردوتەوەو ریچکەیەکیتری بریوە. خوا هەلناگری

ئەگەر چەند کەسیکیش هەبووبن کە بولەیەکیان لیوەهاتبی ئەوجا چەند کوردەکەوئاساییکی دەستەموی ناحەزان لییان هاتوونەتە دەستو تییان هەلداوەو سووکایەتییان پیکردووە.

براینە بەراشکاوی دەلیم، ئەگەر بمانەوی بە ئاواتەکانمان بگەین، ئەگەر گەرەکمانبی خوینی شەهیدانمان لەوانەش شەهیدانی کارەساتەکەی هەلەبجە بە فیرونەروا دەبی خومان ببزیقین، دەبی هەول بدەین، دەبی خەبات بکەین، تەنیا دامەزراندنی کوریکی ماتەمینی، دەنگی شەهیدانی هەلەبجە، دەنگی زور لیکراوی گەلەکەمان بە جیهان ناگەیینی. نالیم ئەو کارە خوانە خواستە بیسوودە، زوریش کاریکی بەکەلکە بەلام دەبی بەرنامەیەك بو ئەو ئەرکە گرنگە دابریژری، دەبی بە بەرنامە بنووسین، وتار بخوینینەوە، فیلم دروستبکەین، هوزان بهونینەوە، سمینار دابنیینو لە گەل ئەوەشدا دەبی هەول بدەین گشت ئەو خەباتە لە هەموو بوارەکاندا بە ئاگاداری رای گشتی جیهانی بگەیینین. ئیمە تا مانگیکیتر لیرە هاوار بکەین، بەلام کە خەلکیتر هایدار نەبن چ سوودیکی دەبی؟ ئەگەر کاریکمان پی بکری لە ناوخەلکی خومان، لە جیهان، دەکری دەنا فەرموون، فولکلوری کوردی پرە لە بەسەرهاتی ئەو کوردانەی داگیر کەرانو دوژمنان سەرکوتیان کردوون، تالانیان کردوون، بەلام کی لیی ئاگادارە؟ کەوایە، دەبی هەول بدەین بو ئەوەی ناوەندیکی تایبەتی دابمەزرینین کە چەند رووناکبیرو پسپوری کورد بەریوەی بەرنو گلالەیەکی ریکو پیك بو ئەم کارە گرنگە دابریژن. بویەش پیشنیار دەکەم هەر ئەورو چەند کەس لە زاناو پسپورەکانی ئامادە لەو کورە بو ئەم کارە دەستنیشان بکرین. هەر وەها پیشنیاریکی ترم هەیە کە ئاراستەی بەشدارانی بەریز دەکەم.

پیشنیار دەکەم تووماریك لە ئیمزای گشت بەشدار بووانی ئەم کورە ئاراستەی نووسینگەی (U.N)و ئاژانسی هەوالو بالیوزخانەکان لە تاران بکریتو داوا بکریت، روژی بوردومان کردنی هەلەبجە بە روژی جیهانی بەربەند کردنی بەرهەمهینانی چەکی شیمیایی دیار بکریتو رابگەییندریت.

لە کوتاییشدا، ویرای سوپاسی گەلەك زور بو بەریزان قوتابیانی زانکو کە ئەوهیندە زەحمەتەیان کیشاوە، لە یەزدانی گەورە داوا کارم ئەو دەرائەمان بو برەخسینی کە ئەرکی گرنگی گەیاندنی پەیامی خوینی شەهیدانی کوردستان کە لە سەرشانی هەموومانە سەر بەرزانە بەجی بینین □

# مێژووی یەکەمین سێ ڕیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەبوو نەبوو، کەس لە حوکمی گەل گەورەتر نەبوو، کەس لە گەل دلسوز بە گەل خوشەویستر نەبوو، کەم کەس لە سەدام درندە ترو بی ئابرووتر هەبوو... لە کوتایەکانی سەدەی بیستەم دا ئا لەم ناوچەیەدا حکوومەتی هەبوو... ئەم حکوومەتە، بەلیمەتە، لەتوپەتە، زور شەکەتە، پیکهاتەو بەرەنجامی ئیسكوپروسكو خوینی سەدان هەزار شەهیدو فرمیسکی سەدان هەزار دایکی جگەر سووتاو، بەرهەمی راپەرینەکانی کوردستان بوو، ئەم حکوومەتە، زور سەرقەتە، بە ئیفلیجی لە دایك بوو، کویرو شەلوکەرولال بوو، هەر خەریکی گروگال بوو، هەر ساوا بوو، پیی نە ئەگرتو نە ئەگرت، نەی ئەتوانی هەلبستی ونەی ئەتوانی دابنیشی.

ئەم حکوومەتە دوو حکوومەت بوو، دوو سەروكو دوو وەزیرو دوو گزیرو دوو مدیرو دوو فەراش بوو... هەر جیگەیەك سەوزیك هەبوایە بەرامبەری زەردیك هەبوو، زەردیك هەبوایە بەرامبەری سەوزیك هەبوو، بە کورتیکەی: ئەم حکوومەتە فیدراله، زمان لاله، روکەش پتەو ناو بە تاله، بریارەکانی بەمردوویی لە دایك ئەبوو، هەموو کاتیك دیموکراسیو مافی مروڤ لە سەرزمانی لالی بوو، کەچی ئەشکەنجەو لیدانی هەموو کەسیك بە تاوان بیت یان بیتاوان حەلال ببوو، سەرتان نەئیشینم، گولو بەریحانەتان بو بوەشینم، دروزن دوژمنی خەلکە هەر راستی بەفەرو کەلکە، ئەم حکوومەتە، دوولەتە، ببووە دیوەزمەی سەرسنگی ئەو خەلکە نەگبەتە.

ئەو جەماوەرەشە کەتە، پاش سەدان سالی کویرەوەری، ترسو لەرزو دەردەسەری، بە دلیکی سافو بیگەرد دەنگیان بو ئەم حکوومەتەدا... وایان زانی ئەو حکوومەتە سکی بەتالیان تیر ئەکاو ئازادییان دابین ئەکاو خائینان بەدارا ئەکا.....

روژ هاتو رویشت، سال هاتو چوو، کەچی گیپەری ملی مەسوولانی نا مەسوولی ئەم حکوومەتەو گشت حیزبەکان، ئەستوورتر بوو، گیرفانیان زیاتر پر بوو، ئەم مەسووله چاو برسیە تیرنەخورانەمان، داروبەردی کوردستانیان برد بەتالان، خویان فروشت تەنانەت داروبەردی ئەم ولاتەیان گومرکاند، بو تالانیو قاچاخچیتی هەموو سنووریکیان بەزاند.... روژ هاتو روژگاری چوو، خەلکی ماندو وبرسیتر بی کارتر، روژگاریشیان زورتر رەش بوو... چارەرەشی ئەوگەلەمان هەر لەوەدا نەمایەوە!! سەرباری قاتیو قریو گرانی، کونە شەری براکوژی بو دەیان جار سەری شوومی هەلدایەوە، بو دەیان جار سەدان رولەی هەژارانی ئەم میللەتە لە بەر خاتری چاوی رەشی سەرکردەیەك لە خوینیاندا تلانەوە.

زورمان وتو هیچ نەبیسترا، (مەنسووله کان) گوییان بەمسی تواوە ئاخنی بوو، لە بەر جامی رەشی سەیارە نوی مودیله کانیان، توانای بینینیان نەمابوو.

خەلك زانیی ئەم حکوومەتە فیدرالییە، خەیالییە،... قەت تی ناگاو لە جەماوەر نا حالییە!!!

لەو دەمەدا چارمان نەما سێ ڕیانیکمان لە بەردامـا. یان رازی بوون بە برسیتی سنگ هەلگوشین لە ژیر سایەی ئەم حوکمەتی بیلەززەتی هەریمەدا... یان حوکمی رەشی دیکتاتور لە ژیر سایەی زەبروزەنگدا، یاخود راپەرینی چوارەمو سەرفەرازی تا هەتایی لە ژیر سایەی حوکمی گەلدا.

لە گوڤاری (پیشکەوتن) ژمارە ٥٥ وەرگیراوە

# ئەڤ گولە من بۆتە چنی

ویکتۆر هۆگۆ

ئەڤ گولە من بوتە چنی، بەری هنگی کو بچنم، ددەرزا زنارەکی بلند داوینا گرەکی پر لیژ، سەری خوە سەر چەمەکیدا چەماندبوو، ئو بلی هەلویی بەرزەفر ریکا چ کەسەك دی نە دکەتی.

هیدی هیدی شین دبوو، سیبەرا ئیڤاری بەرە بەرەو بناز سەردا دهات.

ل جهی کو تاڤ ئاوا دبوو، شەڤا تاری تاقەك ژ عەورین بشەپیل وەکە تاقەك ئەرغەوانییە سەرکەتنی کو ژبو سەر کەتنەك مەزن چیدکن، سەر راست کر بوو.

بایەوانین بەلەما بەرە بەرە وندا دبوون. بانیت خانیا تە دگوت قای لخوەیا کرنا خوە دترسن، دزیڤە دتەییسین.

خوشتەڤیا من:

من ئەڤ گولە لداوینا وی گری چنی. گولە کا سور نینە، بی بیهنە ژی، چونکە رەهین وی لوی زناری بلی تالیو تفتیی، چ بەهرە وەرنە گرتیە. دەما چنینا گولی، من گوتە خو: گولا بەلەنگاز! وەسا دیارە کو چارە نڤیسا تە ئەڤ بوو کو تو ژی وەکی کەوزو هەوران لسەر قووچین بلند بهەرکی بنی گەلیین کوور! لی ئیدی وەسا نابت.

چونکی ئەزدی تە پیشکیشی سولینا دلی خوە کەم، داکو لسەرسینگی وی، لسەر دلی وی کو لڤان گەلیانەژی کوورترە روحا خو بدەی.

دی تە کەمە دیاری کو لسەر سینگی وی، لسەر دلی وی کو تەژی کولوکەسەرە بچرمسی.

هەرچەند سروشتێ تو بو وێ هندی خەملاند بووی کو روژەکی بدەستی نەرمەبای بهەلوەریو دگەل شیپەلین رووبارا تیکەلی پاناڤا ببی.

لدەوسا پاناڤا دی تە دەمە دەستی ئەڤینی. دەما کو من گول چنی. بای شیپەلین رووباری دلەرزاندو لروژی ژی بلی روناهییەك رەنگ ڤەمری کو بەرە بەرە بەرزە دبوو، تشتەك نەما بوو.

ئاخ ترانن دلی من چەند بکولوکەسەر بوو.

چونکی لڤی دەمیدا کو من هزرا سەرنڤیسا گولی دکر.

من سەح دکر گیژاڤا کو لهەمبەر من بوو، دگەل نەرمەبایی ئیڤاری، روحا من بەر بخو هەلدکیشا.

وەرگیران ژفارسی: سەبری چاوشین خانو

# بنـەمـالـە

سالح مەحموود

لە بەشەکانی رابردووی زنجیرە بـاسی بـنەمالە جگە لە وەی پیناسەکەمان خستە روو، بـاسمان لە ئەرکی گرانی لایەنەکـانی پـیکهینەری بـنەمالەش کردو عەرزمان کردن کە بووك وزاوا بەر لە زەماوەند دەبی داهاتووی خویانو مـنالەکـانیان لە بـەر چـاو بگــرنو گـرنگی بـدە نـە تـەمەنو ئـاستی بـیری هاوسەری داهاتوویان.

لەم بــەشە، گـەرەکمانە بـاسی خـالیکی‌تری هەرەگرنگ بکەین کە پـیویستە کـچو کـورانـی لاو هەروەها دایبابان لە کاتی زەمـاوەندی رولەکـانیان رەچاوی بکەن، ئەویش مەسەلەی هاوخوێنی‌یە.

بــە پــیی دابو تـەریتی زوربـەی گـەلانی جـیهان نیکاحی پسمامو دوتـمام، مـەتەزاو خـالوزاو... هـتد ئەوها کە دەلیـن (لە ئـاسمانان بـەستراوە!)و لە نـاو گەلی کوردیش هەر ئەم بروایە زور بە هـیزەو هـەر ئیستاش کاری پی دە کری.

هـەندی لە زانـایان لەو بـروایـەدان کـە هـوی پــەرەگـرتنی ئـەم بـروایـە دلنـیایی لایـەنەکـانی پــیکهینەری بـنەمالەیە کـە بـووكو زاوا بـە هـوی ناسیاری زور لە یەکتری زوو دە توانن خویان لە گەل یەك بگونجینن. بە بروای من هەرچەندە لە ژیـانی پــیشکەوتووی ئـیستا ئــەویش لە نـاو کـومەلانی

بە وتەی زانایان ئـەو نـەخوشیانەی تووشی منالان دین بریتین لە:

● ١ـ دەبەنگی، کە نەخوش لە بواری بیری‌و زەینی پاش دەکەوی‌و لاژگ‌و کەودەن دەمینی‌و گیل دەبی.

٢ـ لاوازی مـایچەیی: کـە نـەخوش بــربرە تـووشی شـل بـوون‌و لە کـار کــــەوتنی مــــایچە دەبــــی‌و لە هـەلسوکەوت دەکـەوی‌و بـە هـوی تووش بـوون بـە نـەخوشیەکـانی‌تر گیانی لە دەست دە دات.

٣ـ گەورەو گچکە بوونی کاسە سەرو تــەنانەت لە هــەندی شــوین بـی میشکی.

٤ـ کـەڕی، کـویری، لاڵی، مـردن لە زگی دایك، کـم خـوینی‌و نـەخوشی پـــــێستو دەیـــان نـــەخوشی کوشندەی‌تر.

پیشکەوتوو ڕەنگە هەندی زەماوەند لە ناو خزمو خیچی نزیكو هاوخوین لە بەر هویەکەی سەرەوە سەر بگری بەلام دلنیامکە ئەم بروایە نەك بەم هویە بەلکو لە بەر دابو نەریتی خیلەکی سەری دەر هیناوە. لە دابو نەریتی خیلەکی کە بە چاویکی تایبەتی سەیری ئافرەتو زەماوەندو پیوەندییەکانی تری کومەلایەتی دەکری پەرەگرتنی ئەم بروایە ئاساییو سروشتییە.
زورجار لە کورد دەبیستین کە: روله، فلانە کەس خزمتە، ئەگەر گوشتیشت بخوا ئیسقانەکانت دەشاریتەوە!
بە هەرحال، زانستی ژینیتیکی پیشانی داوە کە ئەم بروایە زوریش راستو دروست نییەو بەلکو لە زوربەی زەماوەندەکانی هاوخوینی بنەمالە تووشی گرفتی زور گەورە دەبیو تەنانەت زەرەرو زیانی لە قەرەبوونەهاتن بە کومەلگا دەگەیینن.
ئەو زەرەرو زیانە کە سەرەتا داوینی خویان دەگریتەوە لە منالەکانیان بو ناو کومەلگا تەشەنە دە کات.
ئاکامی ئەم زەماوەندانە لە جیاتی لە دایکبوونی مروڤیکی سروشتیو تەواو کە داهاتووی کومەلگا دەستەبەر بکا مروڤیکی پەککەوتەی نەخوشی بی دەسەلاتە کە تەنیا هونەری، سەرباری کومەلگا بوونە هەلبەت ئەم مروڤە هیچ تاوانیکی نییە. بەلکو تاوانبارو هوی چارە رەشی ئەو تەنیا بووكو زاوای دوینیو دایبابی ئیستای ئەون.
بەرلەوەی دریژە بە باسەکەمان بدەین بە پیویست دەزانم چەند وشەیەکی هاوپیوەند لە گەل ئەم باسە شی بکەمەوە:

ژێن: ژێن لە گیانداران بەشیکی گچکەی (کرۆمۆزۆم)ە کە ئەرکی گواستنەوەی تایبەتمەندییەکانی دایكوباوك بو منالی، لە ئەستویە. رەنگی موو، بیچمی سەروچاو، دەنگ، رەنگی چاو، تەنانەت ئاکارو چونیەتی هەلسوکەوت بە هوی (ژێن) لە دایبابان بو منالەکانیان دەگویزریتەوە.

ژێنی پەککەوتەی دۆراو: بەو ژینە دەوتری کە ناتەواوەو ناتوانی ئەرکی سەرشانی خوی بە باشی بەریوە بیات بەلام لە ناو خوین بە هوی لاوازی ناتوانی زیان بە لەش بگەیینی.

ژێنی پەککەوتەی زاڵ: بەو ژینە پەککەوتەیە دەلین کە بە هیز بیو کار لە ئەستو بگریو زیان بە لەش بگەیینی.
ئەوها کە زانایان دەلین ئاکامی زەماوەندی دووکەس ناتوانی لەم سی حالەتەی خوارەوە بە دەر بی:

یەکەم: ئەگەر بووكو زاوا هیچ کامیان هەلگری ژینی پەککەوتوو نەبن ئەوە تا ٩٩٪ رەنگە منالەکانیشیان تووشی نەخوشی ژینیتیکی نەیین.

دووهەم: ئەگەر یەکیکیان هەلگری ژینی پەککەوتەی دوراو بن، دایك بی یا باوك، ئەوە بی ئەملاو ئیملا ژینە پەککەوتەدوراوە کە بو منالەکانیان دەگویزریتەوەو لە ناوخوینیان دەمینی کە ئەم چەشنە کە سانە لە زانستی ژینیتیکی بە نەخوش حیساب دەکرین. هەرچەند ئەم نەخوشییە بەر چاویش نەبی.

سیهەم: ئەگەر بووكو زاوا هەر دووکیان هەلگری ژینی پەککەوتەیدوراوبن ئەوە منالەکانیان تووشی دوو ژینی پەککەوتەیدوراو دەبن کە لە سەر یەك بە ژینیکی پەککەوتەی زال حیساب دەکرینو هەلگرەکەیان تووشی نەخوشی لە چارەنەهاتوو دەکەن.

خراپی زەماوەند لە نیوان دو خزمی هاوخوینی نزیك لە بەر ئەوەیە کە زوربەیان دەکەونە حالەتی سیهەم کە لە سەروە باسکرا.
بە وتەی زانایان ئەو نەخوشیانەی تووشی منالان دین بریتین لە:
١ـ دەبەنگی، کە نەخوش لە بواری بیریو زەینی پاش دەکەویو لاژگو کەودەن دەمینیو گیل دەبی.
٢ـ لاوازی مایچەیی: کە نەخوش بربرە تووشی شل بوونو لە کار کەوتنی مایچە دەبیو لە هەلسوکەوت دەکەویو بە هوی تووش بوون بە نەخوشیەکانی تر گیانی لە دەست دە دات.

## ● دژایەتی کردن لە گەل زەماوەندی دوو لاو بە بیانووی خیلەکیو زاراوەییو بنەمالەیی یا بەو بیانووە کە دایك یا باوکی لایەنیك کەیفی بە بووك یا زاوا نایی یا بیچمەکەی بە دل نییە تەنیا زوردارییەکی بی بەزەیانەیە کە نابی کەس گویرایەلی بیو ریزی لی بگری.

٣ـ گەورەو گچکە بوونی کاسە سەرو تەنانەت لە هەندی شوین بی میشکی.
٤ـ کەری، کویری، لالی، مردن لە زگی دایك، کم خوینیو نەخوشی پیستو دەیان نەخوشی کوشندەی تر.
بەوتەی پزیشکان لە هەر چوار منالی ئەم چەشنە بنەمالانە تەنیا رەنگە یەك منال بە تەواوی سەلامەت بی.
لە زەماوەندی دوتمام پسمام ئەگەر یەکیکیان نەخوشی (ژینی) هەبیو ئەو ژینە پەککەوتەدوراوەی لە باوکەوە بو بە میرات مابی ئەوە دیارە ئەوی تریشیان ئەو نەخوشییەی هەیە، چونکە باوکی هەر دووکیان برای یەکترنو ئەوانیش لە باوك یا دایك وەریان گرتووە.
ئەوجا دوو ژینی پەککەوتەی دوراو ژینیکی پەککەوتەی زال پیك دیننو ئاکامی ئەم چەشنە زەماوەندانەش لە ناو بنەمالە کوردەکانی خومان بە مشەیی دەبینرین.
هەر لە بەر ئەم هویانەی سەرەوەیە کە ئیستا لە زوربەی ولاتانی جیهان پیویستە بووكو زاوا بەر لە زەماوەند خوینی خویان تاقی بکەنەوە بە تایبەت ئەگەر خزمی نزیك بن تا ئەگەر هەلگری (ژینی)پەککەوتوون ئاگادار بکرینەوە کە یا نابی زەماوەند بکەن یا ئەگەر زەماوەندیشیان کرد نابی زاوزییان هەبی. چونکە ئاکامی ئەم زەماوەندانە جگە لە پەیدا بوونی گیانداریکی پەککەوتەی بی دەسەلاتو رەبەن کە ناچارە ژیانیکی پر لە ئیشو ژانو چەرمەسەری بباتە سەر هیچیتر نییە.
بویەش پیویستە کچو کورانی کورد زور چاك ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بنو خویان تووشی ئەم رەنجە ویژدانییە کە لە داهاتوویەکی نزیك بەر دەبیتە گیانیان نەکەن.
باشترین ریگە ئەوەیە کە بەر لە زەماوەند بە تاقیکردنەوەی خوینی خویان تیگەیشتوانە بەرەو کارەکە برون، دەبی ئەوەش بزانن کە هەلاتن لە بەرپرسایەتیو رەنجی ویژدان بەو قسەیە کە (خواچارە نووسی ئیمەی وادیار کردووە) یا (خوا منال دەداو ناخوشیو تەندوروستی لە دەستی ئەوە) ریگە چارە نییەو کردەوەی ئەوها لە خوای گەورە بە دوورەو ئەوە تەنیا ئیمەی ئادەمیزادین کە کوتو بەندی دابو نەریتی نادوروستو هەلە دە خەینە دەستوپیمانو ئەو جا خەتایەکەش دە خەینە پال خوواو سروشتو تالحو بەختو فەلەك.!

شایانی باسه که هەموو نەخوشییەکی منالان هەر بە هوی پەککەوتەیی (ژین) نییەو لە هەندی شوین ئەگەری دەرگوشی (جنینی)ش بینراوە.
یەکیکی‌تر لەوخالانەی کە زورباشە کچو کورانی لاو بەر لە زەماوەند رەچاوی بکەن مەسەلەی راویژو مشورەتە. دایكو باوك لە بەر ئەوەی لە ژیان خاوەن ئەزموونو کوردگوتەنی ساردیو گەرمی ژیانیان چیشتووە راویژکاریکی چاکن بو ئەوەی لاوان مشورەتیان لە گەلا بکەن. هەروەها بە هوی دابو نەریتی کوردەواریمان کە کور دووای زماوەندیش هەر لە ناو بنەمالە دەمینیتەوە بمانەویو نەمانەوی دایكو باوکی کوریش دەبنە لایەنیکی مەسەلەکە. کیشەی بووكو خەسوو لە ناو کورددا کیشەیەکی بە ناو بانگەو شیعرو هەلبەستیشی پی هەلگوتراوە. کە وایە دەبی لە گەل ئەوان مشورەت بکری.
بەلام رادەی ئەم راویژە نابی لە سنووری سروشتیی‌خوی دەر بچی. نابی کوروکچ چاوی خویان بقووچینو بلین هەرچی دایكو باوکم بلین باوا بی. ریز لە روانگەو بیرورای دایباب پیویستە، بەلام نەك تا ئەوەرادە مروڤ خوی تووشی چارە رەشی بکات.
دایكو باوکە کانیش دەبی داخوازەکانی لاوەکانیان لە بەر چاو بگرنو زور لە سەر داواکانی خویان پی دانەگرن. بە تایبەت ئەگەر ئەم داوایانە نابەجیو نەگونجاو بن. دژایەتی کردن لە گەل زەماوەندی دوو لاو بە بیانووی خیلەکیو زاراوەییو بنەمالەیی یا بەو بیانووە کە دایك یا باوکی لایەنیك کەیفی بە بووك یا زاوا نایی یا بیچمەکەی بە دل نییە تەنیا زوردارییەکی بی بەزەیانەیەکە نابی کەس گویرایەلی بیو ریزی لی بگری.
بە بروای من بو لاوی کورد لەو سەردەمە جگە لەو خالانەی لە بەشەکانی‌تر باسکراوە تەنیا ئەو مەرجە بەسەکە: کورد بی، شورشگیر بیو بو سەر کەوتنی گەلەکەی خەبات بکات ■

● بە بروای من بو لاوی کورد لەو سەردەمە جگە لەو خالانەی لە بەشەکانی‌تر باسکراوە تەنیا ئەو مەرجە بەسەکە: کورد بی، شورشگیر بیو بو سەر کەوتنی گەلەکەی خەبات بکات

# قازانجه كانى براكوژى

شيته كورديك له هه‌نده‌ران

به‌لى ئه‌م سه‌رديره‌ى له سه‌ره‌وه ده‌ى خويننه‌وه (قازانجه كانى براكوژى)يه.!!

هزر نه‌كه‌ن هه‌له‌ى چاپييه. برواتان بى هندى به‌نده‌ى موخلسيشتان ئاگادارى خويه‌تى‌و به‌لگه‌نامه‌شى له دكتور وه‌رگرتووه، هيشتا به‌لايه‌نى كم تا نووسينى ئه‌م وتاره شيت نه‌بووم.

خوا بمگرى ئه‌گه‌ر دروم كوتبى، ده‌لين نا، بنووسن تا داوا له سه‌ر نووسه‌رى گوڤار بكه‌م له ژماره‌ى داهاتوو ده‌قى به‌لگه‌نامه‌ى دكتور كه‌دانى به‌شيت نه‌بوونى من هيناوه چاپ بكات.

جا ره‌نگه بپرسن كوره هه‌ى بيقه‌زا مروڤى ئاقل چون سه‌رديرى وتاره‌كه‌ى وا هه‌ل‌ده‌بژيرى؟ چما براكوژيش كاره كه ئه‌وجا باسى قازانجه‌كانيشى بكرى؟!

عه‌رزى به‌جه‌نابى به‌ريزتان ده‌كه‌م كه له خوا ناشارد‌ريته‌وه با له ئيوه‌ش نه‌شارمه‌وه منيش ده ولامى ئه‌م پرسياره دا ماوم. بو؟ ئيستا عه‌رزتان ده‌كه‌م:

پيم وابى هه‌مووتان ئه‌گه‌ر له ئاقل بوونى من به‌گومان بن خو ئيتر له ئاقلمه‌ندى ئه‌و هينده مه‌سوول‌و سه‌ركرده‌و به‌ريوه به‌رو فه‌رمانده‌ى گه‌له‌كه‌مان له كوردستان هيچ گومانيكتان نييه.

چما ئاقلمه‌ندى به چييه؟

شوكر بو خووا هه‌ر هه‌موويان ده‌رياى پيشه‌و زانستن. قسه كردن نازانن كه ده‌زانن. له سياسه‌ت شاره‌زانين كه شاره‌زان، حزب‌و چه‌ك‌و چه‌كدارو جه‌ماوه‌رو پاره‌و راديوو ته‌له‌ڤزيون‌و روژنامه‌و وه‌زيرو گزيرو مديرو جيگرو ماشين‌و چى‌و چيتريان نييه كه هه‌يانه، هاتو چوى ولاتانى ده‌ره‌وه ناكه‌ن كه چاوى خووايان ليبى ده‌يكه‌ن، خه‌لك نايان ناسن كه زور چاك ده‌يان ناسن. ئه‌ى ئيتر ئاقلمه‌ند وانه بى چون ده‌بى؟!

ئه‌وجا پرسيارى من ئه‌وه‌يه كه ئه‌وكاته‌ى ئه‌و ئاقلمه‌ندانه‌ى ئيمه به‌و هه‌موو ده‌نگو فه‌نگه هه‌ر سووربن له براكوژى، ده‌بى كابرايه‌كى وه‌كو من چون ئه‌م كرده‌وه‌يان شى بكاته‌وه؟ خو پياوى ئاقل كارى خراپ ناكات. ئه‌وانه خو هه‌موويان به قسه‌ى خويان گشت هيزو تواناو ئه‌قليان بو خزمه‌ت به‌گه‌ل خستووه‌ته كار، ئه‌ى كه وا بى منيش ناچارم به خوم بليم:

خوله، نه‌كه‌ى روژيك به ئه‌قل‌و ژيرى ئه‌م جواميرانه گومان ببه‌ى ها. دياره ئه‌م كاره‌يان قازانجيكى بوگه‌له‌كه‌ت هه‌يه. ده‌نا ئه‌گه‌ر زيانى هه‌با ئه‌م پياوه گه‌ورانه قه‌ت نه‌يان ده‌كرد.

ئا به‌م چه‌شنه‌و بو ئه‌وه‌ى نه‌ختيك دلى خوم بده‌مه‌وه كه‌وتمه ژماربه‌ند كردنى قازانجه‌كانى ئه‌م براكوژييه كه له خواره‌وه بوتانم نووسيوه:

١ـ به حوكمى ئه‌وه‌ى شه‌ر شه‌رى كورد له دژى كورده يه‌كه‌م قازانجى ئه‌م شه‌ره ئه‌وه‌يه‌كه ئاواتى له ميژينه‌ى دوژمنه‌كانمان ديته‌دى ئه‌ويش كوردى كردنى شه‌رى كوردستانه. كورد با كورد بكوژى‌و سه‌ددامیش له دووره‌وه سه‌يريان بكات. چى له‌وه‌ى باشتر؟ با هزر نه‌كا هه‌ر ئه‌و ده‌زانى كورد بكوژى.

٢ـ لە شەر، هەلوا دابەش ناکری. پیشمەرگەکان گوللە دەیەك دەگرن و یەکتر دەکوژن و لە بەر ئەوەی کە داب و نەریتی خیلەکیش هیشتا لە هەموو شوینیکی کوردستان بە هیزە، بە کوژرانی کەسیك چەندین بنە مالە دەبنە دوژمنی یەکتر، کە وایە قازانجیکی تری ئەم شەرە تەشەنە کردنی دوژمنایەتی لە ناو خەلك و دوور بوونەوەی جەماوەر لە حزبەکانە.

٣ـ مروڤ کوشتن خو هەروا بە گالتە نییە، دەبی بەشتیکی وەکو گوللە، نارنجوك، توپ یا ئەگەر بریك مودیرنایەتی بەکار بهینری بە دینامیت و (T.N.T) خەلك بکوژری. ئەم کەرەسانەش لە بەر ئەوەی سەد شوکر هیشتا نەمان توانیوە کارخانەی چەکسازی دابنیین دەبی لە دەرەوە بکردری یا بە شیوەیەکی تر وەربگیری.

کە وایە قازانجەکی تری براکوژی ئاودیو کردنی سامانی گەلە بو چەك کرین یا بە وتەی ئەوانەی هیشتا لەم (حیکمەتە) تی ناگەن (زوبانم لال) زمان لووسی و خوفروشی بە ئەمو ئەوە کە چەکیان لی وەربگرن و خەلکی پی بکوژن.

٤ـ شەر کە دەکری، بە هەر حال توزو دومانیکیش هەر هەلدەستی. ئەگەر کاربگاتە شیوەکانی پیشکەوتووی کوشتار وەکو شەری کولان بە کولان و توپبارانی کویر کویرانە و جارجاریش ناردنی ماشینی (T.N.T) ریژکراو بو ناو شارەکان، کە ئیتر چارە نییە، دەبی هەندی خانو بەرەو ماشین و دوکانیش بروخین. کە وایە کاول بوونی هیندەی تری کوردستان قازانجەکی تری براکوژییە.

٥ـ شەر کە دەکری بەلایەنی کم لە نیوان دوولایەن دەکری. هەلبەت هەندی جار لایەنیك شەرو شوقیك بە قازانجی گەل دەزانی بەلام لایەنی تر شەر ناکا. ئەوجا لایەنە شەر خوازەکە ناچاردەبی بە زوری شەر بە لایەنی تر بفروشی، ئی، چارە نییە کاکە، مەگەر نالین چەپلە بەدەستیك لینادری؟ شەریش هەروایە. لایەنیك بە تەنیایی ناتوانی شەر بکا. ئاخیر لە گەل کی بیکا؟

وادابنین لە کاتی ئامادە نەبوونی لایەنەکەی تر شەر خوازەکان ناچاربن بو (بەرژەوەندی کومەلانی خەلك) لە گەل یەك شەر بکەن. بەلام پیاو دەبی ویژدانی هەبی، بو ئەو هەمووە بارە بکەویتە ئەستوی لایەنیك؟ جا پاش ئەوەی لایەنە شەر خوازەکە توانی (لە پیناو خزمەت بە گەل) لایەنەکەی تریش بە خوشی یا نەخوشی تووشی شەر بکات ئەوجا کومەلانی خەلکیش دەکەونە جموجول و هەر یەکەو لای یەکیکیان دەگری و تیك بەردەبن. دووای ئەوە نورەی پارلمان و حوکوومەت دادیت. جا کاکە، خو ئەوانیش لە خەلك جیا نین. مەگەر کوردستان وەکو ولاتانی ترە کە نوینەری پارلمان یا وەزیرەکان خویان لە خەلك جیا بزانن. خەلك کە تیك بەردەبن پیویستە ئەوانیش تیك بەربن و بە حوکمی ئەوەی نوینەری لایەنەکانن دەبی یەکراست بە ریوە بردنی بەرەکانی شەر بگرنە ئەستو. خومانین ها، بەلام ئەو کاتەی خزمەتیکی گرنگی وەکو شەرکردن هەبی کی لە سەروك وەزیرو نوینەری پارلمان و وەزیرانی تر باشتر هەیە کە کاروباری شەر بە ریوە بیات. کورە لەو کاتە ناسکە پارلمان و حوکوومەتمان بو چییە؟ ئەم پلەو ناوانە بو روژی بیکاری باشن. کە وایە قازانجیکی تری براکوژی تیکچوون و رووخانی حوکوومەتی هەریم و پارلمانی کوردستانە.

٦ـ کە پارلمان و حوکوومەت نەما ئەوجا پاشاگەردانی ولات دەگریتەوە. هەرچەند دەزانم هەندی کەس ئەم حوکمەیان بە دل نییە، بەلام برایان، چما پاشاگەردانیش بە خوی شیوەیەکی ژیان نییە؟ چ

دەقــەومی ئـەگـەر مـاوەیەك لە كـوردستان تـاقی بکریتەوە؟ خو شەرت نییە کە ئـەم یـاسامودیرنە لە ولاتــانی‌تر ســەر نــەکــەوتبی لە کــوردستانیش سەرنەکەوی. ئـەم یـاسایە بـاشتر پـیاو بـە خـوی دەناسینی. مروڤ لە سـایەی پـاشاگـەردانـی پـی دەحەسی رادەی توانای بو ئەنجامدانـی کـارەکـان چەندە. خەلك سەرەدانی مالی یـەکـتری دەکـەن. شتو مەکی یەکتری دەبەن. نـەداران دەبـنە داراو گەلیك داراش دەبـنە نـەدار. ئــی، ئـەوە بـە خـوی گورانکارییەکە. زور خەلکی تەماح هەن کە خاوەنی شتی وان کە لییان ناوەشیتەوەو تەنیا شایانی گەورە پـــیاویکی وەکـــو سـەروك وەزیـرانـە. جـا ئـەگـەر دیموکراسی بی، هندی سەروك وەزیر داوای بکـات نایداتی بەلام لە پاشاگەردانی ناچارە بیداتی. ئــی، حوکمی ئەوها چون دەبی خراپبی؟!!

لەیاسای دیموکراسی هەموو خەلك بەرامبەرن. خزمو کەسو تایفە ناخوا. جــا برا، بو دەبی وابی؟ بو دەبی کابرایەکی فەقیرو هـەژار لە گـەل پـیاوەکـی دەولەمەندو بە هیزو خزمو کـەسدار بـەرامـبەر بـن؟ پاشاگەردانی ئەوەی باشە کە هەر کەس بە هـیزتر بی، کەلەشی گەورەتر بـی، خـاوەنی خـزمو خـیچی زیـــاتر بـــی ئـــەو دەســـەلاتدارە. وەکـــو دەورانـــی پالەوانەکان. وابیر نەکەنەوە بە گەرانەوە بو دەورانی پـــالەوانـــیتی روستەم دەکـەوینە ریـزی ولاتـانی پاشکەوتوو، هـا. دنیا وای لیـهاتووە. چـما ولاتـانی پــــیشەیی جــــیهانی ئــــیستا بــــە دامــودەزگا پیشکەوتووەکانیان پەیکەرو شتی تری سەیر سەیر لە دار دروست نـاکـەنو نـاوی مـودیرنی لە سـەر دادەنین؟ بزانن، پاش هیندە سالە ئاسنیان فریداوەو گەراونەتەوە سەر دارو بەردی خومان. وەکو وەسـتا دارتاشەکانی چەند سەدە پیشتری کوردستان. ئـی، بو ئەم گەرانەوەی ئەوان مـودیرنایەتی بـی، بـەلام گــەرانــەوەی ئـیمە بـو پـاشاگـەردانـی ودەورانـی پالەوانیەتی مودیرنایەتی نەبی. کەوایە یەکیکیتر لە قازانجەکانی براکوژی ئەم دیاردانەی سەرەوەیە کە هەندی کەس لە بەر ئەوەی خویان ناتوانن بیکەن بە دزیو جەردەییو تـالان کـردنو راورووت نـاوی دەبەن!.

٧ـ لە بەر ئەوەی جـیهان هـیشتا نـەی تـوانـیوە لە پروسەی مودیرنی ئاقلمەندەکانی ئیمە تیبگات، بە خـەتا نــاوی پـاشکەوتوومان لی دەنـینو لیـمان دەتورینو پشتمان بەردەدەنو هاوکاریمان ناکەن کە ئەمەش قازانجیکیتری براکوژییە.

٨ـ کەشەر دەکری، بە تایبەت شەری کورد لە دژی کورد، ئەوجا قەت دەبی جنیودانو تومەتو قسـەی ناشرین نەبی؟ جا بەخوا هەر شوورەییە کورد بە بی قەبوقەبوو جنیوو قسەی حەللەق بەللەق شەر بکـا. دەورانیش شوکر دەورانی پیشکەوتنو مودیرنایەتییە بویەش خو ناکری جنیو دەران بچنە سەربانانو قسە تیكبگرن. ئیزگە باشترە. هەم دەنگی زیـاتر دەروا، هەم جنیوەکان ریكوپیکترو ئابرووبەر تردەبن. هەم ئەگەر پیاو بیەوی بە درووەدەلەسە هەندی شت بخاتە پال لایەنەکەیتر ئەوە لە ئیزگە باشترە چونکە کەس لەوی نییە بلی درویە. کەوایە ئەوەش یەکیکیتر لە قازانجەکانی براکوژییە کە کورد ریگەیەکی جوانتری بو قەبوقەبو کردن دوزیوەتەوە.

٩ـ پاش ئەو هەمووبەزمو رەزمە کابرایەکی وەکو من شـیت دادەنـیشیو بــە هــەموو ئـاقلی دەیـەوی قازانجەکانی براکـوژی لە چـەند خـال بـخاتە روو. نازانی ئەم قازانجانە هـەر لە ژمـارە نـایەنو چـەند پەرتووك بو تومار کـردنیان پـیویستە، کـە وایـە بـە فیرودانی چـەند لاپـەرەیەکـی گـوڤار لەو گـرانـییە قازانجیکیتری براکوژییە.

بـە دوعـــا.

# بـــــزه

● خوینه‌رانی هێژا ئه‌گه‌ر ئێوه‌ش به سه‌رهاتی ئه‌وهاتان هه‌بی بومان بنیرن تا چاپی بکه‌ین.



له سه‌ر کورسییه‌ك دانیشتبووم‌و سه‌یری ئه‌و ئیستکانه چای سه‌ر میزم ده‌کرد که هه‌ر به خوم تیم کردبوو. هه‌لمی لی هه‌لده‌ستاو له ناو دووکه‌لی جگه‌ره‌ی (زه‌ر)ی من بزر ده‌بوو. هه‌ستم به ماندوویه‌تی ده‌کرد. له به‌یانی تا دووی پاش نیوه‌رو قوره‌کاریم کردبوو. دووای گه‌رانه‌وه بومال‌و ده‌مو چاو شوردن هاتبوومه ئه‌م خواردنگه‌یه. لیره‌ش ده‌با تا دووازده‌ی نیوه‌شه‌و چام تی کردبا. خاوه‌نی خواردنگه که‌یفی به چالینانی من ده‌هات بویه‌ش نه‌ی ده‌هیشت کاریکی‌تر بکه‌مو چاخانه‌ی دابوو ده‌ستم. منیش هه‌موو شیانی خوم بو چالینان خستبووه گه‌ر.

دیسان هه‌ر باش بوو پاشی دووازده سال ده‌رس خویندن هونه‌ری لینانی چا، له شوردنی قاپ‌و تاچاخ‌و گه‌سکدان‌و میز پاك کردنه‌وه نه‌جاتی دابووم. بویه رازی بووم، خاوه‌نی خواردنگه‌که‌ش رازی بوو. چاچی‌یه‌کی دیپلومه‌ی وه‌ده‌ست که‌وتبوو که جارجار چایه‌کی به تامی، زور به‌ریزو ئیحترام له پیش داده‌نا. ئـــی، چی له‌وه باشتر، ئه‌ویش فه‌قیره نه‌خوینده‌وار

بوو، هه‌ربویه ده‌باکاره نووسینه‌کانی ئه‌ویشم بو ئه‌نجام دابا.

یه‌ك دوو جگه‌ره‌ی زه‌رم کیشا تا یه‌که‌م (پاس) بو شیو خواردن راوه‌ستا، وه‌ك هه‌میشه

هـەر لە سـەر کـورسییەکـە دانـیشتبووموو ریبوارەکـان یـەکـەیەکـە لە دەرگـا دەهـاتنە ژوورەوەو دە دووازدە پیلیسکەی سەرەو ژیریان بەلەشگرانـی دە ژمـاردو ئـەوجا کـە دەهـاتنە خواری وەکو سەرباز لە پیشە من تیدە پەرین.

ژن، میرد، کـور، کـچ، پـیرەمیرد، پـیرەژن، منال، سـەرتان نـەئیشینم، مـروڤ لە هـەموو رەنگیك دەهاتن. هەندیکیان کە دەگەییشتنە لام تـەماشایەکـیان دەکـردمو هـەندیکیش هەروەکو بلیی کەسیان نەدیبی تیدە پەرین....

هەروا خەریکی تەماشا کردنی ئەم خەلکە جوراو جورە بووم کە خاوەنی خواردنگە بە منی وت:

دە کـاك.... بـیزەحمەت هـاوکاری ئـەم پیرەمیردە بکە لە پێلیسکەکان بیتە خـواری، گوناحە.

کە سەیرم کرد پـیرەژنیكو پـیرەمیردیکم دی کە تـەمەنیان دەورو بـەری پـەنجا سـال دەبوو. پیرەژن ملی پـیرەمیردەکـەی گـرتبوو هەولی دەدا بیهینیتە خواری.

بە پەلە بولایان چووموو ملی پیرمیردەکەم گرتو هەولم دا خوم بخەمە بن هـەنگلی تـا قورسایی نەکەویتە سەر لاقەکانی. بن هەنگلی بـە هـوی ئـارەق کـردن تـەرببوو. پـیرەمیرد تەماشەیەکی کردمو هیچ قسەی نەکرد. پـیم وت:

یاللا مامە.... دەی یا ئەللاه... لە سەر خو لە سەرخو.... ئاگادار بە نەکەوی.... مەترسێ وەرە ئاگام لیت هەیە.... خەم مەخو مامەگیان ئینشا ئەللا چاك دەبیەوە... شوکر هـیشتا گـەنجی... دەی یا ئەللاه ....

بە شیوەیەك خوم دەبن هەنگلی پیرەمیرد ئـەستوون کـرد بـوو کـە بـە زوری سـەری قامکەکانی پیی لای منی دە گەییشتە ئـەرز، هەر دەمهینا خواریو قسەم لە گـەلا دەکـرد. پیرەژنەکەش ملی ئـەولای گـرتبوو لە گـەلی دەهاتە خواری. پیرەمیرد چەند جـار سـەیری کردم بەلام هیچ قسەیەکی نەکرد.

کە بە ساخو سەلامەتی هاتینە خواری لەبن هـەنگلی پـیرەمیرد هـاتمە دەریو بـەرم داو کـوتم: دەفـەرموو مـامە ئـەگـەر دەچـنە ئـاو دەستیش ئا لەو لایە.

کە گەرامەوە سەر کورسییەکەم تەماشام کرد پیرەژن بە هەر دوو دەست خوی بە میزیکەوە گرتووە هەر دە لەرزیو پیرەمیرد بو وەرگرتنی شیو هەر بو ئەم لاو ئەولا غار دەدات.

گشت کریکارانو خاوەنی خواردنگەکەش سەیری منیان دەکردو پیم پیدەکەنین □

● خوینەرانی هیژا دەتوانن نووسراوەکانیان لە ریگەی ریکخراوەکانمان یا بە نیشانی پوستی رەوانە بکەن‌و دلنیا بن ئیمە نووسراوەکانتان بە وردی دە خوینینەوەو کەلکی لی وەر دەگرین.

○ هەڤالی هیژا محەممەد عەلی ئیبراهیم لە فەریمانی خوراسان: نامەکەت گەییشت برای بەریز هەرچەند نازانم چ ماوەیەکە لە ئیران پەنابەری، بەلام بە بروای من بو کوردیکی پەنابەری سیاسی جوان نییە لە هەندەرانیش هیمای داگیرکەران لە خوی‌و هەست‌و بیری نەسریتەوە. پرسیاریکم لە جەنابت هەیە، باشە تو کوردی، هەر بە هوی ئەم کورد بوونەش لە نیشتمانەکەت دەر کراوی. ئەوجا بو دەبی لیرەش نامەت هەر بە زمانی عەرەبی بنووسی؟ چما زمانی کوردی چونە کە توی کورد پیی نانووسی؟
بە هەرحال سوپاسی نامەو هوزانە عەرەبی‌یەکەت دەکەین‌و هیوا دارین لە وە بە دووا نامە کوردییەکانت یەك لە دوویەك بگاتە دەستمان.

○ هەڤال سامان ئومید خوشناو لە قەزوین: نامەی پر هەست‌و سوزت گەییشتە دەستمان. زور خوشحالین کە گوڤارەکەمان بە دلی جەناتبانەو هیوا دارین بە رینوینی‌یەکانت زیاتر هاوکاریمان بکەی.
هەڤال گیان، سروودو شیعرەکانت زور جوان بوون ئەمەش بەشیك لە شیعرەکەت بە بریك گورانکاری.

خوشکی من ئەی نازەنین
ئەی پەپوولەی باغی ژین
تو جوانی زور زورجوان
وەك فریشتەی ئاسمان
گولی گولزاری ژینی
دەوای دەردو برینی

○ خوشکا هیژا بەیان عەلیخان لباژیری کاشان: گوتارا تە گەهشت دەستین مە. گەلەك سپاسیا تە دکەین. لی مخابن ژ بەروی چەندی کو بفارسی بوو مە نەشیا چاپ کەین. هیڤیدارین نهو پیڤە تو بەرهەمین کوردی بومە بهنیری. هەر سەرکەفتی بی.

○ هەڤال محەممەد مەلا شیروانی لە توربەتی جام: شیعرو مەتەلە کوردییەکانت گەییشت. زور سوپاست دەکەین‌و هیواداریـن لە مە بە دوواش بە نووسینەکانت دلخوشمان بکەیت. ئەوەش چەند (گوتنیت مەزنا) کە رەوانەت کرد بوو:
ــ هەموو تشت دوژمنی کەوی‌یە کەو بخو ژی دوژمنی سەری خویە.
ــ دەستی دزا ب دزا ناهیتە برین.
ــ هەتا ئەڤرازی نەکەفتە بەر قەدری نشیویا نزانیت.

○ هەڤال عەمەر جەمیل سلیمان لە نەیشابووری خوراسان: هەر دوو پارچە شیعرەکەت هات‌و خویندمانەوە. ئەم شتانەی لە شیعری دووهەم باست لی کردووە زور جوانن بەلام شیعرەکەت هەندی لەنگی‌و لاوازی هەیەکە هیوا دارین لە داهاتوو بە خویندنەوەی زیاتری هوزانی شاعیران چارە سەری بکەی. داوای سەرکەوتنت بو دەکەین.

○ هەڤال عوسمان محەممەد زەنگەنە لە یەزد: پارچە شیعرەکەت گەییشت‌و سوپاست دەکەین‌و هیوادارین لەوە بە دوواش هەر بەرهەممان بو بنیری.

# ولامی نامەی خوینەران

○ هەڤال فەرهاد ئەیووب شیروانی لە مەشهەد: پارچە شیعرەکەت بە دەستمان گەیی. بەلام‌لە بەر ئەوەی بە فارسی بوونەمانتوانی چاپی بکەین. زور سپاس.

○ هەڤال نەعمان مەحموود لە ئەردەکان: کاغەزا تە هات. برایی عەزیز تە کاغەزکا خو یا بفارسی نویسی‌و هندەك گلەیی ژی تەییت کری کو ئەری باشتر نییە باتی نویسین لسەر (فووتبال)و ئولەمپیکی بەحسی فەرهەنگ‌و نەریتی

جڤاتا كوردى بيتە كرن؟ ئەمژى دبيژين بەلى وللا، بەلى هەر دوك دەبيت هەبن.

خشتەيا تە دارشتى ژى گەهشتە مە گەلەك سپاس.

○ هەڤال سالح قادر لە ئەلوەند: زور سوپاست دەكەين بو ناردنى ئەم لاپەرە لە روژنامەى (اطلاعات) لە گەل وەرگيرانەكەى. دلنيابە كەلكى لى وەردەگرين. هەر سەركەوتوو بيت.

○ هەڤال سادق عيسا مەرعان لە يەزد: هەڤالى بەريز بە داخەوە گزنگى ژمارە (١ تا ٥)مان نييە كە بوتان رەوانە بكەين. ژمارە (۶)مان بو روانە كردى، بو وەرگرتنى فەرهەنگ دەتوانى داوا لە بلاڤەكەرى سرووش لە تاران بكەى. داواى ليبووردنت لى دەكەين و هيواداريين لە نامەناردن بەردەوام بيت.

○ هەڤالى هيژا رەشيد حوسين بەروارى لە ئارانى كاشان: برا گيان نامەكەتمان خويندەوە. رەببى ئەم دەستو پەنجەيە هەر سەلامەت بن. بەراستى خەتيكى خوشت هەيە. هەروەها (گوتنيت مەزنا)و پارچە شيعرەكەت گەييشت. هيواداريين لەوە بەدووا هەر روژ چاومان بەو خەتە خوشە روون ببيتەوە. ئەوەش چەند ديرەك لە و شيعرەى ناردووتە:

ژعەشقا تە غەريبم ئەز
شەڤو روژى مە خەوكانى
بەلى سوتم برشتم ئەز
ژ دەردى عەشقا وى جانى
جەمالا سورگولا رەنگين
تە سينگ بەفرا لزوزانى

○ هەڤال رەسوول عەويز لە شيراز: ئەو پەرتووكانەى لە لايەن جەنابت پيشكەشى زانكوى سەلاحەددين كراون گەييشتنە دەستمان، سوپاسى هەستى شورشگيرانەت دەكەين و هيواداريين وينەى وەكو جەنابت زور بن.

○ هەڤال جەوهەر خواجە نەبى: نووسراوەكەت گەييشت. هەول بدە زياتر كوردى بنووسى و لە بەكار هينانى وشەى بيگانە خو بپاريزى. داواى سەركەوتنت بو دەكەين.

○ هەڤال رەشيد بازى لە ئەلوەند: وتارەكەت گەييشت و سوپاست دەكەين. داواشت لى دەكەين لە وە بەدووا هەول بدە هەندى بەرهەمى ترمان بو وەرگيرى و رەوانە بكەى. سەركەوتوو بى.

○ هەڤالان محەممەد مستەفاو ئوسمان قاسم: ژياننامەى شەهيدان ئەحمەد حەسەن و حەسەن عەمەرمان پى گەييشت بە داخەوە نەمان توانى چاپيان بكەين بەلام هەول دەدەين لە داهاتوو لە ناميلكەيەكى تايبەتى بلاويان بكەينەوە. زور سوپاستان دەكەين.

○ هەڤالى بەريز فائيق سليمان لە وەرامين: سپاس بو بەرهەمەكانت و دەست خوش بو ئەم خەتە جوانە. كاكى برا لاويكى وەكوو تو تاجى سەرى ئيمەيە. لە نووسراوەكەت ديارە لە بەر ئەوەى هيشتا بە كورديت نە نووسيوە زور بروات بە توانايەكانى خوت نييە بەلام چاك بزانە كە ئەوە هەلەيەكى گەورەيە هەرچەندە هەر ئەم نووسراوانەشت لە چاو هەندى كەس كە خويان بە كوردى زان دادەنين زور چاكە بەلام بە بريك خويندنەوەى زياتر دەتوانى نووسينەكانت زور بە هيزتر كەيت. بە هەرحال لە وە بە دووا هەموو مانگ چاوەروانى بەرهەمەكانت دەمينينەوە، بزانين چدەكەى.

○ هەڤال سەبرى چاوشين لە ئوردوگاى زيوە: نووسراوەكانت گەييشتن، زور سوپاست دەكەين و هيواداريين هەروا چەلەنگانە بومان بنووسى و رەوانە بكەى.

○ هەڤالان سالح ئيسماعيل لە ئەلوەندو دلسوز كەيفى لە ئەسفەهان: بەرهەمەكانتان هاتن و هەول دەدەين لە ژمارەكانى داهاتوو بلاويان بكەينەوە زور سپاس.

○ هەڤال زمناكو لە كەرەج: خشتە داريژراوەكەت گەييشت، سوپاست دەكەين و شەرمەزاريين كە ناتوانين چاپى بكەين.

○ هەڤال ئينزار عەليخان لە كاشان: بە چاوان هەول دەدەين گزنگ لە كاتى ديار كراوى دەر بچى. بەلام كاك ئينزار بروات بى ئەو گرانييە خەريكە تەنگمان پى هەل دەچنى و ئەگەر ئيوە هاوكاريمان نەكەن رەنگە هەر بە يەكجارى راوەستى. بويەش داوا لە جەنابت و هەڤالان دەكەين دەستمان بگرن، سەركەوتوو بيت.

○ نامەيەكمان لە هەڤال عەزيز گەردى لە ئەلوەند بە دەست گەييشتووە كە بەشيكى لە خوارەوە

دەخوێنینەوە:
... ئاخییەك لە ناخی دلمەوە هەستا وە بە پیویستم زانی ئەم ئاخییە شی بکەمەوە کە چونو لە بەر چی هەستا، ئەگەر هەر هەڤالیك یا هەر هەست‌پیکەریك نەختێك هزروبیر لەم سالانەی رابردوو بکاتەوە، وا بزانم هەموویان ئاخی بەم بارودوخە دەکیشن. ئایا وانییە؟

تەماشا کەن ئەوە نزیکی یەك سەدەیە کە گەلی کورد بو وەدەستهینانی مافە رەواکانی تیدەکوشیو بە هەموو جورە بزاڤیك هەول دەدا بەخو بەخت کردنی شەهیدان کە بە رشتنی خوینی خویان بوونە راهینەری شورشەکانمانو بە جورئەت ئەتوانم بلیم دیسان لەم رابردووە رەشە ئاخیمان نە دەهیلا بەلکو بە گەرمییەوە ریگەی شەهیدانمان دریژە ئەداو خەباتمان ئەکرد. بەلام لەم چوار سالی رابردوو کە کوردستانی پیروز لە دەستمان دایەو هەموو ئاواتو ئارەزووەکانی گەلی کوردو شورشەکانمان بە دی‌هاتووەو ئەتوانین بلیین کە ئەم هەنگاوە لە میژووی کوردو کوردستان بی وینەیەو وەکو ئەم دەرفەتە بو گەلی کورد بە دەست نەکەوتووەو ناکەویتو لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هەمو دونیا پیحەسا کە ئیمە مللەتی کورد بو چی خەبات دەکەینو ئامادە بوون بو هاوکاری بە گەلی کوردو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانمان. کەچی زور زور بە داخەوە ئەمرو هەموو دەزانن کەچی دەبینین؟ بو چی دەبی ئەوها بی؟ ئایا جیگای سەر سوورمان نییە؟ ئایا بەم کارە ساتانە مافی گەل دیتە پاراستن؟ وە هەتا کەی دەبی ئیمە ببینە دار دەستی دوژمنانمانو بو ئەوانە کار بکەین؟ رەنگە بو هەندی لە هەڤالان ببیتە جیگای پرسیار کە ئەم قسانە روو لە کییە؟ پیتان دەلیم کە قسەم روو لە کییە، روو لەو کەسانەیە کە دروشمی چاك بەرز دەکەنەوەو کردەوەیان بە پیچەوانەی دروشمیانەو هیچ کارەکی گرنگ بوگەل ناکەن. لە باتی ئەوەی کە ئیستا بو ئاوەدانکردنی کوردستان پروگرام دابنین، ئاژاوەو شەری چەکداری لە ناو ولات بەرپا دەکەنو ئاواتو ئارەزووی گەلی کورد کە سالهای سالە چاوەروانی ئەم روژەیە بە فیرو ئەدەنو مافەکانی گەلی کورد پیشیل ئەکەن. ئایا ئەم کارانە ئاخی ناویت. ئاخو سەد ئاخ.....

هەڤالی بەریز کاك عەزیز لە ئەلوەند: قسەکانت هەمووی راستە، بەلام هەڤال گیان بەم دیاردەیانە نابی مروڤی شورشگیر نائومید ببی. تو وەزعی ئیستای گەلی کورد لەگەل دوخی دووای نەکسەی ٧٥ بە راورد بکە، بزانە چەند لە پیشترە. جا ئیمە کە دووای ٧٥ نائومید نەبووین چون لەو دوخە ریگە بدەین، بیهیوایی دامان بگری. شوکر کیشەی گەلی کورد ئیستا لە چوار چیوەی ولاتیكو حکوومەتیك دەرچووەو بووەتە باسیکی جیهانی. ئەوەش سەرکەوتنیکی زور بە نرخو پر بهایە. کیشەی کورد وا خەریکە لە دەستی حزبەکانیش دەردەچی. جا لەو سەینوبەینە تەنیا ئەوانە تووشی زیان دەبن کە خویان لەگەل رەوتی بو پیشەوە چوونی گەلی نەگونجینن. دیارە میژووش باشترین تومارکارە. سوپاس بو جەنابتو سەرکەوتوو بیت.

O هەڤال رزگار عەبدی لە ئەسقەهان: ئەم هەڤالە نامەیەکی بو نووسیوینو داوای کردووە چیروکەکەی کە بە زمانی فارسی بووە وەرگیرینە سەر کوردیو چاپی بکەینو رینوینی بکەینو ئەویش بەلین دەدات کە لە وە بە دووا بە کوردی بنووسی. ئیمەش دەلین بە سەرچاو لە ژمارەی داهاتوو گوشەیەک بە ناوی رینوینی دەکەینەوەو چیروکی هەڤال رزگاریش چاپ دەکەین. بەلام پیمان خوشە خوینەرانی هیژا بە خویان رەخنە لە یەکتر بگرنو بە تەمای ئیمەی مەیێلن. بو وینە لەم ژمارەیە چیروکی (شەرە سەگ) نووسینی سەردار ئەحمەد چاپ کراوەو پیمان خوشە هەڤالان روانگەی خویان لە سەر ئەم کورتە چیروکە بومان رەوانە بکەن.

لە کوتایی سەرنجی خوینەران بو چەند خالی خوارەوە رادە کیشین.

١ـ لە کاتی ناردنی بەرهەمیکی وەرگیراو تکایە دەقە ئەسلی‌یەکەشی بومان بنیرن دەنا چاپ ناکریت.

٢ـ نووسراوەکانتان لە سەر لایەکی کاغەز و بەخەتی خوش بنووسن.

٣ـ ئەگەر دەتانەوی بەرهەمەکەتان بکەویتە بەر باس‌ولیکولینەوە ئەم داوایە لە گەل بەرهەمەکە رەوانە بکەن. ئیتر بە دوعا.

# سەرەتای پرسیارەکان

شەهیدانمان ناونیشانی لووتکەی سەختو
شیعری بەرزن
لە ترسی شەهیدەکانمان
دوژمنانمان
لە شیعرەکانمان دەلەرزن
لە ترسی شەهیدەکانمان
ناحەزانمان
لە گەورەکانمان دەترسن
ئەی ئیتر بو نان و بەرگی
منالانی شەهیدەکانمان دەدزن...!
بو تەنانەت کفن و گلکۆی
شەهیدەکانمان دەفروشن
بو ناترسن...
(شەهیدەکان ئەم هەفتەیە
لە توێی کفن و گلکو دەرچن)
دەس بدەنەوە تفەنگ و ئەم جارەیان
رووبەرووی ئیوە بوەستن
بو ناترسن...؟

لەتیف هەلمەت/ ١٩٩٢

□ □ □

# بـزانن

ئەزانن کەلکی داریٚ
دەبیتە دەستە بو بیوریٚو
لکی دارانی‌تر دەبریٚ
مانای چیە؟!
ئەزانن ئەوکاتەی کەویٚ
بە قاسپەقاسپ
هاوچەشنی خوی
بو ناو داوی راوچی دینیٚ
مانای چیە؟!
ئەزانن کە پەری مەلیٚ
بو پێکانی مەلێکی‌تر
ریگە بە تیر ئەناسێنیٚ
مانای چیە؟!
من ئەزانم
مانای گشتی ئەم کارانە
خو کوژی‌و براکوژییە!
کورد کوژییە!!

ریبوار/ ١٩٩٥

□ □ □

# شێعرەکەم

ئەی منالانی پیخواسی کورد
پیم خوشە شیعرەکانم
ببنە لەتێ نان و زگی برسیتان تێر کەن
نیشتمانەکەم
پیم خوشە شیعرەکانم ببنە گوللەو
چاوی دوژمنەکانت کوێر کەن
باوکی پشت چەماوی شەهید
دایکی جەرگ سوتاوی شەهید
بە ئاواتم شیعرەکانم
بکەمە گوپالی رێتان

سەردار ئەحمەد/ ۱۹۹۳

□ □ □

# گـرنـژین

هنگی ئەز دێ
ژدل و جان ڤە گرنژم
کو دبینم
چینا رینجبەر
تەڤ جوتیارو پالەو کارگەر
وێ بەرهەمێ
رەنجکیشییا چەندین سالا
تیننە بەر
ئو دبیژن:
مرن بوتە
ئەی چەوسێنەر...

رەفیق مستەفا/ ۱۹۹۰

□ □ □

ئەگەر کەر بەرگی شێر بکاتە بەر
شار بترسێنێ ئەم سەرو ئەو سەر
لە خوی بایی بێ بە کەوڵیکی رەق
روژێ دێ میللەت بیداتە بەرشەق

(تەنیا ئاکو)

# بەرخکاکو بوویە گورگ

نڤیسینا: عەزیز نەسین
وەرگیرانا: تاهر شورو

د روژگارین کەڤندا شڤانەکی، کەرەك پەزو چەند سەیێن چەلەنگ هەبوون. لرەخ چیاییت روژ هەلات یا روژ ئاڤا، یانژی باکوورا ولاتی دژیا.

ئاڤیت وێرێ تەزی میرگیت وێ شین ئو هەوایی وێ خوش‌و عەردی وێ بدەرامەد بوو.

مخابن کو ئەو شڤانە دگەل شڤانیت دی گەلەك فەرق هەبوو... مەعنا رەحمی نەدزانیو دەستو دارین پەزی لبەر چاڤ نە دگرت... شوینا بلوولی کو هەمی شڤانا یێت هەی ئو هەرگاڤ بو مژوولیو رەحەتیا پەزی لی ددەن‌و ئستراناٰ دبیژن. ئەڤی زەلامی دارەکی دریژو بەرەقانییەکی پان هەبوو. دەرهەقی پەزێ خو کو ژیانا وی پی دبوری گەلەك بیرەحم بوو....

ل هریاوان جلك‌و پیخەڤ چی دکرن، لگوشت‌و پیست‌و ریڤیکیت وان هەتا چمك‌و هەستیێت وان ژی پارە دەرتینا، ئو لسەر وی حالیژی هندی پیچەکی رەحم پی نە دکر.

روژی سێ جارا سپیدەو نیڤرو ئیڤاری مهیێن بکارك ددوتن... هندی شیر لوان ددوت دیسا هەر پی کیم بوو. قەت تێر نەدبوو. هند پەز ددوت هەتا لگوهانیت وان خوین دهات! دیسا دەست لی نە دکیشا... لپەزەکی سی کیلویی چل کیلو شیر ددوت.

دەما پەزی ژئیشا گوهانیت خو بەعەبەع دکر، شڤانێ بیرەحم دار لسەرێ وان ددان‌و بەرێن بەرەقانییێ تی دگرتن.

هەر روژ هندەك ژ پەزی دمرن‌و رحەت دبوون

ئەویت کو دمان ژی نەچار بوون زەحمەتا ئەویت مری ژی بکیشن.

شڤانێ دلرەق دڤیا شیرو هری‌و گوشتێ هەر پەزێ کو دمر لوان کو ساخ ما بوون بدەست بینیت... لبەر هندی کو ئەڤ شوله ژی نەدبوو شڤانێ هێڕ هەر

روژ دین‌و هارتر دبوو.

لناڤ وی کەرێ پەزی بەرخکەکا بچووك هەبوو... شڤانێ بیرەحم دڤیا ژوێ بەرخا بچووك ژی هندی گامیشەکی شیری بدوشیت! ئو لبەر هندی کو نەدشیا وێ شۆلێ بکەت ببەرودارا بەردبوو گیانێ بەرخکی‌و هەیامەك زور لدەشت‌و چیایا دزڤراند.

بەرخکا رەبەن کو خوراگری‌و تاقەت لی خلاس ببوو بئەزمانێ بەرخینیێ دگوتە شڤانی:

(شڤانێ هیژا، ئەز بەرخەك لەوازم پێ یێت من نەشین خو لبەر ئەڤ هەمی بەزین‌و نەرحەتییێ بگرن، هیڤیا ژ تە دکەم هندە من نەقوتە، هندە زۆرێ بو من نەئینە، پیچەك رەحمی بکە).

بەلی شڤانی گوهنەددا وان ئاخفتناو هەر روژ پتر ژ روژا دی پەز دقوتاو زوری لێ دکر. دەما کو مهەکی شیر نەتینا، شڤان تورەترو دینتر دبوو دقیراند:

هەی بی ئەمەگین، من هندە زەحمەت‌و خەرج یا کیشای کو هونگ قازانجی بگەهیننە من. هونگ لسەر رکەبەریێ دگەل من دمرن. ئەز دزانم چاوا زەرەرا میرییا لساخا وەرگرم.!

ئەڤ ئاخفتنە دگوتن‌و بدارو بەرقانیا داکەڤیتە گیانی پەزی... بەرخکا بچووك بو دەرباز بوون ژ دەستین شڤانی هند بەزی هەتا کو پییت وی شکلی خو گوهوری ئو دریژو نازك بوون.

بڤی ئاوایی پتر ژ جاران دشیا ببەزیت، بەلی شڤانێ دین لکول ڤەنەدبوو. بەرخکا بچووك بزاڤ دکر توندتر ببەزیت‌و شڤانی ژی حەول ددا پتر بقوتیت‌و زیدەتر بئیشینیت.!

بەرخکا بچووك هندی لڤی چیای بو چیایێ دی ئو لڤی گەلی بوگەلیی دی بەزی چمکیت وێ مەحیان ئو شوینا وان نینووکیت تیژ وەکی چەنگان دەرکەتن. شڤان هەر وەسا یی بەردەوام بوو ژلیدان‌و قوتانا بەرخکی‌و بەرخا بچووك ژی هەر دنالی:

(هەی شڤانی هیژا ئەز بەرخکەکا بچووك‌و بیئازارم، بوچی تە نەڤیت تیبگەهی؟ من پی چینابیت شیری بدەم. هریا من زورنینە، ئەز لەوازم‌و گوشت‌و پیستی من بکێڕ تە ناهیت. سەبری بکیشە دا مەزن بم...).

بەلی شڤانی لخورازی گوهی خوە نە ددا وان ئاخفتنا... بەرخکا بەلەنگاز هندی هند بەزی بوو زکی وێ تەبقی بوو ئو بەژناوی بلندتر لیهاتبوو. پیچ پیچە هریا وێ ژی وەریا ئو شوینا وێ هندەك پوورتی نەرم‌و سپی هاتە دەر.

ئیدی شڤان نەدشیا بگەهیتی، هەتا سەیین پەزی ژی نە دگەهشتنی... شڤان بڤی وەزعی زور تووره بوو روژەکی هند لدیف بەرخکا بچووك بەزی هەتا ل جهەکی بەرتەنگ ئاسی کرو تیر قوتا.

بەرخکی کو زانی هیڤی‌و گریان‌و تکا بی فەیدەنە کەفتە هزرا هندی کو خو بو بەرخوەدان‌و قوتار کرن ژ دەستی شڤانی حازرتر کەت. شەڤا کیمتر دنڤست، روژا توندتر غار ددا، لشەڤیت تاری هند چاڤیت خو ڤەکری هیلا بوون کو چاڤیت وی مەزن ئو وەکی چرایەکی دتەیسین. هندی کو ل چیاو دولا بەزی

دوونگی وێ مەحیاو رۆژبـرۆژی دوولکـا وی دریـژو زراڤتر بوو هەتا کو وەکی قەمچی‌یەکی لیهات.

شڤان هیشتا بهیڤی بوو کو بەرخکی پەیدا کەت‌و تۆڵەیا مرییا لی ڤـەکـەت. دەمـی کـو دەسـتێن وی نـەدگەهشتنە بـەرخکـی بـەرین مـەزن دهـاڤێتنێ.

بەرخك هیشتا ژ بەر شڤانی دپاریاڤە:

(شڤانێ هیژا. ئەز بەرخکم. بەرخك ژ دایێ بوومە ئـو من دڤیت مهی ژ دنیایی بچم. بۆ و ژ بەرچی هندە من دئیشینی؟ تە دڤیت ئەز بو تە چبکەم؟).

بەلی شڤانی چ پیتە بئاخڤتنیت راستێت بەرخکی نە دداو وەکی بەرێ بەرخکا بچووك بدارا دقوتاو دچیاو چولا دبەزاند. هەتا رۆژەکی بەرخکا بـی دەسـەلات بڤان چمکیت کـو بـبوونە چـەنگ دەست‌و چـاوین شڤانی دارنین‌و دخوینێ وەردان.

شڤانێ بێ میشك کو دەبیا لڤێ توندیا بەرخکـی دەرس وەرگرتبا لخورازی‌و بی‌هـای ژهەمی جها بـو تەنبی‌کرنا وێ دارەکی هستوورتر هـەلگرت‌و کـەتە گیانی بەرخکا بچووکا پیش‌و دەعبایێ سەرکێش کو بەرامبەری وی راوەستا بوو ئو چەنگ‌و ددان نیشا وی ددان. بەرخکـا بـچووك دو سـێ جـارا هـیرش کـرە شڤانی‌و دڤیا بددانین خو لەشێ شڤانی بدرینیت بەلی ئەو دەڤولیو و ددانە بو شەرو بەرهنگارییا نەهاتبوونە چیکرن‌و نەدشیان کارەکێ وەسا بکەن.

شڤانی ویجارێژی بەرخکا بچووك تێرو پڕ قوتاو ئیخستە ئەردی بەلی دیسا بەرخکا بچووك بێهیڤی نەبوو چونکو لبەرخوەدانی زیـدەتر چ چـارە نـەبوون چەنگ‌و دەڤولیوین خو زیدەتر بکـار ئـینان. گـەلەك مەشق‌کرو زەحمەت کـیشا دا بشـیت بـددانـین خـو لەشێ دوژمنی بدرینیت.

ددانین وێ هیدی هیدی دریژتر بوون. ئەزمانی وی دریژترو مەزنتر بوو. دەنگی ویژی هاتە گۆهرین. ئیدی باتی بەعبەعا خوش‌و زراڤا پیش لوورەلوورەکا نزم لگەروویا وێ دهاتە دەر.

سەیێن شڤانی ئیدی نـەدوێران هـیرشا بکـەنە بەرخکی. جارەکی سەیەك لی نزیك ببوو، بەرخکـا بچووك بپەنجێن پرهیزیت خو وەسا لسەری سەی دا بوو کو سەیێ پەزی لسەر چیای کەتە ناڤ کەندێ.

چاڤیت شڤانی بدتینا ئەڤ دیمەنەی زق بـوون بـەلی دیسـا دەرس ژێ وەر نـەگـرت‌و نـەدڤیا وێ راستییی بسـەلمینیت. هـیشتا هـیڤیدار بـوو بـدەربا توپزەکی هستوورترو بەرەقانیەکـی پـانتر بـەرخکـا بچووکا نەگوهدار کەهی کەت.

جارەکـی دی شـڤانی بـەرخکـا بـچووك لسـەر کەندالەکی ترسناك ئاسێ کرو بتوپزێ خۆیێ مەزن بەربوو گیانی وێ. بەرخکا بچووك بـدەنگەکـی نـزم گوت: «شڤانی بی عەقل بەسە، دی خراب بسەری تە هیت هـا... شـەری مـن نـەکـە. ڤـی شـولی بـوتە دووماروژەکا باش نابیت.»

شڤانی نەزان کو سەرەدەری لئاخڤتنیت بەرخکی نەدکرو هەتا سنووری شیتاتییی توورە ببوو دەربـین توپزی توندتر لسەری بەرخکی دکوتان.

سپیدەهییا رۆژەکی زستانی شڤانی بێهای وەکی جارا، سپیدی زوو ژ خەوی رابوو ئو دیت کو بـەفری هەمی جی ییت سپی کری. رابوو ئو وەکی جارا

گوپالو بەرەقانی هلگرتنو چو دا لهەرمها مایی هندی گامیشەکی شیری بدوشیت. دەمی نزیکی هەلا پەزی بوو دیت دەقیت سوریت خوینی ییت رژیانە سەر بەفری. تەماشەی راستو چەپیت خوکر پرکیت گوشتی پەزی لسەر بەفری دیتن. زانی کو گورگی هەمی پەزی وی یی خەندقاندیو کەلەشی وان یی پارچە پارچە کریو لڤی کەری پەزی تنی پەزەك یی مای.

شڤانی چاڤ بخەو دەستەکی خو لهنداڤ چاڤین خوگرتو تەماشەی ئاسویەکی دوورکر. بەرخکا بچووك لسەر بەفری پال دابووڤە ئو دەڤو لیوین خوە یین بخوین بتامو خوەشی دئالیستن. سەیین زەخمین پەزی ژی لدورماندورین مها کەتبوونو هەمی لەشی وان دخوینی وەریا بوو.

دگەل چاڤی بەرخکا بچووك کەفتە شڤانی رابوو ئو بلوورە لوورو توورەیی بو لایی شڤانی چو. شڤان کو ژترسی هەمی لەشی وی کەتبوو لەرزی پاشو پاش چوو دڤی هزری بوو کا دی چاوا خول دەستی بەرخکا کو ببووگورگەکی ترسناك قوتارکەت. هەر لڤی دەمیدا فیلەك هاتە بیریو ئەزمانی خو یی چەورونەرم بکار ئینا. (بەرخکا جوانو خوشتڤی، ئارامبە، ئەز هەمی تشتی تیگەهشتم. سوز بیت نهوپیڤە تە مینا چاڤی خوعەزیزو بریز راگرمو تولەیا هەمی زەرەرا ڤەبژیرم).

بەلی بەرخکا بچووك کو ئیدی نەدشیا ئارام بیت بغورینەکی ترسناك بەرسڤ داو گوت: (ئەز ئیدی ئەڤ بەرخکا بچووكو خوشتڤیی تە نینم).

شڤانی بیچارە کو هیڤیدار بوو بڤی ئاوایی بشیت رەحمەکی بیخیتە دلی بەرخکی کەتە پاریانەڤی: (ببوورە، من عەفووکە، من خەلەتکر... بەرخکا خوشتڤی بەرخکا جوان من تو خوش دڤیی).

بەرخکی هەروەسا کو دهاتە پیشو خو بو هیرش کرنی ئامادە دکر گوت: (بەری نهو بەرخك بووم بەلی زوردارییا تە ئەز کرمە گورگ). شڤانی دومین خەباتا خوەکر دا بەلکو فیلەکی ژ بەرخکی بکەتو دیسا بیخیتە داڤی. بدەنگەکی دلسوتی گوت: تو هیشتا ژی بەرخکا ژیهاتیو جوانا منی ئەز دی پشتا تە گرمو ناهیلم گورگین درندەو دەعبەیین دی لەشی تە ژیك بدرینن، وەرە رکا نەگرە.).

بەلی بەرخکا بچووك هەروەسا د غوراندو دهاتە پیش. (شڤانی عەزیز ئیدی زور یی درەنگ بووی) ئەڤە گوتو هیرش برە شڤانی. شڤانی دل هەبوو برەڤیت بەلی نەشیا خو لبن چەنگین بهیزین بەرخکا کو ببوو گورگ قوتارکەت.

کەلبین تیژین بەرخکا کو ببوو گورگ حەفکا شڤانی دراند. خوینا گەرمە شڤانی بەفرا سپییا دەشتی رەنگین کرو ئەڤ گوتە بو پەند ژی گرتنا خەلکی دی لسەر بەفری نڤیسی:

(وە نەکە کو پەز ببنە گورگ) سەدها سالە ئەڤین کو خاندنو نڤیسینی دزانن ئەڤی چیروکی بو زاروكو نەڤیو نەڤیچرکین خو ڤەدگیرن بەلی دیسا ئەم دبینین جار جار مەزن دکەونە خەوا بی هاییێو ب کریارو شولین خو یێکە وە دکەن کو پەز دبنە گورگ....

# دەمە تەقەی خێلۆ و گێلۆ




○ سپێدەهی خۆش خێلۆ، تو چتکەی؟
خێرە؟! بۆ کەردِ؟ چلتە قەومییە؟
● وڵڵا چ نەبیە گێلۆ، هەر خێرە
هۆ ناچتە سەری ژ برسا مرین
دێچمە جییە کێ پارەی پەیدا کەم
دینار فشەیە دێچمە دۆلارا
○ تەللەلا، خێلۆ ب خودێ تو دینی
وە دیارە تە گەنجەکێ دیتی
کا بۆ من بێژە رێکا تە چییە؟
باشە مانۆکە تو پێشمەرگە نیی؟
● وەی بابۆ! وێجا بۆ نابیت زەلام
هندە ساڵە ئەم هە پێشمەرگەینە
هندەك ژی هەتا دوهو بەعسی بوون
نۆکەژ یێت هاتیو خودان روتبەنە

من زانی تو دێ ماڵا خۆ خڕکەی؟
کا بۆمن بێژە، باشە چ بییە؟!
بەلێ ئیدی ئەز وێزار بیم لێرە
ئەوان حزبانە ئەم ئاوس کرین
وەکی خەلکێ دی قەسرا ئاوا کەم
دێ پارا خڕ کەم بفەردەو بارا
باشە کا پارە؟ دێل کەردِ ئینی
بەر هندێ ئەو ڕۆ کەیفخۆش و قیتی
قازانج تێ هەیە یا پیچاتییە؟
چتۆ دێ چێبیت بهێلی وبچی؟
گێلۆ، برسیمەبرسی، ئەز خولام
نۆکەش پشکا مە هەقەرو دەینە
شەو و روژ دگەل سەددامۆکی بوون
دۆلار بۆ وانن خەمژی بۆ مەنه

ئێ برا نەشێم، نەشێم زێدە تر     ئەو مەنسوولانە مال مە خرا کر
○ تەللەلا، کورۆ ب خودێ تو دینی     مسعەو مەن وەرە تو خێلۆ نینی
تە هاگال خۆیە کو یێ چت بێژی     مەن قەت نەتزانی تو هندە گێژی
باشە کەردییە پارە مشە بن     ما چجی هەنە (مەنسوول) لێ نەبن؟
کەسۆ دەورانە، دەورانە هۆیە     هەر جیێی بچیێ وەردش وتۆیە
تەلاق و مسعەو قەت جییەك نینە     تنێ بحەشتێ (مەنسوول) تێ نینە
وێجا برروونێ و مالێ بار نەکە     چدیش نە رێسەو خۆژی سار نەکە
● نە گێلۆ دێچم، مەن فەندەکا هەی     هەگە بزانی تو ژی دێ وەکەی
ئەز بێژم هەگە دەهپازدە رۆژا     بچم ببمە جاش ناو خۆ فرۆشا
پاشی بێمە وە دێ بمە بەرێز     دێ بمە مەنسوول خودان کورسی و مێز
چەندێت وەکی تەش دێ خڕکەمە وە     دا بەریکێت خۆ پێ پڕکەمە وە
تەی، وێجا گێلۆ وەرە دۆلارا!     مەتەکە قەسراو رێزا سەیارا!.
○ تەیلال وێ فەندی، هەی...نەعلەششەیتان     کورۆ تەخێرە خێلۆ یێ نەزان؟
باشە ما شەرەف باشە یا دۆلار؟     سەر بلند باشە یان کو شەرمەزار؟
کوردێ پێشمەرگەو زكبرسی باشە؟     یا دۆلار هەبن ئۆ بێژن جاشە؟
کەس ناموسا خۆ نا دەتە ب دۆلار     تە چ دل هەیە هەی سەفێکی ژار؟!
بەرێ خۆ نەکە وان نوو حەجی یا     خەجە گەڕۆکاو وان کۆلانی یا
ئەو شۆلە، شۆلا مەن و تە نییە     شۆلا مە مێرا پێشمەرگاتییە
● دێ باشە گێلۆ بلا یە وە بیت     بلا ئەو جارەش پ دلێ تە بیت

هەر بژیت پاکی و پێشمەرگایەتی

مرن بۆ دزی و خۆ فرۆشایەتی

مامۆستا رەمۆ

# بــۆ زارۆكـا

ريبوار

قەلا سپى

بهار بوو، تازە ميرگ‌و چيمەن شين ببوون. لجهەكى ژدنيايى دناڤ مـيرگەكـى خـوش‌و پرئاڤ رەفەكى تەيروتەوالا بكەيف‌و خـوشى پيكڤە دژين. هەيامەك بوو ريڤيەكى فـيلباز مالا خو بربوو نزيك وى مـيرگى‌و ژبـەرهندى تەير نەچار بوون نژدەڤانيێ ژميرگا خو بگـرن هە روژى نوبەيا ئيكى بوو.

روژەكـى قـاز روژەكـى كـوتر روژەكـادى تەيرەك دى.

جـهى نـژدەڤانيێ ژى لسـەر دارە چـنارا هـنداڤ كـانيى چـيكر بـوون. دەمـا تـەيرى نژدەڤان ريڤى ديتبا بقيرە قـير هـەڤالين خـو ئاگەهدار دكرن.

لناڤ وان تـەيرا قـەلەكـى جـوان‌و شـوخ‌و شەنگ هەبوو. پەرين قەلى سپى وەكى بەفرى بوون تەيرين دى گەلەك قەدرى وى دگرتن‌و هوسا روژا خو بكەيف‌و خوشى دبوراندن. هەتا روژەكى دور گەهشتە قەلا سپى‌و ئەوژى وەكى تەيرين دى چو سەر دارا چنارى، هند پى نە چو ريڤى هاتە سەر كانيى دا ئاڤى وەخـوت. ديت قەلا سپى يا لسەر چنارى. ريڤى سلاو لى كر. بەلى قەلى چ بەرسڤ نـەدان. ريـڤيى فـيلباز كەتە ئاخفتنى‌و زور بەژن‌و بالايى قەلى هەلگوت. گوتى:

قەلا جوان وەى تو نزانى ئەو پەرين سپى يين تە چەند دەلالن. وەى ئەو دمكى تە چەند ژيهاتييە. بەلى مخابن، مخابن‌و سەد مخابن....

بوان ئاختفنا گەلەك كەيفا قەلى هات‌و گوتە ريڤى: بو مخابن؟

ريڤى گوت: مـخابن كـو تـو هـندە شـوخ‌و شەنگى ئو ئەڤ تەيرە تەناكەنە پاتشايى خو. براستى كو خودى تنى تو بو پاتشايەتيى يـى




چيكرى.! خوزى تو دگەل من باى. خوزى تـو دوستى من باى. هنگى تە دى زانيبا كانى من دى بوتە چ كربا.

هزریت قەلی خرا بوون. گوتە ریڤی: باشە ئەوە ئەز دوستێ تە دیێ بو من چکەی؟

ریڤی پیکەنیو گوت:

هەی قەلا جوان ماتە دڤیت ئەز هەمی تشتا هەرهو ساناهی دروژەکی دا بو تە بیژم. پاشی هنگیش، تو چ دوستی کو ئەڤە چەند روژە من چ نەخاریو زکێ من یێژ برسا تێشیتو تو بو من چناکەی؟ ما ئەز دی بو هەرهو بەلاش ریکا پاتشایەتییێ نیشا تە دەم؟!

قەلێ گوت: باشە تە چ ژمن دڤیت؟

ریڤی گوت: من تنی هەڤکارییەکا گەلەك بچووك ژتە دڤیت. تو تنی دەمەکی چاڤیت خو دانی سەر ئیك. هەتا ئەز دچمە ناڤ مێرگیو تەیرەکی دگرم. تنی هندە من ژتە دڤیت.!

قەلی گوت: نە ئەز وە ناکەم. ئەڤ تەیریت ناڤ میرگی هەمی دوستیت منن خزمیت منن چاوا دی دلی من هێت بهێلم تو وان بخۆی.

ریڤی گوت: هەی هۆ، ئاخر قەلا جوان، خو ئەز هەمیا ناخوم، ئەڤە سووند کو ئەز ژئیکی زیدەتر نائینم. دیسا کەیفا تەیە ها. بەلی ئەز بیژم پاتشایەتی ڤێ هندێ تینیت.

قەلی پیچەك هزرێت خو کرن، ئالیەکی تەختو تانج دهاتنە پیش چاڤا. ژئالیەکی دی کەلەشی شریکی خو ددەڤی ریڤی ددیت. پاشی دەمەکی گوت:

باشە ریڤی، بەلی ژ بیرا تە نەچیت تە سوز یا دای تنی تەیرەکی بگری ها. ریڤی هەمبەر قەلی راوەستاو خو چەماندو گوت: بەلی ئەز خولام ئەمر ئەمری تەیە ئەی پاتشایی تەیرو تەوالا. بەلی ئەز ئەڤرو ئیدی ناهیم سبەهی دی هیمە خزمەت تەو دی ریکا پاتشایەتیی بو تە بیژم، چونکی بسەری تە پاتشایی مەزن کەم ئەز گەلەك نە خوشم.

قەلی کو هزرا پاتشایەتیی دابوو سەری دەنگی خو هستوور کرو سینگی خو ئینا پیشو گوت:

قەیدی ناکەت، ئەمرێ مەژی هاتە سەر هندی کو تو سبەهی بێیە خزمەتا مە. هەرە پاشی دەمەکی قیرە قیرا تەیرا ژمیرگی رابوو. قەلی زانی ریڤی شولا خو کر...

هند پی نە چو تەیرو تەوال هاتنە سەر کانییو بتوورەیی گوتنە قەلی:

بوچی تە ئەم ژهاتنا ریڤی ئاگەهدار نەکرین. وی شیر حەرامی چار کوتر خارن؟!

قەلی گوت: بسەری هەوە ئەز نڤستبووم ئو من های ژێ نەبوو.

لڤی دەمی خەرتەلی گوت: تو درەوا دکەی من ژهەوای رادیت کو ریڤی لیرە لبن دارا چنارێ راوەستا بوو ئو دگەل تە دپەیڤی.

ئەزمانی قەلی تیك ئالیاو نەزانی دی چ بیژیت.

تەیرا تەماشەی بنی داریو قراخ چانێن کانییێ کر. دەوسا ریڤی دیار بوو.

هەمیا زانی قەل درەوا دکەت.

ویجا تەیرا دادگەها قەلی کرو ژبەر هندی کو قەلا سپی بخو تەیر بوو ئو هەڤکارییا دوژمنی تەیرا کر بوو کو ئەڤە ژی خیانەتە بریار

دان پەرو باڵو سەرو چاڤین قەلی رەش کەن.
ئو لناڤ خو دەریخن.
ل وی دەمیڤە هەتا نهو رووبین قەلی وەکی
رووبین هەمی خائینا بیت رەش بووی ئو چوجا
سپی نابیتەڤە. ئو قەل هندی دقارینیت کەس
گوهی خو نادەتە ئاخفتنیت وی.

## کتێـب

مـــن کــتێبم خــوشئەوێ — نــاهێلم لیــم دوور کــەوێ
دوســــــتێکی زور زانـــایە — بـــیدەنگو زور ئـــازایــە
خـــراپـــەی لەلا نـــییە — هــەرچـی هــەیە بـاشییە
بـــاسی ئــیستاو رابــردوو — رێگــەی راست لە داهـا تـوو
هەمووی ئـەو فـیرم دەکـات — ئـــازاو بـــوێرم دەکـــات
هــــەر مــــنالێك بــیەوێ — لە ژیـــان ســـەر بکــەوێ
دەبـــی کـــتێب بـخوێنێ — تـــاکــو نــەزان نــەمێنێ
پــــەرتووك دوســتی مــناڵە — بـــێ دوست ژیـان بــەتاڵە

□ □ □

## زاروکین قەنج

زاروکین هێژا نـهو پـیڤە لهـەردەمو چـاخان دی چـاڤی گـوڤاری لوەبـیت ئـو دی قـەنجیو خرابییین وە دڤی بەرپەریدە هیت نڤیسن. دەما ئێك ژوە بی خەبەریا دایبابین خوە بکەت یان رکا لسەر تشتەکی بگریتو بغەنزریت دایبابین وە دی بو مە نڤیسن ئو ئەم ژی دی ناڤین وە دگەل ناڤی زاروکین نە قەنج ئو نە گوهدار نڤیسن لی ئەگەر هوون گوهدارییا دایبابین خوە ژی بن ئەم دی ناڤی وە مینا زاروکەکی قەنج دڤی بەرپەریدا چاپ کەین ئو دی هەوە خەلات کەین.

ئەم دزانین هوون هەمی زاروکین قەنجو گوهدیرنو ژئەمری دایبابین خوە دەرناکەڤن ژبـەر هیندی ژی دبێژینەوە هوون هەر بژین گەلی زاروکین مشەختی. هوون هەر بژین.

□

بیائید به‌شی دووهه‌م

# کُـردی بنویسیم

در قسمت اول این بحث که درشمارهٔ قبل (گزنگ) آمده بود شما خوانندهٔ محترم تا حدی با چگونگی نگارش املای کردی آشنا شدید. حال به دنبالهٔ مطلب توجه فرمائید:

در الفبای کردی حروفی وجود دارند که درفارسی یا صدای این حروف اصلا نیست یا اگر باشد حرفی برای آن درنظر گرفته نشده است. این حروف عبارتند از:

۱ـ (ڕ) این حرف درزبان فارسی تلفظ میشود ولی به صورت (ر) نوشته میشود، تلفظ آن همانند (ر) ولی کمی پرصداتر است. مثال:

بُڕان ــ بوڕان، تـڕ ــ ته‌ڕ

درزبان کردی اگر حرف (ر) در آغاز کلمه باشد همیشه (ڕ) تلفظ میشود.

۲ـ (ڤ) برای تلفظ این حرف باید نوك دندانهای فك بالا با لب پائین تماس داشته باشد. درفارسی اهالی تهران در تلفظ کلمه‌های (اولین) یا (ورامین) به جای (و) این حرف را تلفظ میکنند. مانند (ئه‌ڤه‌لین) یا (ڤه‌رامین) ـ مثال در زبان کردی:

مروڤ، هه‌ڤال، ده‌ڤه‌ر.

۳ـ (ڵ) صدای این حرف در زبان فارسی وجود ندارد وبرای تلفظ آن حرف (ل) باید غلیظ‌تر بر زبان رانده شود. اگر (الله) را مانند اعراب تلفظ کنید (ل) صدای (ڵ) خواهد داد. مانند الله ــ ئه‌ڵڵاه.

مثال در زبان کردی:

مناڵ، کاڵ، گوڵ، دڵ.

توجه:

زبان کردی به جز حروفی که در قسمت قبل وحال نام بردیم دارای صداهای دیگری است که هنوز حروف مشخصی برای آنها تعیین نشده است. ولی شما میتوانید از قاعدهٔ پیشنهادی زیر پیروی نمائید.

(پ) صدای این حرف در زبان فارسی وعربی وجود ندارد وبرای تلفظ آن باید هنگام تلفظ حرف (پ) هیچگونه هوایی از دهان خارج نشود. مثال در زبان کردی: پا (پس)، پاوان (قُرُق)

(ت) صدای این حرف معادل (ط) در زبان عربی است. مانند:

طارق ــ تارق، طبل ــ ته‌بل، طوس ــ تووس.

مثال در زبان کردی:

ته‌یسین (برق زدن)، تام (مزّه)، ته‌زی (خنك).

(ز) صدای این حرف معادل (ظ) در زبان عربی است، مانند:

ظفر ــ زه‌فه‌ر، ظرف ــ زه‌رف.

مثال در زبان کردی: زاوا، زه‌لام، زانین.

(س) صدای این حرف معادل (ص) در زبان عربی است، مانند:

صبر ــ سه‌بر، صُوت ــ سه‌وت.

مثال در زبان کردی: سه، سابوون، وه‌سا.

(ك) معادل صدای این حرف در زبان فارسی وعربی وجود ندارد.

مثال: ــ که‌ر (تکه، قسمت) درحالیکه اگر نوشته شود (که‌ر) معنای (الاغ) میدهد. یا (که‌ڕ) که به معنای

(ناشنوا) است.
ــ کۆوارگ (قارچ)

بنابراین میتوانیم بگوئیم زبان کردی در اصل دارای حروف زیر است.

ئ. ب. پ. پ̆. ت. ت̆. ج. چ. ح. خ. د. ر. ڕ. ز. ز̆. ژ. س. س̆. ش. ع. غ. ف. ڤ. ق. ك. ك̆. گ. ل. ڵ. م. ن. و. ه. ی.

البته شما فعلا میتوانید از حروف (پ̆. ت̆. ز̆. س̆. ك̆) صرف نظر کنید چون متأسفانه رعایت نمی‌شوند. همچنین صداها در زبان کردی با حروف زیر نشان داده میشوند.

(ا، ه، ی، ێ، و، ۆ، وو) مثال:

(ئا، ئه، ئی، ئێ، ئو، ئۆ، ئوو).

همانطورکه ملاحظه میکنید حروف الفبای کردی یکی از کاملترین الفبای زبانهای زندهٔ جهان است وهر آنچه درگویش تلفظ میشود با حروف نیز به نگارش درمی‌آید. املای کردی بسیار سهل وآسان است چرا که هر لفظی حرف مخصوص به خود دارد ولذا نویسنده دچار اشتباه نمی‌شود. حال متن زیر را برای شما به فارسی واملای کردی نوشته ونیز ترجمه می‌نمائیم.

... من واقعهٔ مرگ پدرم را به یاد نمی‌آورم، همینقدر به خاطرم هست که پس ازمرگ او یکی دو سالی تحت تکفل مادرم ومادربزرگم (مادر پدرم) در قریهٔ سریل‌اباد از توابع مهاباد بسر بردیم تا مادر جوان من به یکی از بیگزادگان ایل فیض‌الله بیگی به نام محمود بیگ چاغرلو شوهر کرد ومن وخواهرم را به گیس مادربزرگم بست ورفت. صحنهٔ بردن مادرم را ازقریهٔ سریل‌آباد به چاغرلو خوب به خاطر دارم که با کجاوه بردند. خواهرم کوچکتر از آن بود که چیزی ازماجرا بفهمد، ولی من که می‌دانستم از آن پس بی‌مادر خواهیم شد همینکه کجاوه عروس وسواران همراهش پانصد قدمی از آبادی دور شدند مرا از اتاقی که درآن حبسم کرده بودند تا شیون راه نیندازم آزاد کردند. آن وقت دوان دوان به دنبال کجاوه افتادم وگریه وناله سردادم ولی چیزی نمانده بود به آنها برسم که خار درشتی در پایم خلید واز رفتار بازماندم گریه‌کنان نشستم وتا خار را از پا درآوردم کاروان چندان دور شده بود که دیگر امید رسیدن به آن نبود. ناچار لنگان لنگان به ده بازگشتم....

ازخاطرات استاد محمدقاضی‌در
کتاب (محمدقاضی کیست وچه کرد)

همین متن را با املای کردی در زیر میخوانیم.

مەن واقعەیێ مەرگێ پدەرەم را بیاد نەمی‌ئاوەرەم، هەمینقەدر بخاترەم هەست کێ پەس ئەز مەرگێ ئوو یێکی دوسالی تەحتێ تەکەفولێ مادەرەمو مادەر بوزورگەم (مادەرێ پدەرەم) دەر قەریەیێ سریل ئاباد ئەز تەوابعێ مەهاباد بسەر بوردیم تا مادرێ جەوانێ مەن ب یێکی ئەز بێیگزادگانێ ئیلێ فەیزوللا بێیگی بنامێ مەحموود بێیگی چاغەرلوو شۆوهەر کەردو مەنو خاهەرەم را بگیسێ مادەربوزورگەم بەستو رەفت. سەحنۀ بوردەنێ مادەرەم را ئەز قەریەی سریل ئاباد بچاغەرلوو

خووب بخاتر دارەم کێ با کەجاڤێ بوردەند. خاهەرەم کووچکتەر ئەزێان بوود کێ چیزی ئەز ماجەرا بفەهمەد، وەلی مەن کێ میدانستەم ئەزئان پەس بی مادەر خاهیم شود هەمینکێ کەجاڤەیێ عەرووس و سەوارانێ هەمڕاهەش پانسەد قەدەمی ئەز ئابادی دوور شودند مەڕا ئەز ئۆتاقی کێ دەرئان حەبسەم کەردێ بوودەند تا شیوەن ڕاه نەیەندازەم ئازاد کەردەند، ئان وەقت دەوان بدونبالێ کەجاڤێ ئوفتادەمو گرییێو نالێ سەردادەم وەلی چیزی نەماندێ بوود بئانها بڕەسەم کێ خارێ دوروشتی دەر پایەم خەلیدو ئەز ڕەفتار بازماندەم. گرییێکونان نشەستەمو تا خار ڕا ئەز پا دەرئاوەردەم کارڤان چەندان دوور شودێ بوود کێ دیگەر ئومیدێ ڕەسیدەن بئان نەبوود. ناچار لەنگان لەنگان بدێه بازگەشتەم.

□ □ □

حال ترجمهٔ کردی متن:

... مـن کـارەساتی مـەرگی بـاوکم وەبیرناهیتەوە، هەرهێندەم وەبیرە کە دووای مـەرگی ئـەو یـەك دووساڵیك‌مان لە ژێر چاودێری دایکمو داپیرم (دایکی باوکم) لە گوندی سریل ئاوای سەر بە مەهاباد بردە سەر تا دایکی جحێلی من شووی بە یەکێ لە بەگزادەکانی هۆزی فەیزوڵلا بەیگی بە ناوی مەحموود بەگی چاغەرلوو کردو منو خوشکمی بە کەزیی داپیرم بەستو رویی. دیمەنی بردنی دایکم لە گوندی سریل‌ئاوا بۆ چاغەرلوو چاك لە یادمە کە بە کەژاوە بردیان. خوشکم گچکەتر لەوە بوو کە شتێك لە رووداوەکە تێ بگات، بەڵام من کە دەمزانی لە وە بە دووا بێ دایك دەبین هەر کە کەژاوەی بووكو سوارەکانی هاوریی پێنسەد پێنگاوێك لە گوند دوور بوونەوە منیان لەو هۆدەیەی کە تێیا حەپس کرا بووم تا شینو شەپور نەکەم ئازاد کرد. ئەوکاتە بە غارە غار بە دووای کەژاوە کەوتمو گریامو ناڵیم، بەڵام هێندەی نەمابوو بیانگەمی کە ئستریەکی ئەستوورم دەپێ راچوو لە رۆییشتن مامەوە.

بە گریان دانیشتمو هەتا ئستریم لە پێ دەرهێنا کاروان هێندە دوور ببوو کە ئیتر هیوای پێ‌گەییشتنی نەما بوو. لە ناچاری شلەشل بۆ گوند گەرامەوە...

لە بیرەوەرییەکانی ماموستا محەممەدی قازی لە پەرتووکی (محمدقاضی کیست وچه کرد).

# زاراوەکانی جوگرافیا لە فەرهەنگی هەنبانە بورینە

فوئاد فەیلی

● کوردی زمانیکی دەولەمەندە، بو شارستانیەتی ئەمرو لە زاراوەکانی زانستی جالە هەر بواریکەوە کم ناهینی. بە پیچەوانەی هزری هەندی نەزان کە پییان وایە زمانی کوردی لاوازە. من کومەلیك زاراوەی جوگرافیاو کەش دەخەمە رووکە لە فەرهەنگی هەنبانە بورینەی ماموستا هەژار دەرم هیناوە. جا ئـەوە بـەشی یـەکـەمەو لە دەرفەتیکی تر بەشی دووهەمو سیهەمیش ئامادە دەکەم:

تابگە: لنگرگاه

تافیتە، تافگە، هەڵدێر، سوپێل: آبشار

تەپۆکە: تپۀ کم ارتفاع

تەپومژ: مه غلیظ

تەپونم: هوای بارانی مه آلود

جەوەرە، جەبەرە: سرمای سخت

چایەر، لەوەڕگە: مرتع

چەخت: کوه مرتفع وسخت

خەمرك: واحه

دڕنال: کانال

دورگە، ناقرە: جزیره

دەریا: دریا

دەشت: دشت

رزد: سلسله جبال

رەدە: جای سخت وسنگلاخی درکوه

رەورەوك: سراب

رووبار: رودخانه

زاندۆر: یخچال طبیعی

زخدان: شنزار

زخور: سنگریزه

زڤیرك: گردباد

زنار: صخره عظیم، کوه سنگی

زوورچك: تپه ماسه‌ای کوچک

زەنەك: باتلاق

شەپۆل: موج

ساخور: جایی در جنگل که درخت ندارد وآفتاب میزند

سخار، سخره: زمین غیر قابل کشت

سێلەك: زمین شورەزار

سورم: زمین بی گیاه سخت

سیسل، گەوە، بردار: پستی وبلندی کوهستان

شەڕگە: وسط ژرفنای رودخانە

فرتوونە: طوفان دریائی

فوونك: هوای معتدل

ڤار، زۆزان: ییلاق

قراج، قاقر: زمین لخت ازگیاە ـ لم‌یزرع

کاجینە: دشت ماهووری

کرکای کرك: جلگە و بیابان

کرموزی: مە غلیظ

کەرپە: سد

کەرکە، کەرگراف، گراڤە: شبە جزیرە

کەڕەهوو، کەڕەهۆر: باد گرم شدید

کەش، تەوشك: جوّ زمین

کەفر: صخرە

کۆمك، کاکێشان: کهکشان

کێو، چیا: کوە

گراف: جزیرە، باتلاق

گژلۆك: تگرگ ریز

گەبەڵە: جنگل انبوە

گەڤری، بستو، زینو: یال کوە

گەڤل: موج بزرگ، سپیدە دم

گوژمە: تپە

گولم: آب راکد ژرف

گیس: رشتە کوە

لاباسك: ستیغ کوە

ڵات: صخرە عظیم در کوە، تختە سنگ

لادر، بوودر، رەهۆڵ: شکاف درسنگ کوە

لاوچ، کەنداو: خلیج

ناڤدەشت: دشت محصور بە کوهستان

ناڤروو، ناڤرۆ، ناڤرۆنك: جزیرە واقع در رودخانە

نەغمە، رەهەند: نقب، راە زیرزمینی

نووهیڤ: هلال

وەنگە: جای سد

هێری: زمین ناهموار

□ □ □

# بەیانی یازدەی ئازار

... لە راستیدا کوردەکان بە درێژەی چواریکە سەدەیەك بە پشوو درێژیو خوراگری توانییان حکوومەت لە داخوازەکانیان تی بگەیینن. ترسمان لەوە هەبوو کە، نەکەی بەغدا بە دەستی مەلامستەفا بگیریو لە چەندمانگی بەر لە بەیانی یازدەی ئازار ناوەند ژمارەی قوربانییەکانی ئیمە لەو شەرە (شەری کوردستان) ٣٢٥ کوژراوو بریندار لە هەفتە بوو.

دووای ئەوەی هەولەکان لە دوومانگی بەر لە یازدەی ئازار بو لە ناوبردنو قەلاچو کردنی بەرخوەدانی کوردەکان بە ئاکام نەگەییو لەو کوششانە بی ئاوات ماینەوە، بریارماندا کە هەندی وتوویژ لە گەل مەلامستەفا بو کوتایی هینانی شەر ئەنجام بدەین چونکە تەواو بوونی ئەم شەرە هەلیکی دریژتری بو مانەوەی حکوومەت دەرەخساند.

ئاواتی ئیمە لەم وتوویژانە ئەوە بوو کە گشت داخوازەکانی مەلای پی بدەینو لە هەلیکی گونجاو تیروری بکەین یا کوودەتایەکی نیزامی لە دژی ریك بخەین. بەلام ئەو، ژیرترو بە هیزتر وخاوەنی رابردوویەکی دریژتر لە جموجولی سیاسیو نیزامی بوو. بویەش لە بەندیکی نهینی لە پەیمانەکە قبوولمان کرد کە ٢٥ هەزار سەرباز لە پیشمەرگەکانی ئەو، چەکدار بمینن، بەلام بریارمان وا بوو کە لەو هەلەی کوتایی شەر کەلك وەرگرینو ژمارەیەك لە سەربازانی جەلال تالەبانی کە دوژمنی سازکراوی مەلا بوو رەوانەی ناو ریزی پیشمەرگەکانی مەلا بکرینو بە دەستی ئەوان مەلا تیرور بکەین.

بەلام حزب هەرگیز نەی دە توانی گشت بەندەکانی پەیماننامەی یازدەی ئازار بە ریوە ببات چونکە دەبی یەکی لە گەورەترین ناوچە نەفتییەکانی عیراق واتە کەرکووك بخاتە ژیر دەسەلاتی کوردەکانو ئەوەش بە مانای رووتو قووتیو هەرەس هینانی حکوومەتە. لیرە بوو کە حزب بریاری دا یەکی لەو دووگلالەی خوارەوە بە ریوە ببات.

١ـ راگەیاندنی خاو کردنەوەی پەیمانییازدەی ئازار ویرای هیرشیکی بەر فراوانی نیزامی سپای عیراقو کوتایی هینان بە کیشەی ئوتونومی کە مەلا داوای کرد بوو.

٢ـ نیشتە جی کردنی بنەمالە عەرەبەکان لە ناوچە کوردنشینەکان بەر لە ئەنجامدانی سەرژمیری گشتی کاریکە، کە بواری چەسپاندنی دەسەلاتداریتی لە ناوچە بو حزب بە شیوەیەکی یاسایی دابین دەکات.

لە راستیدا حکوومەتی ئیمە قەت گومانباشی بو کوردەکان نەبووەو قەتیش ناتوانی لە داهاتوو بویان دلسوز بیو کوردەکان لە داهاتوو پەی بەو شتە دەبەن ئەگەر تا ئیستا لیی تی نەگەیی بن....

بەشیك لە بیرەوەرییەکانی حەردان تکریتی قوماندارو فەرماندەی پیشووی هیزی هەوایی عیراق.

